د. أحمد عبدالعزيز محمود

كورد

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

له كتێبی "اليعقوبی" و "الطبری" دا

وەرگێڕانی

محمد حسن سەرگەینێڵی

اليعقوبي الطبري

التفسير

کورد لە کتێبی

(الیعقوبی) و (الطبري)دا

کورد
لە کتێبی
(الیعقوبي) و (الطبري)دا

نووسینی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
د. احمد عبدالعزیز محمود
کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین

وەرگێڕانی

محمد حسن سەرگەینیڵی

کورد لە کتێبی (اليعقوبي) و (الطبري)دا

نوسینـــــــــــی	د. احمد عبدالعزيز محمود
وەرگێڕانـــــــی	محمد حسن سەرگەینێڵی
بڵاوکردنـــــــەوەی	نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
خـــــــــــەت	نەوزاد کۆیی
نەخشەسازی بـەرگ :	أمين مخلص
نەخشەسازی ناوەڕۆك:	جمعه صديق كاكه
نـۆرە و سـاڵی چـاپ:	یەکەم ١٤٣٦ك - ٢٠١٥ز
تـــــــیراژ:	١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپیاردنی (٢٤٩) ساڵی ٢٠١٤ پێدراوە

©

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە

نوسینگەی تەفسیر

بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس

Mob: +964 750 460 51 22

Tel: +964 750 818 08 66

www.tafseer-pub.com

tafseeroffice@yahoo.com

چەند سەرەقەڵەمێك

(بەناوی خوای بەزەیی زۆر و بەردەوام)

دوای ئەوەی ئاشنایەتیمان لەگەڵ نووسەری بەڕێز پەیدا کرد، هەمان ڕۆژ ڕووی لە ئێمە نا، وەکو نووسەر و وەرگێڕ، ئەم کتێبەی ئەو بۆ سەر زمانی شیرینی کوردیی وەربگێڕین، کە هەڵێنجاوی دوو کتێبی مێژوویی گەورەی ئیسلامی (التأريخ الطبري) و (التأريخ اليعقوبي).

ئێمە بێ ڕامانی ئەم داوایەی ئەومان قبوڵ کرد، چونکە (مێژوو) خۆی ئاوێتەی ژیانە، هەگبەی ئەزموونی ڕۆژگارە، مێژوو چەند پرەنسیپەکی هەیە نەگۆڕە، وەکو یاسایە سروشتییەکان دووبارە دەبنەوە، مێژوو ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو پێکەوە دەبەستێتەوە. میللەتی کوردیش، گەر بیەوێ لەناو گێژاوی سیاسی و تائیفی ئیمڕۆ خۆی رزگار بکات و کەشتی خۆی بەرەو کەناری ئارامیی ببات، دەبێ سوود لە ڕابردووی مێژووی خۆی وەربگرێت. ئەو هەڵە سیاسییانەی لە سەردەمی ئومەوییەکان و عەبباسییەکان کردوویەتی، نابێ دووبارەیان بکاتەوە.

بێگومان سیاسەتی ئیمڕۆی عێراقیش، گەر هەمان هەڵە سیاسیەکانی ئومەوییەکان و عەبباسیەکان دووبارە بکاتەوە، ئەویش بە دەردی ئەوان دەچێت و دەڕوخێت...

لەم کتێبەدا سێ لایەن دەبینی لە سەردەمی ئومەوییەکان و عەبباسییەکان دا لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەوری جموجۆڵ دەبینن و داوای مافی خۆیان دەکەن، کوردەکان و عەلەوییەکان و خەواریجەکان، کورد لەم نێوانەدا جار هەیە بە تەنیا و جار هەیە لەگەڵ خەواریجەکان و جار هەیە لەگەڵ عەلەوییەکاندا رێك کەوتووە بۆ روخاندنی ئومەوییەکان و عەبباسیەکان، بۆ لابردنی ستەمی ئەوان و بەدەست هێنانی دەسکەوتی ئایینی و سیاسییەکانی.

لە زۆرێ لەو هەولانەیدا بەهۆی هەڵەی سیاسی شکست خواردوو دەبێ، نموونەمان زۆرە لەو بوارەدا، کە لەم کتێبەدا دەیانخوێنینەوە.

وەرگێڕ ٢٤/ ٥/ ٢٠١٢

كورد لە كتێبی مێژوویی (یەعقوبی)دا

مردن (٢٩٢ك/ ٩٠٥ز)

پێشەكی

زیادڕەوی ناكەین، ئەگەر بڵێین شارستانی ئیسلامی، یەكێكە لە دەوڵەمەنترین شارستانیەكان لە ڕووی كۆكردنەوە و نووسینەوەی مێژوودا، بەشێوەیەك هەر لێكۆڵەرێكی زانستی مێژووی ئیسلامی تاووتوێ بكات، لە زۆری ئەو هەموو نووسین و كۆكراوە مێژووییانە، واقی وڕ دەمێنێ، كە لە جۆرەها بواردا نووسراونەوە و هەر چاخێك لە چاخەكانیش، مێژوونووس و سەرچاوەی تایبەتی خۆی هەیە.

گومانی تێدا نیە گرنگی ئەو بڕە بێ هەژمارەی نووسراوە مێژووییە عەرەبی و ئیسلامیانە لەوەدا خۆی حەشار دەدات، كە زۆرێك لەوانە گشت لا گرەوەیان هەیە لە باسكردنی بابەتە مێژوویەكاندا.

مەبەست لە گشت لاگرەیی ئەوەیە، ئەو سەرچاوە مێژوویانە تەنیا مێژووی گەلێك، یان ڕەگەزێ لە دانیشتوان جەخت ناخاتە سەر، كە لەسەر حیسابی گەلان و ڕەگەزەكانی تر بێت، وەك ئەوەی لەگەڵ (كورد) دا هاتۆتە ئاراوە، بەڵكو ئەو كۆكراوە مێژووییانە، هەوڵیان داوە هەموو گەلان مافی خۆی بدەنێ، ئەزموونی تەواوی میللەتان و گەلان باس بكەین، نەخوازەلا ئەو گەلانەی چوونە ژێر بەیداخی ئیسلام و دەوڵەتەكەیەوە و، لەسەر عەرەب چەقی بەستووە.

ڕوونترین نموونه لەسەر تێراسای گشتگیریی له تۆمارکردنی مێژوودا له (مێـژوی (یەعقوبی))دا بەرجەسته دەبێ، که له (احمد) کوڕی (ابی یعقوب) کوڕی (واضح)ە، ئەو مێژوو نووسه به ((یـەعقوبی)) ناسـراوه لـه (٢٩٢ك/ ٩٠٥ز) کۆچـی دوایـی کردووه، ئەمەش لەو کتێبانـه دادەنـرێ، کـه گشـت لاگـرەوەن لـه تۆمـارکردنی مێژووی ئیسلامیدا.

بێگومان کورد له ناو کۆمەڵگای ئیسلامییدا، دوای موسڵمان بوونیـان شـوێنی خۆیان هەیه، لەبـەر ئـەوه شـتێکی نـامۆ نییـه سەرچـاوه ئیسـلامییەکان بەهـەر شێوەیەك بێ، شتێك دەربارەی مێژووی ئەو گەله تۆمار بکەن، گەر لەگەڵ گـەلانی تری وەکو عـەرەب و فارس بەراوردی بکەین، مێژووی (یەعقوبی) لەو بارەوه ڕێـزی پێشەوه دەگرێت.

لەم توێژینەوەیەدا پێگەی کورد له کتێبی ((یەعقوبی)) دا هـەوڵی دەرخسـتنی دراوه، ئەمەش له ڕێگای هەڵێنجانی ئەو هەواڵانه و پەیوەسته بـه کـورد و زێـد و نیشتمانیانەوه. گرنگی ئەو توێژینەوەیه لەوه دایه هەنگاوێکی پێویسته بۆ تـاوتوێ کردنی مێژوی کورد له چاخه یەك له دوا یەکەکاندا، به مەبەستی زانـینی ئاسـتی بەشداری کردنیان له ڕوداوه مێژووییەکان و دامەزراندنی شارستانییەکدا.

توێژینەوەکەم کردووه به دو بەشی سەرەکییەوه:

بەشـی یەکـەم: پێناسـەی (یـەعقوبی)ی و نـاوەڕۆکی کتێبەکـەی و ڕێبـاز و مەسەلەکانی تری پەیوەست بەو مەسەلەوه.

بەشی دووەم: تەوەری هەره گرنگه له تاووتوێکردنەکەدا، باسی کورد دەکات لـه مێژوی (یەعقوبی)دا هەر له چاخه دێرینەکانەوه.

زیـاتر جـەخت دەخاتـه سـەر کـورد لـه سـەردەمی عەبباسـیدا لـه ڕێگـای ڕونکردنەوەی سیاسەتی عەبباسیەکانەوه له بارەی کوردەوه، پاشان ئەو بزووتنەوانه

باس دەکات لێرە و لەوێدا لە کوردستاندا لەو چاخەدا بەرپا کراون، دوایی ئەو بزوتنەوانە دەخاتە ڕوو، کە کورد لە دژی خەلافەتی عەبباسیدا پێوەیان هەڵساوە، بە تایبەتی لە ڕۆژانی (هارون ڕەشید) و (مەئمون) و (واثق) و (موتەوەکیل) دا، بە مەبەستی ڕزگار بوون لەدەست چەوسانەوە و ستەمی کاربەدەستان و والیەکانی عەبباسیەکاندا، لەبەر ئەوە پێشوازییان لێ کردوون و چوونە ناویانەوە.

لێكۆڵینەوەی یەكەم

یەكەم: پێناسەی (یەعقوبی) و كتێبە مێژووییەكەی:

(یەعقوبی) بە ئەحمەد كوڕی ئەبی (یەعقوبی) كوڕی جەعفەركوڕی وەهەب كوڕی (واضع الإخباري) عەبباسی ناسراوە.

(یەعقوبی) نەژادی عەبباسی هەڵدەگرێ[1]، چونكە دەدرێتە پاڵ بنەماڵەی عەبباسی دەسەڵاتدار. ئەو نەژادە لە (الواضح)ی باوكییەوە بۆی ماوەتەوە، كە یەكێ بووە لە مەوالییەكانی خەلیفە (ابی جعفر المنصور) (مردن١٣٦- ١٥٨ ك)[2]، یەكێ بووە لە نزیكانی ئەو و لەو كارە گرنگانەی پێی سپێردراوە متمانەی پێ كراوە [3].

(یەعقوبی) لە شاری (بەغدا) چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و لەوێش گەورە بووە، بەڵام بەزوویی بۆ (ئەومینیە) بەجێی هێشتووە[4].

تافی لاوی لای (طاهر)یەكان بەسەر بردووە[5]، لە ڕاست بەرواری كۆچی دوایی (یەعقوبی) بۆچوونی جیاواز هەیە، (یاقوت الحموی) پێی وایە لە ساڵی (٢٨٤ك/ ٨٩٧ز) مردووە [6]. هەندێ كتێبی نوسراو و ئینسكلۆپیدیا و سەرچاوە مێژووییە نوێیەكان پشتییان پێ بەستووە[7].

بەڵام ئەگەر بڕوانینە کتێبی (مشاكلة الناس لزمانهم) نووسراوی یعقوبی، لێکۆڵەر دەبینێ، مێژووی خۆی بە خەلیفە (المعتضد) کوڕی (احمد) کوڕی (المتوکل) کۆتایی هێناوە، کە لە (٢٤٧ك/ ٨٦١ز) کۆچی دوایی کردووە، ئەمە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە، کە (یەعقوبی) لە نزیکەی (٢٩٢ك/ ٩٠٥ز) کۆچی دوایی کردووە.

(یەعقوبی) پیشەی نووسینی گرتە ئەستۆ، بە تایبەتی لە دەڤەری (طاهر)یەکان، ماوەیەکی زۆر لەوێ ماوەتەوە [٩]، (یەعقوبی) بە گەشتیارێکی فرە سەفەر لەقەڵەم دەدرێ، بە چەند گەشتێکی زۆردژوار زۆر هەڵساوە، لە هیندستانەوە بۆ مەغریب و وڵاتانی تر ڕۆیشتووە.

لەماوەی ئەو گەشتە زۆرانەدا، زانیاری مێژوویی و جوگرافیی زۆر کۆدەکاتەوە، ناتوانرێ مرۆڤ پێویستی پێیان نەبێت [١٠].

زانراوە (یەعقوبی) مەزهەبی ئال و بەیتی دوانزە ئیمامی هەڵدەبژێرێ، باپیرە گەورەی (واضح) مەزهەبی شیعەی ئیمامی قبوڵ کردووە و بۆی دڵسۆز بووە، وەك لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە [١١].

کوڕەکان و نەوەکانیشی ئەو بڕوایەیان هەڵگرتبوو، (یەعقوبی)ش، تا سەر ئێسقان لە ڕووچوو بوو، بەڵام تاڕادیەك مام ناوەند بوو. ئەو ڕاستییانە لە نووسراوەکانیدا دەگوێزێتەوە، لە مێژووکەیدا زۆرترین ڕەنگدانەوەی هەیە، لە کاتی وەفاتی ئیمامەکاندا ، بە درێژی باسی هەڵومەرجی ئەوانی کردووە.

لە کاتێکدا باس لە ئیمام عەلی دەکات (کرم الله وجهه) ،کەلەو سێ کەسانەی دادەنێ لە سەر دەستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) موسڵمان دەبن [١٢].

لە کاتێکدا ڕووداوی (سەقیفە) دەگێڕێتەوە، لەگەڵ باسی ئەبو بەکری سەدیق (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دا باس دەکات، زۆری نەمابوو (عەلی) کاندید بکرێ، لەبەر ئەوەی لە موسڵمان بووندا لە ڕێزی پێشەوە بوو، بەنو هاشمەکان لە خەڵکی تر

لەپێشتر بوون[13]. ئـەم مەسـەلانە و مەسـەلەی تـریش ئـەوە پیشـان دەدەن، ئـەو دەستی بە ڕێبازی ئال و بەیتەوە گرتبوو و شیعە بووە.

(یەعقوبی) ئاستێکی هزری بەرزی هەبووە، زانیارییەکی فـراوان و هەمەلایـەنی هەبووە، ڕۆشنبیرییەکی گشتگیریی هەبووە، توانیویەتی بەهرەیەکی زانستی زۆر بـە لێکۆڵەران ببەخشێ، ببێتە بەردی بناغەی هزری وەچەکانی داهاتوو[14].

ناودارترین نووسراوە زانیارییەکانی، بەپێی باسکردنی (یاقوت الحموی) ئەوانەن:

١- کتێبی مێژوویی گەورەی ناسراو بە (تأریخ الیعقوبی).

٢-کتاب البلدان.

٣-أسماء الامم السالفة.

٤-مشاکلة الناس لزمانهم.

کتێبی یـەکجار زۆرەو زۆربەشـیان چـاپکراون، ، تـەنیا کتێبـی (اسمـاء الأمـم السـالفة) نـەبێ، لـە ڕیـزی کتێبـە لەدەسـت چـووەکان دادەنـرێ ، کـەتا ئێسـتا دۆزراوەتەوە.

دووەم: مێژووی (یەعقوبی) لە ناوەڕۆك و ڕێبازیدا

ئـەم کتێبـەی بـە گـرنگترین کەلـەپوری (یـەعقوبی) دادەنـرێ لـە نووسـیندا، نوسراوەکە پوختەیەکی بە سوود و گشتگیری مێـژووی جیهانییـە بـەر لـە هـاتنی ئیسلامدا، ئەنجا مێژووی ئیسلامی تا ساڵی (٢٥٩ك/٨٧٢ز) باسکردووە.

ئم کتێبە لەبەشی یەکەمی چەند بابەتێکی لەخۆ گرتووە، بە چیرۆکی (تـەورات) دەستی پێکردووە، دوایی وەسفی چوار (ئینجیل)ەکەی کردووە، تیشـکی خسـتۆتە

سەر مێژووی عەرەب بەر لە ئیسلامدا، هاوکات ناچار بووە هەندێ بابەتی ڕۆشنبیری گشتگیر باس بکات، لەکاتێکدا لەبارەی مێژووی سیاسییەوە ، شتی کەمی لەبەر دەست دابووە، لە بارەی گریکییەکان و هیندییەکان و عەرەب و هەندێ بابەتی گشتیی قسەی کردووە، نموونەی کتێبەکانی (ئەرستۆ) و (ئەبۆقرات) و شاعیرانی جاهیلی(١٦).

بەپێی ڕیزبەندی زەمەنی کەسایەتییەکان ڕێکی خستوون، وەکو پادشایان و پێغەمبەران و کەسایەتییەکانی تر. بەمەش (یەعقوبی) ئاسۆی ڕێگا بۆ مێژوونووسان دەکاتەوە بۆ فراوانکردنی زانیاری مێژووییان، چونکە خۆی بە هیچ قەید و بەندێکەوە نەبەستۆتەوە، لێرە و لەوێ کاری تێ بکات. لە ئاسۆیەکی ڕۆشنبیری فراوانی ڕوانیوە، بۆیە تێبینی دەکرێ ڕاپۆرتێکی درێژی لەبارەی دەستکەوتی گریکی زانستی و هزری تایبەت کردووە(١٧).

((یەعقوبی)) هەوڵی داوە شێوازی لە پێشتر دانان هەڵبژێرێ لەنوسینی مێژووی ئیسلامیدا، دوای وردبوونەوە و لەبێژنگدانی گێڕانەوە و بەسەرهاتەکانی هەڵیبژاردون، بینیویە مێژونووس و ژیاننامەنووسان لە گێڕانەوە و هەواڵەکان و ساڵەکان و تەمەنەکاندا یەکڕانین، بۆیە هەوڵیداوە لێکیان بدات و کۆی گێڕانەوەکان وەربگرێ.

لەبەر ئەوەی (مەرجلیون) لەبارەیەوە گوتویەتی: (بەنادیاری وەسفی ڕووداوەکانی کردووە)(١٨). چونکە ئەو هەلەی نەبووە ڕاڤەی تەواوی هۆیەکان بکات، ئەو سەلیقە گەورەیەی نەبووە، کە ئەو کارە گەورانە هەڵبژێرێ، کەسایەتی ئەو لە گێڕانەوەدا بخەنە ڕوو.

(یەعقوبی) ڕێبازێكی نوێی دۆزییەوە بۆ نووسینەوەی بابەتە مێژووییەكان و پاداشتی ڕاستییان، هەڵسا خۆی دوورگرت لە ڕێبازی (الاسناد) واتە: بڵێ فلان لە فیساری گێڕاوەتەوە، چونكە بەر لەو، (الاسناد) لە مێژوودا لە مەسەلە گرنگەكاندا دامەزرابوو(١٩).

بەكارهێنانی نووسینی (المرسلی) بەبێ (الاسناد) وەكو ڕێبازێك كە یەكەمجار ئەوانەی فەرموودەیان گێڕاوەتەوە بەكاریان هێناوە، مێژوونووسانیش لە كۆتاییدا پشتیان پێ بەست(٢٠).

(یەعقوبی) ڕێبازی (سالێرەتی) بەكار نەهێناوە، بەپێی ڕیزبەندی ساڵەكان ڕووداوەكانی نەنوسیوەتەوە، ئەو ڕێبازەی بەكاری هێناوە، كە دەوڵەتان، یان چەرخی خەلیفەكان و كاربەدەستان بەڕێوەی دەبەن، واتە: بەپێی بابەت بەندی دەڕوات.

نوسینی ڕێبازەكە بەپێی كەسانە، بە پێچەوانەی ئەو ڕێبازەی ساڵ بەندی بەكاردێنێت. ئەو ڕێبازەش لە چاو ڕێبازی پێشوتر باشترە و بێ وێنەیە(٢١)، چونكە ڕیزبەندی كردووە و دیزاینی بۆ داناوە، ((یەعقوبی)) لەو پێشینانەیە ئەو ڕێبازەیان كردۆتە بناغە بۆ دیزاین كردن و ڕێكخستنی بابەتە مێژوویەكان، بۆیە مێژوی (یەعقوبی) لەو بارەوە لە تەواوی كتێبەكانی تری مێژووی دەوڵەتان و چاخەكان لە پێشترە(٢٢).

یەكێ لەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی (یەعقوبی) دەكرێ ئەوەیە، هەواڵ و باسەكانی لەبارەی چاخی خۆی بە كورتی هێناون، زانیارییەكانی لە بارەی ئەو چاخەی تێیدا ژیاوە، كەمو كورتی تێدایە وەك پەیكەرێكی ڕووت لێی گەڕاوە. بەلام لە ڕاست چەرخی ئومەوی (٤١-١٣٢ك)/ (٦٦١-٧٤٩ز)و چەرخی عەبباسی سەرەتایی (١٣٢-٢٤٧ك/٧٤٩-٨٦١ز) پڕ زانیاری(٢٣).

دیسان زۆر شەیدای (عەلی) بووە (سەلامی خوای لێ بێت) و گرنگـی زۆری بـە وەچاغی ئەو داوە لە پێشەوایان و هەندێ بەلای شیعەدا شـکاوەتەوە، بـە تایبـەتی کاتێ دەربارەی خەلیفەکانی ڕاشیدین و ئومەوییەکان قسە دەکات، دیسـان هەنـدێ ڕووپامـایی لـە کـاتی باسـکردنی عەبباسـیەکاندا و سیاسـەتیان پیشـان دەدات، ئەمەش سـەرەنجێکی تـری بـۆ ئـەوەمان ڕادەکێشـێ، کـە مـەیلی ڕێبـازی عـەلی کردووە(٢٤).

لێکۆڵینەوەی دووەم

هەواڵ و باسی کورد و کوردستان لەمێژووی ئەودا

(یەعقوبی) لە مێژووەکەیدا، تەنیا کەمێك باسی کوردی کردووە، زیاتر گرنگی بە باسی دەوڵەتان و کاربەدەستان و ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بەو شتانەوە داوە، هەرچی گەل و میللەتی ترە، کە دەوڵەتی تایبەتیان دانەمەزراندووە وەکو (کورد) لەبەرئەوە ناویان هاتووە، پەیوەندییان بە مێژووی دەوڵەتی ناوەندییەوە بووە.

(یەعقوبی) لە ڕاست ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە کورد، هەوڵی خۆی چڕ کردۆتەوە لە باسکردنی ئەو هەواڵانەی پەیوەندیان بە لایەنی بەڕێوەبردنەوە هەیە لە هەرێمەکان و ویلایەتەکانی کورددا، وەکو دانان و لابردنی والییەکان و میرنشینەکان، پاشان دیاریکردنی بڕی سەرانە (الخراج) و زانستی تری پەیوەست بەو هەرێمانەوە[٢٥].

نابێ لە یادمان بچێ ئاماژە بۆ زۆرێك لە بزووتنەوەکان و شۆڕشەکانی نەیاران و ئۆپۆزسیۆنەکان دەکات، کە لە کوردستاندا لە دژی خەلافەتدا هەبوونە، بەتایبەتی بزووتنەوەی شوڕاتەکانو (الخوارج) و بزوتنەوەی (بابکی خورەمی) و هتد، کە کوردستان دەکەنە مەڵبەند و پەناگای بزووتنەوەکانیان. (یەعقوبی) بە هەندێ نادیارییەوە باسیان دەکات و تەواوی هەقی خۆیان پێ نادات، کە لێکۆڵەر بتوانێ لە هەموو لایەکەوە بە تێر و تەسەلی سودی لێوەربگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ لێکۆڵەرێك نییە پێویستی بە (مێژووی (یەعقوبی)) نەبێ، گەر بیەوێ هەندێ

لایەنی مێژووی كورد لە سەردەمی ئیسلامیدا بزانین، دەبێ بۆ (یەعقوبی)ش بگەڕێتەوە، پێویستە ئاماژە بەوەش بكەین، كە (یەعقوبی) سۆزی بۆ كورد نەبووە، وەك لە كتێبی (البلدان)دا ئەو ڕاستییەی تێدا دەخوێنرێتەوە، لەم كتێبەدا بە (عێراق) دەستی پێكردووە، چونكە بیروڕای وایە عێراق: (ناوەڕاستی دنیایە و ناوكی زەوییە و خۆرئاوایەتی لە فراوانی و گەورەییدا، ....ئەو وەكو....كورد نییە، ئەو چیایە وێرانە بەفراوییە، كە خانەی كوردە دلڕەقەكانە)[٢٦].

یەكەم: كورد و كوردستان لە سەرەتای ئیسلامدا

(یەعقوبی) هیچ زانیارییەكی تەواو لە بارەی مێژووی كوردستان نادات بەر لە ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا، تەنیا ئەوەندەی لەبارەی كوردەوە باسكردوون پەیوەندی بەماوەی دەسەڵاتی (ئەردەشێری كوڕی بابك)ەوە هەیە[٢٧]، دامەزرێنەری دەوڵەتی (ساسانی).

پاش ئەوەی لایەنێ لە داگیركاریی و جەنگەكانی باس دەكات لەگەڵ (ئەردەوان)دا، كە دوا پادشای (ئەشكانیەكان)ە، ئاماژە بەو نامەیە دەكات بۆ (ئەردەوان)ی ڕەوانە دەكات و هەڕەشەی لێدەكات و پێی دەڵێ: (تۆ سنوری خۆت بەزاندووە ئەی كوردی گەورە بوو لە تاوڵ (خیوەت)ی كوردەكاندا، كێ تاجی نایە سەرت و وڵاتەكەی دایە دەستتەوە)[٢٨]؟

پاشان بە درێژی باسی هەوڵەكانی (ئەردەشێر) دەكات بۆ بەهێزكردنی پایەكانی دەوڵەتە تازەكەی، كە دەتوانێ لە ماوەیەكی كورتدا كوردستان داگیر بكات، بە تایبەتی هەرێمی (جەزیرە)[٢٩] و (ئەرمینیا) و (ئازەربیجان)[٣٠].

پاش ئەوەی (یەعقوبی) ئاماژە بە هێرشەكانی هۆزەكانی (خەزەر) دەكات بۆ سەر ئازەربیجان لەسەر دەستی پاشای ساسانی (بەهرام جور) كوڕی یەزگورد)[٣١].

دیسانەوە ململانێی نێوان خودی ساسانییەکان و نێوان ڕۆم لەسەر کوردستان باس دەکات[٣٢].

بێگومان ئەو ململانێیە، شوێنەوارێکی نێگەتیڤ و شوێن پەخەی لەسەر ژیانی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوری کوردیدا پەیدا کرد، باسێکی داگیرکاری (نەوشێروان)ی ساسانی کردووە، بۆ دەڤەر و شارە کوردییەکان، نەخوازەلا دەڤەری (جەزیرەی فوراتی)، کە ئەو کاتە سەر بە (ڕۆمە بێزەنتییەکان) بووە، بەپێی قسەکانی (یەعقوبی)، بەچەند کارێکی کوشتن و تالآن هەڵدەستێ لە دژی دانیشتواندا[٣٣].

لە مێژووی (یەعقوبی)دا، هیچی تر لە ڕاست کوردا باس نەکراوە بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلامدا. بەڵام ئاماژەی بە مەسەلەیەکی زۆر هەستیار کردووە، ئەویش ئەوەیە دەڵێ: کوردستان دەکەوێتە نێوان ساسانیەکان و ڕۆمەکانەوە. ئاماژە بەوە دەکات، کە سنوری وڵاتی (ڕۆم) لە تخوبی (فوڕات)ەوەیە، تا تخوبی ئەسکەندەرییە.

گەورەترین شاریان لەو سەردەمەدا (ئەلرەها)[٣٤] بووە لە خاکی جەزیرەدا، ئەو ناوچانەی لە شانشینی ڕۆمدا نەبووە، لە ئیسلامدا بووە ، خاکی جەزیرەی گرتەوە لە (حەران)[٣٥] و (ئەلرەها) و تەواوی کورەکانی)[٣٥]، هەرچی پارچەکانی تری کوردستان بوو، سەر بە ساسانیەکان بوو.

دیسان (یەعقوبی) باس دەکات: (ئەو دەڤەرانەی فارسەکان بۆ خۆیان دابڕیبوون و دەسەڵاتیان بەسەردا دەشکا، لە ناویدا لە کورەی (الجبل) بریتین لە: {هەمەدان، نەهاوەند، حەلوان، ماسبذن، مهرجانقذف، شارەزور، سامغان، ئازەربیجان، ئەهواز و کورەکەی، و کورەی عێراق، و چل و هەشت ناوچەی هەبووە لەسەر فوڕات و دیجلە)}[٣٧].

(یەعقوبی) بە كورتی ئاماژەی بۆ خۆ بە دەستەوەدانی كوردستان كردووە بۆ دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی، لە كاتێكدا ئاماژە بە ڕووداوی (جەلەولا) دەكات[٣٨]، ساڵی (١٩ك/٦٤٠ز) لە ڕۆژانی عومەری كوڕی خەتتابدا (ڕەزای خوای لێ بێت) (١٣-٢٣ك/٦٣٣-٦٤٣ز)[٣٩] لە نێوان لەشكری موسڵماناندا بە سەركردایەتی سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص) و ساسانیەكاندا بە سەركردایەتی یەزگوردا)[٤٠].

هەروەها چۆن ئەم شەڕە بە دۆڕانی ساسانیەكان تەواو دەبێ و موسڵمانان دێنە ناو كوردستانەوە، ئەم شەڕە بە بەرژەوەندی موسڵمانان تەواو نەبوو، تا ساڵی (٢١ك/٦٤١ز)، لەو ساڵەدا موسڵمانان شاری (نەهاوەند)[٤١] یان گرت، كە بە دەروازەی كورەی چیا (الجبال) دادەنرێ، دوای ئەوە بۆ تەواوكردنی گرتنی كورەی چیا (الجبال)[٤٢] موسڵمانان لە ساڵی (٢٢ك/ ٦٤٢ز) هەرێمی ئازەربایجانیان گرت، دوایی هەرێمی (ئەهواز)[٤٣] لە ساڵی (٢٣ك/ ٦٤٣ز)دا دەگرن.

پاشان ڕوویان كردە (جەزیرە) و (عیاض) توانیان (الرقە)[٤٥] و (سرج)[٤٦] و (الرها) و (نصیبین)[٤٧] و تەواوی شارەكانی جەزیرە بگرن.

لە بارەی چۆنیەتی گرتنیان، (یەعقوبی) باسی كردووە: (ئەمە بە ڕێككەوتن بوو، بەزۆری یان، سەرانە لەسەر زەوی و گەردنی خەڵكی دادەنا، هەر مرۆڤێ، دەبوایە چوار پێنج شەش دینار بدات).

لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا (ڕەزای خوای لی بێت) (٢٣-٣٥ك/٦٤٤-٦٥٦ز) موسڵمانان توانیان هەرێمی (ئەرمینیا) و شارەكانی وەكو (البیلقان) و (برذعة)[٥٠] و شارەكانی تری كوردستان بگرن[٥١].

دوای ئەوەی (یەعقوبی) هیچ شتێكی تری تایبەت بە كورد و كوردستان باس نەكردووە، لە چاخی خەلیفەكانی ڕاشیدیندا (ڕەزای خواییان لی بێت)، تەنیا

هەندێ ئاماژەی بەو والییانە کردووە، کە له ناوچەکانی کوردستاندا دەست نیشان کراون[٥٢].

(یەعقوبی) لە ڕاست کورددا، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئومەویدا بە بزووتنەوەی (فروة) کوڕی (نوفل الاشجعی)[٥٣] دەستی پێکردووە، کە یەکێ بووە لە شوڕاتە خەواریجەکان لە دژی پێشەوا عەلی میری بڕواداران (سەلامی خوای لێ بێت) ڕادەپەڕن (٣٥-٤١ك/٦٥٦-٦٦١ز)[٥٤]. پاشان (فروة بن نوفل) لە شارەزووردا لادەبات[٥٥].

لە کاتێ هەواڵی شەهیدبوونی ئیمام عەلی (کرم الله وجهه) پێ دەگات و دەزانێ موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان (٤١-٦٠ك ٦٦١-٨٧٩ز) هاتۆتە سەر کورسی دەسەڵات، ڕوی کردە خەڵکی شارەزور و خەڵکێکی زۆری کۆکردەوە، ویستی ڕوو لە (کوفە) بکات، بەڵام موعاوییە توانی بە بەکارهێنانی خەڵکی کوفە ئەم بزووتنەوەیە تێك بشکێنێت، فروە کوژرا و مەترسی لەسەر موعاوییە نەما)[٥٦].

گرنگترین شت کە (یەعقوبی) باسی کوردستانی کردبێ لە سەردەمی دەسەڵاتی موعاوییەدا، بڕی ئەو سەرانە (الخَراجَ) یە بەسەر ناوچە کوردنشینەکانی دا فەرز کردبوو، گومانی تێدا نییە ئەم زانیارییە ئابوورییانە، گرنگییەکی گەورەیان هەیە بۆ زانینی داهاتی کوردستان و دەوڵەمەندییەکەی لە سەردەمی ئومەویدا، کە هانی دەسەڵاتدارانی ئومەوی داوە بایەخی پێ بدەن، هەموو هەوڵەکان بە هەموو بارەکان چڕ بکەنەوە بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەکانی نەیاران و ئۆپۆسیۆنەکان لەناویاندان.

بەپێی نووسراوی (یەعقوبی)[٥٧] بڕی ئەو سەرانەیەی، کە لە سەردەمی موعاوییەدا بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا فەرزدەکرا، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

- کورەی دیجلە (١٠٠,٠٠٠) درهەم.

- نەهاوەند و ماهی کوفه (دەینور)، ماهی بەسرە (هەمەدان) و ناوچەکانی تری خاکی چیاکه (أرض الجبل): (٤٠٠,٠٠٠) درهەم بووە.

- حەلوان: (٢٠٠,٠٠٠)درهەم بووە.

- نەینەوا (موصل) و ناوچەکانی سەر بە ئەوێ: (٤٥٠,٠٠٠)درهەم بووە.

- ئازەربایجان: (٣٠٠,٠٠٠) درهەم بووە.

- (جەزیرە): کە بریتین لە (دیارموزەڕ) و (دیار ڕەبیعە) و (دیار بەکر): (٥٥٠,٠٠٠) درهەم بووە.

دوای ئەوەی (یەعقوبی) هەواڵی کورد و کوردستانی و زێدی ئەوانی لە سەردەمی ئومەویدا پشتگوێ خستووە، چونکە لە کتێبەکەیدا بەشێکی زۆری ئەمە باس کراوە، کە پەیوەندی بە هەندێ لە بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکانی خەواریجەکانەوە هەیە لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا، لەوانە بزووتنەوەی (شبیب) کوڕی (یزید الشیبانی) لە هەرێمی چیاکاندا ساڵی (٧٦ك/٦٩٥ز) [٥٨]دا، دیسان بزووتنەوەی (ضحاك) کوڕی (قیس الحروری) لە ساڵی (١٢٧ك/٧٤٤ز)دا لە هەرێمی جەزیرەی فوراتیدا[٥٩] دەسەڵاتدارانی ئومەوی توانیان ئەو بزووتنەوە سەر هەڵداوانە لەناو بەرن. گومانی تێدا نیە، هەرێمە کوردییەکان، لەوانە هەرێمی (جەزیرە) و (شارەزور) دەبنە پەناگەی ئەو خەواریجانەی چیایە حاشییەکان و ئەستەمەکان ئەو ناوچانە دەکەنە سەنگەری قایم بۆ بزوتنەوەکانیان لە دژی خەلافەتی ئومەویدا[٦٠]، کە لە ساڵی (١٣٢ك/٧٤٩ز) لەسەر دەستی عەبباسیەکاندا بەرەو ڕووخان چوو[٦١].

دووەم: کورد له سەردەمی عەبباسییەکاندا

له چەرخی عەبباسی یەکەمدا تا ساڵی (٢٥١ك/٨٧٢ز) له ڕۆژانی خەلیفه (المستعین بالله)دا، که (یەعقوبی) تێیدا وەستاوه له نووسینەوەی مێژووی عەبباسیدا، به بەراورد لەگەڵ گەلانی تری خۆرهەڵاتی ئیسلامیدا، وەکو فارس و تورك، کورد هیچ ڕۆڵێکی کاریگەری نەبووه له ژیانی سیاسی دەوڵەتی عەبباسی و ئەو گۆڕانکارییانەی بەخۆیەوه بینیوه.

لەو سات و کاتەدا، گەلان توانیان سنووری وڵاتیان ببەزێنن و ڕوو له ناوجەرگەی دەوڵەتی عەبباسی بکەن، که خۆی له عێراقدا دەنواند، پاشان بەشداری کرداریی و ڕاستەوخۆ بکەن لەو ڕووداوانەی له دوو شاری گەورەی دەوڵەتی ئەو سەردەمەدا (بەغداد – سامەڕا) ڕوو دەدەن، کوردەکان دەستیان به ژیانی تایبەتی چیانشینی خۆیانەوه گرت، ڕاستەوخۆ بەشدارییان له ڕووداوەکاندا نەکرد، سەرباری نزیکی وڵاتی ئەوان له چەقی دەوڵەتەکە، به بەراورد لەگەڵ ئەو گەلانەدا[٦٢]، ئەو هەڵوێستەش دەوری خۆی هەبووه، که (یەعقوبی) هەواڵی کورد کۆبکاتەوه، به کورتی زۆرجاریش بەنێوه چڵی گێڕاویەتەوه.

(یەعقوبی) گرنگی خۆی لەسەر لایەنی ئیداری له کوردستاندا، له سەردەمی عەبباسیدا چڕکردۆتەوه ، ئەو والییانه له یاد ناکات،که لەوێدا دیاری کراون، پاشان ئاماژەی کردووه چۆن بەرکەنار کراون، پاشان ئاماژەی به سیاسەتی خەلیفەکانی عەبباسی کردووه له ڕاست ئەو دەڤەرانەدا، عەبباسیەکانیش گرنگی سەرەکییان به کوردستان داوه، چونکه له ڕوانگەی ئابووریی و سیاسییەوه بۆ خەلافەت گرنگ بووه، دیارترین نموونەش دامەزراندنی والیه به تواناکانه له ناوچەکانی کوردستاندا، ڕاستەوخۆ هەڵیان سوڕاندووه، بۆیه یەکەم خەلیفەی

عەبباسی (ابو العباس) (١٣٢-١٣٦ك/ ٧٤٩-٧٥٣ز) ئەبو جەعفەری مەنسوری، براکەی لەسەر زۆربەی ناوچە کوردنشینەکاندا دەکاتە والی، بە تایبەتی دەڤەری (جەزیرە) و (نەینەوا) و (ثغور) و (ئەرمینیا) و (ئازەربیجان)[٦٣].

گومانی تێدا نییە (أبو جعفر) شارەزاییەکی زۆری لەبارەی کورد و کوردستان وەردەگرێ، چونکە لەگەڵ ئەواندا دەژیێ و ژنیشیان لێ دەخوازێت، وەك (الطبري) باسی کردووە[٦٤].

دیارە (أبو جعفر المنصور) سەرەتا هەستی بە لاوازی سوڵتەی عەبباسیەکان کرد لە کوردستاندا، بە تایبەتی لە هەرێمی (ئازەربیجان)دا، لەبەر ئەوە تێبینی دەکرێ لە ماوەی دەسەڵاتیدا و لە کاتی ویلایەتی (یزید بن حاتم المهلبي الازدي)دا (مردن: ١١٧٠ك/٧٨٦ز) بۆ ئازەربیجان، ئەم والییە هەڵسا زۆرێ لە هۆزەکانی (یەمانی) لە (بەسرە)دا بۆ ئازەربیجان دەگوازێتەوە.

(یەعقوبی) بەردەوام قسە دەکات و لەم بارەوە دەڵێ: (یەکەم کەس کە ئەوانی گواستەوە (الرواد المثني الازدي) بوو بۆتە برێز[٦٥]، (مر بن علي الطائي) بۆ نریزی گواستنەوە[٦٦]، (الهمداني) بۆ (المیابنج)ی گواستنەوە[٦٧-٦٨].

خەلیفە هارون ڕەشید (١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦ – ٨٠٨ز) هەمان سیاسەتی لە ڕاست ناوچەکانی ئەرمینیادا بەکارهێنا، کە والیەکەی (یوسف بن راشد السلمي) کۆمەڵی (النزارية) بۆ ئەرمینیا دەگوازێتەوە.

(زۆربەی دانیشتوانی ئەرمینیا بوونە یەمانی، نەزارییەکان لە سەردەمی یوسفدا زۆربوون)[٦٩]. بەم شێوەیە عەبباسیەکان سەرەتا سیاسەتێکی تایبەتیان لە ڕاست کوردستاندا پەیڕەو کرد، بە مەبەستی قایمکردنی ڕکێفیان بە سەریدا، دیسان عەبباسیەکان سیاسەتی لەسەر کار لابردن (العزل) و دانانی والی تریان لەگەڵ والیەکاندا بەکار دەهێنا، بۆ پاراستنی (ولاء) و دڵسۆزییان بۆ خەلافەت، وەکو

(هـارون رەشـيد) کـە لـە ماوەيـەکی کەمـدا چـوار والـی لەسـەر ئـەرمينيادا دادەنێت)[٧٠].

سێیەم: ڕۆڵی کورد لە بزووتنەوەی بەرەو ڕوبوونەوەی لە دژی دەوڵەتی عەبباسیدا

أ - بزووتنەوەی خەواریجەکان:

پێشتر باسکرا کە لەگەڵ دەرکەوتنی خەواریجدا بۆ سەر شـانۆی ڕووداوەکـان لـە دنيای ئيسلاميدا، کوردستان بووە بە پەناگە و دالّدەی ئەوان، بە درێـژايی مـاوەی حوکمی (ئومەوييەکان)، چياکانی کوردستان دەکەنـە سـەنگەر و پەناگەيـەکی بـێ ترس بۆ سەرو ماڵيان.

لە چەرخی (عەبباسی)دا، بزووتنەوەی خـەواريج لـە نێـو کـورددا کۆتـايی پـێ نەهات، بەڵکو کەسانێ لەناو ئەواندا دەرکەوتن بۆچـوونی خەواريجـەکانيان پەسـەند بکەن[٧١].

پەيوەندی کورد بە خەواريجەوە، هەر بە بڵاوبوونەوەی مەزهـەبيان نەوەسـتا لـەو نێوەندەدا، يان بە دالّدەدانی هەڵاتوانيان، بەڵکو بە کرداريـی بەشـداری زۆرێـك لـە بزووتنـەوەکانی ئـەوانيان کـرد، بەشـداری جەنگـەکانيان کـرد لـە دژی سـوڵتەی مەرکەزيدا.

پێويستە ئاماژە بە بايەخی (يەعقوبی) بکەين بە بزووتنەوەی خەواريجـەکان لـە ناوچـەی (جـەزيرەی فـوراتی)دا، کـە دەبێتـە مەڵبەنـدی سـەرەکی چـالاکييە

دەرەکییەکان، تــا دەگاتــە ئاســتێك، (الهمــدانی) بــە (وڵاتــی شــوڕاتەکان) ناویــان دەبات[٧٢].

ئەمەش بۆ بێ دەسەڵاتی و لاوازی ئیدارەی دەوڵەت دەگەڕێتەوە لەو دەڤــەرەدا، دەوڵــەتی عەبباســی هێزێکــی ســەربازی تــەواو و بــەهێزی نــەبوو، پەرچــی ئــەو بزووتنەوانە بداتەوە، کە لێرە و لەوێ کــت و پــڕ ســەریان هەڵــدەدا، زۆربــەی ئــەو بزووتنەوانە، لە سەرەتادا بزووتنەوەی تاك لایەنە و بچووك بوون ، پاشــان ورد وردە زیادیان کرد و پانتایی مەترسییان بۆ سەر دەوڵەتی عەبباســی فــراوانتر کــرد، دوای زۆربوونی لایەنگرانیان، لاوازی ئەو دەوڵەتەیان وەکو هەلێك بــۆ خۆیــان قۆســتەوە، دەوڵەت لە توانایدا نەبوو دوای هەوڵێکی زۆر نــەبێ، لــەناویان ببــات، یــان دایــان مرکێنێتەوە[٧٣].

جێی تێبینییە، یەکەم بزووتنەوەی خەواریجەکان، کــە (یــەعقوبی) ئامــاژەی بــۆ دەکات، بزوتنەوەی (الولید بن طریف بن الصلت بن الطارق بن سلیمان بن عمرو بن مالك الحروري الشــاري)یە لە (١٧٨ – ١٧٩ك/٧٩٤-٧٩٥ز) لە سەردەمی (هارون ڕەشید)دا.

لە گێڕانەوەیەکی ئەودا هاتووە: هاڕون ڕەشید سوپایەکی گەورە دەنێرێتــە ســەر جەزیرە، تا ئەو بزوتنەوانە بەر لە گەورە بوونیاندا لەناویان ببــات ، بــەڵام هــەموو ئەو هەوڵانەی شکست خواردو بوون، بزووتنەوەی خەواریجەکان فراوان بوو،کە بوو بە هەڕەشە بۆ سەر خەلافەتی عەبباسی لە ماڵی خۆیانــدا[٧٤]، لەبــەر ئــەوەی هــاڕون ڕەشید لەشکرێکی بێ سەرو بنی ناردە ســەریان، جڵــەوی ســەر لەشــکرییەکەی بــە (یزید بن فرید الشیبیانی) سپارد، برازای (معن بن زائــدە الشــیبانی) دەبێــت[٧٥]، ئەو توانی بەهۆی زیرەکی سەربازیی و ڕاوێژکردنی بە سەرکردە ســەربازییەکانیەوە،

ئەم بزووتنەوەیە لەڕەگەوە هەڵبکەنێ و(الولید بن طریف)ی سەرکردەیان بکوژێت، لەبەر ئەوە یارانی بەرەو جزیرە کشانەوە و لە (دیار رەبیعە) جێگیر بوون[٧٦].

هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی (ولید بن طریف) الشاری لە (جزیرە)دا، بزووتنەوەی خەواریجی تر سەریان هەڵدا، (ابو مسلم الشاری) لە (ئەرمینیا) پێوەی هەڵسا، بە تایبەتی لە شاری (بیلقان) و (برذعة). بەڵام بە کۆچی دوایی سەرکردەیان، بزووتنەوەکە لە پەل و پۆ کەوت و بە ئامانجەکانی نەگەیشت[٧٧].

بەپێی گێڕانەوەی ((یەعقوبی)) لە سەردەمی خەلافەتی (الواثق)دا (٢٢٧-٢٣٧ك/ ٨٤١- ٨٤٦ز)، (محمد بن عمرو الشاری) بە بزووتنەوەیەکی تر هەڵسا لە (دیار ربیعە)دا، (٣٠٠-٤٠٠) کەسی شوێنکەوتە بوو لە عەرەب و کورددا[٧٨].

(محمد) و یاوەرانی بەرەو (شەنگال- سنجار) ڕۆیشتن، دوایی بەرەو نەینەوا (موسڵ) کەوتنەڕێ، دوای ئەوەی بە دەستی هێزەکانی خەلافەتی عەبباسی شکستیان هێنا، دوایی بە دیل گیراو لە ڕۆژێکی گرنگدا بەرەو (نصیبین) گواسترایەوە، زۆری پێ نەچوو دوای بە دیل گیران بەرەو خەلیفە (الواثق) برا، بەو هۆکارە کۆتایی بە بزووتنەوەکەی هات، کە زۆر لەمێژ بوو شانی خەلافەتی عەبباسی قورس کردبوو[٧٩].

شایەد بەهێزترین بزووتنەوەی خەواریجەکان، ئەو بزوتنەوە بوو، کە(مساور بن عبدالله الحمید الشاری) (٢٥٢ -٢٨٣ك/٨٦٦ – ٨٩٦ز) دایمەزراند، کە دەتوانرێ بە گەورەترین بزووتنەوەی خەواریج دابنرێ،کە نەینەوا (موسڵ) و جەزیرەی فورات لە سەدەی (٣ك/٩ز) بە خۆیەوە ببینێت، تەمەنێکی هەرە درێژی هەبوو، پەل و پۆیەکی فراوانی هاویشتبوو، لەهەموویان زیاتر چالاکانە زیانی بە دەوڵەتی عەبباسی گەیاندو، خەریك بوو ببێتە مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆ سەری[٨٠].

لێکۆڵەران لە ڕاست بنەمای (مساور) دا ناکۆکن، هەندێ لەوانە بە تایبەتی لێکۆڵەرانی کورد پێیان وایە: (مساور) بە ڕەچەڵەك کوردە[81]، بەڵام (یەعقوبی) بە شێوەی یەکلاکراوە دەڵێ: سەر بە (بنی شیبان)ە[82].

ڕەنگە هەڵەی مێژوونوسانی کورد لەمەدا لەبەر ئەوەی بووبێ، کە زۆربەی پەیڕەوی (مساور) کورد بوون، زۆربەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی (مساور)دا بوون، ناوچە کوردنشینەکان بوون[83].

(یەعقوبی) دەڵێ: (مساور) توانی لە پایتەخی (سامەرا)دا، خۆی بخزێنێتە ناو کۆشکی خەلافەتی عەبباسی ، لەبەر ئەوە (موعتەز سەرکردە و سوپایەکی تر هەڵدەبژێرێ، دوای سەرکردە و سوپایەکەی تر، ئەو تێکیان دەشکێنێ، تا دەگاتە ئاستی خەڵکی پتر بە هێزتر دەبێت)[84].

(یەعقوبی) ئاماژەی بە کۆتایی ئەم بزووتنەوەیە نەکردووە، کە لە ساڵی (٢٨٣ك/ ٨٩٦ز) کۆتایی پێ دێت.

چوارەم: بزووتنەوەی کورد لە سەردەمی عەبباسیدا

کورد تەنیا بە بەشداری کردنی لەگەڵ بزووتنەوەی خەوارجەکان ڕانەوەستا، بەڵکو خۆیشیان لە ولاتی خۆیاندا، دژ بە دەوڵەت بە چەند بزووتنەوەیەکی بەرهەڵستکارانە هەڵسان ، هەوڵیاندا لە ڕکێفی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عەبباسی بڕۆنە دەرەوە، لەگەڵ دان هێنان بە خەلیفەی عەبباسی، سەربەخۆیی زیاتر بۆ خۆیان بەدەست بێنن.

دیارترین نموونەمان بۆ ئەو ڕاستییە، ڕووداوی بزووتنەوەی (خوڕەمی) یە (٨٥٩) بوو، یان (مەحمەرە)، کە (بابکی خورەمی) (٢٠١-٢٢٣ك /٨١٦-٨٣٧ز)

سەر لەشكريی كرد، ئـەو بزووتنەوەیـە گـەورەترین كاردانـەوە بـوو، دژی سـتەم و چەوساندنەوەكان، بەشداران خراپیی و بێزاریی خۆیان دژ بـە سیاسـەتی میرەكـان و والییەكانی عەبباسـییەكان تێـدا گوزارشـت كـرد، سـەرباری ئاراسـتەی ئـاینی و سیاسییان، بزووتنەوەكە ئاينیی و سیاسیی بوو، لە بزووتنەوەكانی ترلە دەسەلاّت و تەشەنەكردندا جیـاواز بـوو، سـەرباری لێهـاتوویی سەرلەشـكرەكەی و، یـەكڕیزیی نەخشەی سیاسیی و سەربازیی لێزانانەی[٨٦].

كورد لـە ڕێـزی پێشـەوەی گـەلانی تـر، بـە قورسـایی خۆیـان بەشـداری ئـەم بزووتنەوەیە دەكات، ئەم بەشدارییە لە گشتگیرییەوە نزیك دەبێت[٨٧].

(یەعقوبی) لە كتێبی(البلدان)دا، كاتێ باسـی (رسـتاق القامـدان) دەكـات لـە (اصفهان)، باسـی ئـەوەش دەكات،كـە كـوردی تێـدا بـووە لەگـەڵ عەجەمـدا و، (الخرمیه)ی لێوە سەرهەڵدەدات[٨٨].

دەركـەوتنی (خەرەمییـە)، وەك (یـەعقوبی) باسـی كـردووە بـۆ سـاڵی (١٩٢ك/٨٠٧ز) دەگەڕێتەوە، لەم ساڵەدا، خەرەمییە لە (ارض الجبـل) دەردەچـن، ئەمە یەكـەم دەرچـوونە، خەلیفـە (ئـەمین) عبـدالله بـن مالـك (الخزاعـی) وەكـو سەرلەشكر ڕەوانە دەكاتە سەریان، (قەسابخانەیەكی گەورەیان لێ دروسـت دەكـات، ئەوانەی دەمێننەوە بە وڵاتاندا ئاوارە دەبن)[٨٩].

لە سەردەمی مەئمون دا (١٩٨-٢١٨ك/ ٨١٣ -٨٣٣) بزووتنەوەكـە كەڵكـە دەبێ، (خورەمییە) بە سەركردایەتی (بابكی خوڕەمی) بەڕاست و چەپدا دەست بـە جوڵە دەكات.

(یەعقوبی) بە درێژیی باس لەو شـەڕە لـە سـەردەمی مەئمونـدا دەكـات ،كـە سـوپای خەلافـەت لەگـەڵ (بـابكی خـوڕەمی)دا ئـەنجامی دەدات، بـە زۆری

سەرکەوتنەکان لە قازانجی بابکدا دەبێ، تا والی خەلیفە (محمد بن عبدالحمید الطوسی) ساڵی (٢١٤ك/٨٢٩ز) دەکوژێت[٩٠].

دوای گەورە بوونی ڕۆڵی ئەو بزووتنەوەیە و کاریگەریی پەیداکردنی بۆ سەر خۆرهەڵاتی ئیسلامی، خەڵکەکی زۆر پەیوەندی پێوە کردن، (مەئمون) ماوەیەکی زۆر بیری لەوان کردەوە، دوای ئەوە پلانێکی بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی خورەمییە دۆزییەوە، ئەم بابەتەی بە (عبدالله بن طاهر) سپارد، کە شەڕیان لەگەڵدا بکات(کورە الجبل) و (ئەرمینیا) و (ئازەربیجان) ی پێ سپارد، واتە: زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان، ، (ابن) لە (دەینور)دا دانیشت، بە مەبەستی بەرگری کردن لە بزووتنەوەکەیان، زۆربەی هەوڵەکانی مەئمون شکستیان خوارد، وردە وردە بزووتنەوەی خورەمییە، تا دەهات فراوانتر دەبوو، تا (المعتصم) هاتە سەر کورسی لە ساڵی (٢١٨ – ٢٢٧ك/ ٨٣٣ – ٨٤١ز)، کە جگە لە نەرم کێشی لەگەڵ بەرهەڵستکارانیدا، هیچ ڕێگایەکی نەدۆزییەوە[٩١].

جەنگی خورەمییەی خستە ڕیزی پێشەوەی کارەکانی، چونکە جەنگی بابك لە قۆناغی ترسناکی دابوو، لەگەڵ دەست پێکردنی حوکمی موعتەسەمدا، خورەمییە لە هەرێمی چیا (اقلیم الجبال)دا دەستی بە جوڵان کرد، (یەعقوبی) لەو بارەوە باسی کردووە: (المحمرە) لە چیاکە (الجبل) دەرچوون، ڕێگاکانیان گرتن و مەترسییان خستە ڕێگاو بانەکانەوەو، چونە پێش حاجیانی خوراسان، ئەوانیان شکاندو کۆمەڵێکیان لێیان کوشت)[٩٢].

لە ئەنجامی ئەو بارە ناهەموارەی (اقلیم الجبل)، خەلیفە موعتەصەم خۆی خستە ناو گەرمەی جەنگەوە لە دژی ئەو خورەمیانەی لە (همذان)[٩٣] گردبوو بوونەوە، خەلیفە رکێفی سەرلەشکری سپارد بە (اسحاق بن ابراهیم)، سوپای خەلافەت و خورەمییە، چەند جەنگێکیان لە نێواندا قەوما، (اسحاق بن ابراهیم)

توانی شکست به (خورەمییه) بێنێ، دوای ئەوەی یەدەگی هێرشیی و بەرگریی بە ئاگادارییەوە بەکار هێنا (قەسابخانەیەکی گەورەی لێ داخستن، دەوامی کرد تا ولات هاتەوە باری ئاسایی خۆی، دوای ئەوەی بە دەستی ئەوان تووشی زیان هاتبوو)(٩٤).

جێگای تێبینیە، کە دەسەلاتی (بابك) بەتایبەتی کاتێ زیادی کرد، یەکێ لە میرانی کورد، لە ئازەربیجان دەڕواتە ژێر گوێڕایەڵی ئەوەوە، بەناوی میر (عیسمەتی کوردی) شاری مرند(٩٥).

دیسان میرەکی تر لە ئازەربیجان دێتە ژێر باری ئەو، کە لە ڕەگەزی عەرەب دەبێ، بەناوی (محمد بن البعیث)، لە دەریاچەی (ئورمییه) دوو قەلای دەبێت، بابك دڵی بەرەو لای ڕادەکێشێ و خۆی هاوپەیمانی لەگەڵدا دروست دەکات، خەلیفە بیری کردەوە چۆن ئەو هاوپەیمانیەتیەیان تێك بدات، ئەوە بوو بە پەلە هێزی خۆی ڕەوانە کرد، تاوەکو زەبرەکی دەستپێشخەر بە دوژمن بگەیێنێت، جا سەرلەشکریی دایە دەست (طاهر بن ابراهیم)، هەرکە (ابن البعیث) هەواڵی سوپای موعتەصەمی زانی، کە بەرەو بارەگای ئەو و بابك دێن، دەستی لە (بابك الخرمی) هەڵگرت، نامەیەکی بۆ خەلیفە نارد، داوای سۆز نواندنی لێکرد، پەیمانی دڵسۆزیی و گوێڕایەڵیی دایە، دیسان پەیمانی دایە،کە ئامادەیە شەڕ لەگەڵ بابکدا بکات، ئەوەبوو دەوری خۆی دەرخست و فێڵی لە (عیسمەتی کوردی) کرد و تەڵەی بۆ نایەوە،کە کچی ئەوی خواستبوو، بانگێشتیماڵی خۆی دەکات، پاشان دەیگرێ و لە سامەڕا، ڕادەستی موعتەسەمی دەکات ، ئەم کارە قیزەونە، زەبرەکی کوشندە بوو لە دژی بزووتنەوەی بابك، خەلیفە توانی بە پاڵپشتی تورکەکان لە ساڵی (٢٢٣ك/٨٣٧ز)دا کۆتایی بەم بزووتنەوەیە بێنێ، دوای ئەوەی بابك دەگرێ و لەلایەن موعتەسەمەوە لە سامەڕا لە سێدارە دەدرێت(٩٦).

(افشین حیدر بن کاوس الاوسروشنی)ی ڕەوانە کردو هەموو پێداوێستییەکی بۆ سەرکرد و سامان و کۆگای چەکی لەگەڵدا نارد، کاتێ (افشین) گەیشتە (الجبل) هەرچی دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات هەبوون گرتنی، چەند شەڕێکی لەگەڵ بابکدا ئەنجامدا، سەربازگەکەی لەشوێنێ بوو، بە ناوی (برزند)، لە (۹/ڕەمەزان/۲۲۲ك/۸۳٦ز)دا (بابك) پەیامنێری خۆی ناردە لای، داوای لێ کردبوو دانوستاندنی لەگەڵدا بکات، ئەویش ڕازی دەبێت، ڕووبارێکیان لە نێواندا دەبێ، (افشین) ئەمانی خستنەڕوو، داوای لێکرد ئەو ڕۆژە دوای بخات، پێی گوت: (تۆ دەتەوێ شارت قایم بکەی، گەر ئەمانەت دەوێ دۆڵەکە ببڕە، ئەنجا ڕۆیشت و شەڕ گەرم بوو، موسڵمانان (البذ) یان گرت، بابك و شەش لە یارانی ڕایانکرد، موسڵمانان، دیلە موسڵمانەکانیان رزگار کرد لە (البذ)دا، کە (۷٦۰۰) کەس دەبوون)[۹۷].

لەگەڵ لەسەر ڕۆیشتنی قسەکاندا، (یەعقوبی) زیاتر گرنگی بە بزووتنەوەکانی کورد لە هەرێمی (ئەرمینیا) داوە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی بێ، وەکو باسمان کرد ماوەیەکی زۆر لەوێ مابێتەوە.

(یەعقوبی) بایەخی زۆری بەم هەرێمە داوە، کە دەکەوێتە ئەوسەری باکوری خاکی دەوڵەتی ئیسلامییەوە، هەرێمەکە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە، کە بە گۆشەی باشوری خۆرئاوای ئەرمینیا و ناوچەکانی دەوری دەریاچەی (وان) خۆی دەنوێنێت[۹۸]، کورد مێژوویەکی درێژی مێژوویی لەگەڵ ئەو دەڤەرەدا هەیە، دەڕواتە چاخە کۆنەکانەوە[۹۹]، بە تایبەتی شاری (ارزن)(۱۰۰) و (بەدلیس)(۱۰۱) و (وان) و ناوچەکانی تر، کە بەشێك لە کوردستانی ئێستای تورکیا پێك دێنن.

بەڵام ئەو ناوچانەی دەسەڵاتدارانی عەبباس حوكمیان كردووە، ڕووبەرێكی فراوانی جوگرافییان هەیە، ئەستەمە هەموو ڕووداوەكانی ناویان، هەڵوێستەیان لەسەر بكرێ، كە لەم بوارەدا هەوڵیان نەداوە.

(یەعقوبی) ئاماژەی بە بزووتنەوە بەرهەڵستكارەكانی دژ بە دەوڵەتی كردووە، نەخوازەلا كورد لە دژی دەوڵەتدا، لە حوكمی هارون ڕەشیددا، سەرباری ئەنجامدانی چاودێری ئاسایشیی و سەربازیی، دانیشتوانی ناوچەی ئەرمینیا ڕادەپەڕن، خەڵكی شاری (برذعة) لە پێش هەموویانەوە، هەڵیان كوتایە سەر والی شار و كوشتیان، هارون ڕەشید هەموو هەوڵی خۆی چڕكردەوە ئەو ڕاپەڕینە لەناو ببات، ئەمەش بە گۆڕینی والیەكان و دانانی ئەو والییانەی جێی متمانەی ئەو بوو، تا ئەمیندار و ئالقە لەگوێی ئەو بن لە پاراستنی ئاسایشدا و، خەڵكی ئەرمینیا بێنە ژێر ڕكێفی فەرمانەكانی ئەوو سیاسەتەكانی، ئامرازەكانی گوێ لەمشتی بە تەواوی لە دەستی ئەودا بێت، لەبەر ئەوە خەلیفەكان هەوڵیان داوە ئەو پیاوانە بە والی لەو شوێنانە دابنێن،كە بە توانا بن، بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش، لەگەڵ دانانی چاودێری ورد و سیخوڕیی لەلایەن سیخوڕە تایبەتییەكانیانەوە، تا ئەوەی ڕوویداوە لە شلەژان و ئاژاوەكان دووبارە نەبنەوە و جڵەوی ئاسایش بگیرێ، بەڵام خەلیفە نەیتوانی بە تەواوی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەو ناوچەیەدا بسەپێنێت(١٠١).

لەگەڵ هەوڵی چەند جارەی پشێوی ، ناثارامی درێژەی كێشا، كارەكان لە دەست ئەو چوونە دەرەوە، نموونە ڕووداوی (٢٢٧ك/٨٤١ز)یە لە سەردەمی (الواثق)دا، كە سەرلەنوێ خەڵكی ئەرمینیا دەستیان بە ڕاپەڕین كردەوە، پادشایانی چیاكان (الجبال) وكورد لەو ناوچە دیارانە زاڵبوون و، دەسەڵاتی خەلافەت لەناویاندا لاواز بوو، ئەوەی دواییان هەوڵیدا دەسەڵاتی خۆی قایم بكات لەسەریان، دوای ئەوەی یەكێ لە والیە بەهێزەكان بەكاردێنێ بەناوی (محمد بن خالد)، كە هەوڵی زۆر

دەدات بە توند و تیژی لەگەڵ ناوچەکەدا، بەلێدان و زینـدانی کـردن و ئاگردانـــی مـــاڵ وحاڵیـــان، تـــاوەکو دەســـەڵات پەیـــدا بکـــات، وەك (یـــەعقوبی) باســـی کردووە(١٠٤).

سەربوردە مێژووییەکان باس لە بزوتنەوەی کاربەدەستانی ئەرمینیا دەکـەن، بـە تایبـەتی دانیشـتوانی (ارزن) و (بـدلیس) لـە حـوکمی (المتوکـل) دا، کـە لـە ((٢٤٧ك/٨٦١ز) دا کۆچی دوایی دەکات (١٠٥).

پاش ئەوەی یاخی بـوونی خۆیـان لـە ڕاسـت خەلافەتـدا ئاشـکرا کـرد، بـەڵام سەرکردەی عەبباسی (بغا)ی گەورەی بە ڕەگەز تورکی، دوای شەڕێکی گەورەی لـە (ارزن) دا، توانی ئەو بزووتنەوانە لەناو ببات، (موسا بن زرارە) کە لە (بـدلیس)دا دۆڕا، هات داوای ئەمان و گیان پاراستنی لێکرد، ئـەویش کـۆت و بەنـدی کـرد و ڕاپێچی لای (المتوکل)ی کرد، دوایی بۆ (الباق) ڕۆیشـت، (اشـوط بـن حمـزة)ی لـێ بوو، ئابلۆقەیدا و ئەمانی دایـێ، پاشـان بـەرەو سـامەڕای بـرد، لەسـەر دەروازەی گشتیی لە ملی داو بە هەڵیواسی(١٠٦).

ئەمەش مانـای وانیـە دانیشـتوانی کوردسـتان هەمیشـە لـە دژی خەلافەتـدا وەستاونەوە، بـە تایبـەتی ناوچـەی (ثغریـة)، کـە هەمیشـە (ڕۆم) و (ئەرمـەن) و (ئەرەج)(١٠٧) پەلاماری ئەوانیان داوە، لەبەر ئەوە لە کاتی پەلاماری ئەواندا شان بە شانی خەلافەت بە مەبەستی بەرگری لە نیشـتمان لـە دژی ئەوانـدا جـەنگاون، نموونـــەی ئـــەوە لـــە ســـەردەمی خەلیفـــە (المســـتعین)دا (٢٤٨-٢٥٢ك/٨٦٢-٨٦٦ز)دابوو.

ئەو (علی بـن یحیـی بـن الارمـنی) سـاڵی (٢٤٨ك/٨٦٢ز) کـردە سـەرکردە، ڕۆمەکان هێرشیان هێنا، ناوەندی وڵاتی موسڵمانانی گرت، کۆمەڵێ خـەڵکی ئـەو شارە چوونە لای فەرماندە (علی بن یحیی) پەیمانێکیان لەگەڵدا ساز کرد، لە ڕاسـت

شەڕکردن لەگەڵ ڕۆمدا کە (لەگەڵیاندا ڕۆیشت، توشی سەربازی ڕۆم بوو، شەڕێکی سەختی لەگەڵدا کردن، لە ئەنجامدا کوژرا و ڕۆمەکان لاشەکەیان برد، ئەوەیان بە سەرکەوتنێکی گەورە دانا، چونکە ئەوانیان شپرزە تێخست)(١٠٨).

بەو شێوەیە دەبینین خەڵکی ئەرمینیا باشترین بەرگرییان لە وڵاتیان کردووە، پاڵپشتی خەلیفەی عەبباسییان کردووە لە دژی ڕۆمدا و هاوپەیمانییان لەگەڵدا بەستووە.

پوختە و سەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە

یەکەم: (یەعقوبی) زانیارییەکی تەواو لە بارەی کورد و کوردستان پێش ئیسلام نادات بە دەستەوە، ئەوەی لە بارەی کوردەوە باسی کردووە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمی (ئەردەشێری کوڕی بابك)، دامەزرێنەری دەوڵەتی (ساسانی)، باسی کردووە،کە کوردستان دەکەوێتە نێوان ئیمپراتۆریەتی ساسانی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەوە.

دووەم: (یەعقوبی) سەر بەپێڕەوی ئیمام عەلی بوو(کرم الله وجهه)، قوڵ بۆتەوە لە گرنگی دان بە ئیمامەکان، (أمیر المؤمنین) تەنیا بۆ ئیمامی عەلی و ئیمام حەسەن بەکاردێنێ (سەلامیان لێبێ) لەناو خەلیفەکانی ڕاشدین (ڕەزای خوایان لێبێ) و خەلیفەکانی ئومەویی و عەباسیدا.

سێیەم: دوای ئەوەی موسڵمانان چەندان وڵات دەگرن، هیچ زانیارییەك دەربارەی کورد نادات تەنیا هەندێك ئاماژە بەو والییانە دەکات لە ناوچەکانی کوردستانداو دەستنیشانیان دەکات.

چوارەم: (یەعقوبی) لە چەرخی ئومەویدا ئاماژە بە بزووتنەوەی (شبیب بن یزید الشیبانی) لە هەرێمی (الجبل) ساڵی (٧٦ك/٦٩٥ز) و بزوتنەوەی (ضحاك بن قیس الحروري) ساڵی (١٢٧ك/ ٧٤٤ز) دەكات لە جەزیرەی فوراتدا، ئەو دوو هەرێمە دەبنە پەناگەی خەواریجەكان و مەڵبەندی بزووتنەوەكانیان لە خەلافەتی ئومەویدا و باسكردنی كورد پشت گوێ دەخات.

پێنجەم: (یەعقوبی) گوێ بە دەوری كورد نادات لە چەرخی عەبباسیدا، تا دەگاتە ساڵی (٢٥١ك/ ٧٨٢ز)، بە بەراورد لەگەڵ باسكردنی میللەتانی تری، وەكو فارس و تورك، ئەم هەڵوێستە لە كاتی نوسینەوەی هەواڵی كورددا، چەند سەرە پەنجەیەكی سەلبی پەیدا كرد، كە كورتی بكێشێ ، زۆربەی جاریش ناتەواو نیوەچڵ بێت، نموونە: بزووتنەوەی (ولید) كوڕی (طریف الشاري)یە (١٧٨ – ١٨٩ك/ ٧٩٤-٧٩٥ز) لە حوكمی هارون ڕەشیددا، دیسان بزووتنەوەی (بابك الخرمی) لە (٢٠٠-٢٢٣/ ٨١٦ – ٨٣٧ز)، كە بە دەركەوتوترین و ترسناكترین بزووتنەوە دادەنرێ لە دژی خەلافەتی عەبباسیدا، كورد لەو بزوتنەوەیەدا بێزاری خۆیان گوزارش دەكەن لەو توندوتیژی و ستەمەی سەركردە و والییەكانی عەبباسیەكان ئەنجامیان داوە لەكوردستاندا.

شەشەم: ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستماندایە، زانیاری تەواو یەكلاكراوانەمان پێ نادەن لە بارەی مێژوی مردنی (یەعقوبی)، هەرچەندە زۆربەی سەرچاوەكان بۆ ئەوە دەچن مردنی (یەعقوبی) ساڵی (٢٨٤ك/ ٨٩٣ز) بووە، بەڵام ئاماژەیەك هەیە لەمێژووەكەیدا مردنی بۆ دوای ساڵی (٢٩٢ك/ ٩٠٥ز) دەگەڕێتەوە. دەڵێ:

(شەوی جەژنی ڕەمەزانم لە یادە لە ساڵی (٢٩٢ك) دا، لە یادمە (ابن طولون) لە جێدابوو لەم شەوەدا، لەناو جل و بەرگ و دروشمی ڕەنگا و ڕەنگ و بەرگی گرانبەهادا بوو، لەناو دەنگی تەپڵ و زوڕنای تیژدا بوو، ئەو كاتە فكرەیەكم بۆ

هات و دایگرتم، ئەو شەوە خەوتم، گوێم لە دەنگێ بوو بەئیلهام هاواری دەکرد لە خەونمدا (گەر (ابن طولون) ڕۆیشت، موڵك و جوانیش دەڕوات)(١٠٩).

وەك ئاشكرایە ڕوخانی دەوڵەتی (الطولونية) لە ساڵی (٢٩٢ك) دا ڕوودەدات، ئەمەش بەڵگەیەكی نوێیە ئەو بڕوایەمان بۆ پەیدا دەكات،كە وەفاتی ئەو لە دەوروبەری (٢٩٢ك/ ٩٠٥ز) دا دەبێت(١١٠).

پەراوێزەکان:

١- یاقوت الحموي، معجم الأدباء، ج٥، ل: ١٥٣-١٥٤.

٢- ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج٢، ل ٤٠.

٣- كراتشوفسكى، تأريخ الأدب الجغرافي عند المسلمين، ج١، ل ١٥٣.

٤-ئەرمينيا: ولاتێکە دەکەوێتە (برذعة) وە تا دەروازەی دەروازەکان لەلایەکی تـرەوە بـۆ ولاتی رۆم چیای (القبق) و (صاحب السرير) لە هەرێمی پێنجەمدا. (یاقوت الحموي، معجم البلدان، مج١، ل ١٣٢-١٣٣.

٥- (الطاهر)یەکان: ئیماراتیـان لـە خۆراسـان و ناوچـەی تـری خۆرهـەلاتی ئیسـلامیدا دامەزراند، بە سەرکردايەتی (طاهر بن الحسن)دا، لـە خەلافـەتی (المأمون)دا سـالی (٢٥٠ك/٨٢٠ز)دا، تـا سـالی (٢٥٩ك/ ٨٧٢ز) حوکمیـان بـەردەوام بـوو، سـەیری (ميسون هاشم مجيد، الخلافة العباسية بدويلات المشرق في قرن الثالث الهجري وحتى نهاية القرن الخامس الهجري، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، جامعة الموصل، ١٩٨٣) بکە.

٦- معجم الأدباء، ج٥، ل ١٥٤.

٧-ياسين ابراهيم الجعفرى، اليعقوبى المورخ والجغرافى، ل٢٤

٨-اليعقوبى، مشاكلة الناس لزمانهم، ص. ٣٥

٩- كراتشوفسكى، سەرچاوەی رابردوو، ج١، ل: ١٥٨

١٠- اليعقوبى، البلدان، ل.٣

١١- الطبري، تأريخ الطبري، ج١٠، ل.٧٩

١٢-اليعقوبى، تأريخ اليعقوبى، ج٢، ل١٢٢-١٢٤.

١٣-هەمان سەرچاوە، ج٢، ل١٢٣-١٢٤.

١٤-ياسين ابراهيم الجغفرى، سەرچاوەی رابردوو، ل:. ٤٠

١٥-معجم الادباء ل: ١٥٣-١٥٤.

١٦-فرانس روزنتال، علم التأريخ عن المسلمين، ل١٨٦-١٨٤.

١٧-سيد عبدالعزيز سالم، التأريخ العربى والمورخون، ل.٩٩

١٨-اليعقوبى: تأريخ اليعقوبى، ج٢، ل.٢

١٩-دراسات عن مورخين العرب، ل.١٣٩
٢٠- عبدالعزيز الدوري (بحث في نشأة علم التأريخ عند العرب، ل.٣٤
٢١-روزنتال، سەرچاوەی ڕابردوو، ل.١٢٥
٢٢- مرجليوث، دراسات عن المؤرخين العرب، ل١٣٩.
٢٣-سەرچاوەی ڕابردوو، ل.١٣٩
٢٤-عبدالعزيز الدوری، سەرچاوەی رابردوو، ل٥٢-٥٣.
٢٥-البلدان، ل٧-١٠.
٢٦-هەمان سەرچاوە، ل٧-١٠.
٢٧-(ئەردەشێر)ی کوڕی (بابك) کوڕی (ساسان)ی (ئەسفەر) کوڕی (خك) کوڕی (مهرس) کوڕی ساسانی گەورە، کوڕی (بەهمەن) کوڕی (ئەسفنديار) کوڕی (بشتايق)، پادشایەکی ساسانی یە بەسەر دوا سەرلەشکری دوا پادشای (ئەرشاقیەکان)دا (لطبان)ی پێنجەمدا لە شاری (ئەهواز) دا لە ساڵی (٢٢٤/٢٢٦) دا سەرکەوت.
(ابو حنيفة الدينوري، الأخبار الطوال، ل٨٤. (كريستن، ايران في عهد ساسانيين، ت: يحيى الخشاب، بيروت ١٩٨٢م، ل٤٨٦.
(سامی سعيد الاحمد) و (رضا جواد الهاشمي): (تأريخ الشرق الأدنى القديم ايران واناضول، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، د.ت، ل.١٥٢
٢٨-اليعقوبی، تاريخ اليعقوبی، ج٢، ل .١٥٨
٢٩-وڵاتی جەزیرەی فوراتی: دەکەوێتە نێوان دیجلە و فوراتەوە، لە بەرزاییەکانی عێراق و دەوروبەری وڵاتی شام، سەیری (ابن عبدالحق، مراصد الإطلاع، ج١، ل٢٥٨)بکە. (سوادي عبدمحمد، الأحوال الإجتماعية والإقتصادية في بلاد الجزيرة الفراتية، ل٣٣-٣٨
٣٠- اذربيجان: (ئاذر) بە پەهلەوی ئاگرە، (بايجان) واتە: خەزنەدار، بە مانای خانەی ئاگر يان دەرگەوانی ئاگرێت.
ئازەربیجان بە بەشێك لە (برذعة) دادەنرێ لەخۆرهەڵاتدا دەگاتە خۆرئاوای (ئاوزنجان) سنووری دەگاتە باکوری وڵاتی (ديلم) و (الجبل) و (الطرم). شارە ناودارەکانی وەکو: (تبريز) و (مراغه) و (سەلماس) (مورمییە) و (ئەردەبیل) و (خوی) و (مرند) ....هتد. (ياقوت، معجم البلدان، ج١، ل١٠٩).

هەروابڕوانە (حسام الدين علی غالب، اذربيجان ٤٢٠-٦٥٤ك، ١٠٢٩-١٢٥٦ز، دراسة في احوالها السياسية والحضارية) نامەی دكتۆرا، بڵاونەكراوەتەوە پێشكەش، (كلية الآداب، جامعة بغداد) كراوە (بغداد/ ١٩٨٤)، ل٣٤-٣٧. (احمد عبدالعزيز محمود، الإمارة الهذبانية الكردية في اذربيجان واربيل والجزيرة الفراتية من (٢٩٣-٦٥٦هـ، ٩٠٥-١٢٥٨م)(ل٣٣-٣٦).

٣١-اليعقوبی، تأريخ، ج٢، ل.١٥٩

٣٢-هەمان سەرچاوە، ج٢، ل١٦٧-.١٦٨

٣٣-هەمان سەرچاوە، ج٢، ل.١٥٧

٣٤-(الرها) شارێكە لە جەزیرە لە نێوان نەینەواو شامدایە، (یاقوت، البلدان، مج ع، ل.٤٥٠

٣٥-(حەران) شارێكی ناوداره دەكەوێتە دەڤەری جەزیرە، تا باكوری شاری (الرها)، لەسەر ڕێگای نەینەوا و شام و ڕۆم، (یاقوت، البلدان، مج ٣، ل١٣٠). (ابو الفداد: تقويم البلدان، ل٣٧٧).

٣٦-اليعقوبی، تأريخ اليعقوبی، ج٢، ل.١٥٧

٣٧-(كور الاهواز) جنديسابوره، (سوس) شووشە، (تستر) بریتییە (ششتر، ایذج)، هەمان سەرچاوە، ج٢، ل١٧١-.١٧٧

٣٨-جەلەولا: شارێكە دەكەوێتە پارێزگای دیالە، نێوان ئەوێ و دیالە (٧) فەرسەخە (٤٢كم)، تا ئێستا نیوەی دانیشتوانی كوردە، یەكێ لە ناوچەكانی ئەو كورە (پارێزگا)یە (استان قباذ)ە دەڤەری (السواد). پێنج گوندی بەسەرەوەیە، (٧) فەرسەخ (٤٢كم) لە خانەقینەوە دوورە، لەسەر ڕێگای خوراسانە. (یاقوت الحموی، البلدان، مج٣، ل٧٠-٧١. (ابو الفداء، تقويم، ل٣٠٤، بۆ زانستی تر بڕوانە (حكيم احمد خۆشناو، الكورد وبلادهم عند البلدانيين والرحاله المسلمين، ل١٨١).

٣٩-اليعقوبی، تأريخ اليعقوبی، ج٢، ل٩٥. (ابن الأثير، الكامل في التأريخ، ج٣، ل٧٩).

٤٠-یەزگورد كوڕی شەهریار كوڕی كیسرای كوڕی پەروێز: یەزگوردی سێیەمە، دوا پادشای ساسانییە، ساڵی(٣١ك، ٦٥٢ز) لە دەسەڵاتی عوسمانی كوڕی عەففاندا دەكوژرێ، میرێكە لە نەژادی شاكیسرای پەروێز، لەبەرامبەر پەلاماری موسڵماندا لە

شەڕی قادسیە و مەدائیندا، سوپاکەی شکستی هێنا لە (١٦ك/ ٦٣٧ز)دا ڕادەکات لە شاری (مرو) لەناو دەچێ و ئیمپراتۆری ساسانی دادەڕمێت.

(ابن سعد، طبقات، ج ، ل١٨٧). (الدینوري، الأخبار الطوال، ل١١٤-١٣٣). (الیعقوبي، تأریخ، ج١، ل١٥١).

(الطبري، تأریخ، ج٤، ل١٨٠). (ابن خلكان، وفیات الأعیان، ج٤، ل٥٩). (ئارتەر کریستین، ایران في عهد ساسانیین، ت: یحیی الخشاب، بیروت، ١٩٨٢ز، ل٤٨٦-٤٨٩.

٤١-نەهاوەند: شارێکی ناوداره (٨٤کم) لە هەمەدان دووره، (یەعقوبی) لە کتێبی (البلدان)دا، ل٨٤). (الاصطخري، المسالك والممالك، ل١١٨). (یاقوت: البلدان، مج٨، ل٤٠٩).

٤٣- هەرێمی (الجبال): مەبەست لە هەرێمی چیا (اقلیم الجبال: ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوره لە چیای زاگرۆسی ئێستادا، زۆربەی دانیشتوانی کوردە، (الاصطخري: المسالك و الممالك، ل٥٨).

الیعقوبی، البلدان، ل٣٩. (ابن رسته: الاعلاق النفیسه، ل١٥٠. الادریسی: نزهه المشتاق، ل.٢٢٣

٤٣-(ئەهواز) کورەیێکە یان پارێزگایێك بە تەواوی، هەرچی وشەی شار (البلد)ە، کە بە زۆری بۆ بەکاردێ لای خەڵکی مەبەست لە (بازاڕی ئەهوازە)، بەڵام هەرێمی (الاقلیم) ئەهواز لە (٧)کورە (پارێزگا) پێك دێ، دەکەوێتە نێوان بەسرە و فارس، هەر کورەیە ناوی خۆی هەیە، (یاقوت، البلدان، مج١، ل٢٢٦-٢٢٧).

٤٤-(عیاض) کوڕی (غنم الفهري): یەکێکە لەوانەی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)ی بینیووە، بەر لە کۆچکردن بە (٤٠)ساڵ پەیدا بووە (٨٣٥ز)، بەر لە (حودەیبیە) موسڵمان دەبێ، لە گرتنی شام و عێراق بەشدار دەبێ، شاعیرێکی باش و سەخی بووە، لە ساڵی (٢٠ك/ ٦٤٠ز) مردووە لە شامدا، دوای ئەوەی (٦٠)ساڵە دەبرێت. (ابن سعد/ الطبقات الكبرى، ج٧، ل.٣٩٨

٤٥-(الرقة): شارێکی ناودارە، دەکەوێتە سەر کەناری فورات، بەشی خۆرئاوا لە سوریادا، بەرلە تێکەڵ بوونی ڕووباری (بلیخ) بە ڕووباری (فورات). (یاقوت/ البلدان، مج٤، ل٤١٤.

(القزوینی/ آثار البلاد، ل.٢١٤
٤١-(سروج): شارێکە لە (حەران) نزیکە لە هەرێمی جەزیرە. (یاقوت، سەرچاوەی ڕابردوو، مج٥، ل٤٣).
(السیوطي، تأریخ الخلفاء، ل١٣٢).
٤٧-(نصیبین): شارێکی ئاوەدانە لە جەزیرە لەسەر شەقامی کاروانەکانی نەینەوا و شـام، ئێستا دەکەوێتە بەشی کوردستانی تورکیا و سەر بە ویلایـەتی (مێردینـە). (یـاقوت، سەرچاوەی پێشو، مج٨، ل٣٩٠). بۆ زانیاری پـتر بڕوانـە(ابن حوقـل، صـورة الأرض، ل١٩٣-.١٩٤
٤٨- ابـن قتیبـة، الإمامـة والسیاسـة، ج١، ل٤٦. (الیعقـوبي، تـأریخ الیعقـوبي، ج٢، ل١١٢-١٢٣).
٤٦-(البیلقان: شارێکە دەکەوێتە ئەو دەشتاییەی لە نێوان (الكر) و(الرس) یان (ئاراس)دا درێژە دەبێتەوە، بەر لەوەی بەیەك ڕێڕەودا یەك بگرنەوە لە هـەرێمی (الـرّان-ئـاران)ی هەنووکـە لـە جۆرجیـا. (خرداذبـة، المسـالك و الممالـك، ل١٢٠). (المقدسـي، أحسـن التقاسیم، ل١٥٩). (البکری، معجـم مـا استعجم، ج١، ل٢٧٩). (یـاقوت، البلـدان، ج٣، ل٤١٩).
٥٠-(البرذعة: ئەو شارە دەکەوێتە نێـوان هـەردوو شـاری (بـاب الابـواب) (الشـماخیە): نزیکەی (١٠٨کم) لە هی یەکەم و (٨٤کم) لە هی دووەم دوورە، لە هـەرێمی (الـران-ئاران)ی جۆرجیای هەنووکە.
(ابـن خرداذبـة، المسـالك والممالـك، ل١٢٢). (الاصـطخري، المسـالك والممالـك، ل١٩٢). (الادریسي، نزهة المشتاق، ل٢٨٥-٣٨٦). (یاقوت، البلدان، ج٢، ل٣٠٠).
٥١-الیعقوبی، تأریخ الیعقوبی، ج٢، ل١٥٧-.١٥٨
٥٢-هەمان سەرچاوە، ج٢، ل١٤٧-١٨٩-.١٩١
٥٣-ابن سعد (الطبقات الکبری، ج٢، ل٣٤٩، ج٦، ل.٢٤٧
٥٤-(محمد رضا الامام علی ابن ابي طالب (کرم الله وجهه) ، بڕوانە (الخلفا ءالراشـدین، القاهرە، ١٩٣٩م، ل٥).
٥٥-شارەزور: بە کورەیەکی فراوانی وەسف کردووە لە چیا (الجبـل)دا، لـەنێوان هـەولێر و هەوراماندا، چەند شارو دێهاتێك دەگرێتەخۆ، شارۆچکەکە (القصبە) شـارێکی گـەورە

بووە بە (نیم ئەزرای) ناسراو بووە، دەکەوێتە نێوان ڕێگای (طیسفون) و (شیز)، دەکەوێتە پارێزگای (سلێمانی) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەو دەشتە تا ئێستا هەمان ناوە مێژووینەکەی هەڵگرتووە.
(یاقوت، البلدان، مج٥، ل١٦٥). (نیم ازرای) وشەیەکی کوردی لێکدراوە واتە (نیوەی ڕێگا). (بڕوانە (حکیم احمد خۆشناو، الکرد وبلادهم عند البابلین والرحالە المسلمین، ل١٧٥، پەراوێز[٢]).

٥٦-(الیعقوبی) تأریخ الیعقوبی، ج٢، ل٢٠٦، بۆ ڕاڤەی بزوتنەوەکە بڕوانە(فائزة احمد عزت، الکرد في اقلیم الجزیرة الشهرزور، رسالة ماجستیر منشورة، کلیة اداب، جامعة صلاح الدین، اربیل، ١٩٩٠ز، ل١١٠ بۆ دواوە.

٥٧-الیعقوبي، تأریخ الیعقوبي، ج٣، ل.٢٣

٥٨- هەمان سەرچاوە، ج٣، ل.٨٥

٥٩- فائزة محمد عزت، سەرچاوەی ڕابردوو، ل.١١٥

٦٠- السیوطي، تأریخ الخلفاء الراشدین، ل٢٥٥. أحمد عبدالعزیز محمود، الأمن في بغداد خلال العصر العباسي الأول، ل١٤٥-٢٤٧ك/ ٧٦٢-٨٦١ز). مکتب التفسیر للنشر والاعلان، اربیل، ٢٠٠٨م.

٦١-عبدالجبار الجومرد، هارون الرشید، ج٢، ل.١٨٥

٦٢-الیعقوبی، سەرچاوەی ڕابردوو، ج٣، ل١٠٠

٦٣-تأریخ الطبري، ج٨، ل.١٠٢

٦٤-ابن خلکان، وفیات الأحیان، ج٦، ل.

٦٥-تبریز: شارێکە نزیکەی (٥٥کم) لەخۆرهەڵاتی دەریاچەی ئورمی یە(ورمێ) دوورە لەبەشی خۆرئاوای دەشتایی تەبرێزەوەیە. (یاقوت، البلدان، مج٢، ل٤٣). (احمد عبدالعزیز محمود، الإمارة الهذبانیة الکردیة، ل٣٣-٣٤).

٦٦-(نریز): شارێکە دەکەوێتە باشووری دەریاچەی ئۆرمێ (ورمێ)وە، ئێستا شاری سیلدۆز) پێکی دێنێت.

٦٧-شوێنێکە لە شام، یاقوت، سەرچاوەی ڕابردوو، مج٨، ل.٣٥١

٦٨-الیعوبی، تأریخ الیعقوبی، ج٣، ل.١١٧

٦٩-سەرچاوەی پێشو، ج٣، ل.١٦٧
٧٠-سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ل.١٦٨
٧١-المسعودي، مروج الذهب، ج٣، ل١٣٥
٧٢-شورات، گروپێكی كوردی خەواریجن، ناویان له خۆیان دەنێن شورات، به پشت بەستن بەم ئایەتە﴿ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ﴾ (التوبة: ١١١).

(الهمدانی، صفه جزيره العرب، ل٢٤٧. بڕوانە (احمد عبدالعزيز محمود، علاقه الكرد بالخوارج، خلال العصر الاموی، ٤١-٣٢ك/ ٧٤٩ز).
باسێكی بلاّونەكراوەیه له گۆڤاری (الاستاذ)دا، ابن رشد، جامعة بغداد، ژماره [٦٧] سالّی ٢٥٠-.٢٦١
٧٣-الهمداني، صفة جزيرة العرب، ل٢٤٧. نايف معروف، الخوراج في عصر الاموي، ل٢٥٠-.٢٦١
٧٤- معن بن زائدة الشيباني، (ابو الوليد معن) كوڕي (زائدة) كوڕی (عبدالله) كوڕي (مطر) كوڕي (شريك) كوڕی (الصلب) كوڕی (عمرو) كوڕی (قيس) كوڕی (شراحيل) كوڕی (مره بن همام) كوڕی (عدنان). لەلایەن خەواریجەكانەوه له سبحستان سالّی (١٥٢ك/ ٧٦٩) یان (١٥٨ك/ ٧٧٤ز) تیرۆر دەكرێت. (ابن خلكان، وفيات الاعيان، ج٥، ل٢٤٤-.٢٤٨
٧٥-محمد جاسم حمادی، الجزيره الفراتيه والموصل، ل.٥٧٤
٧٦- (دیار رەبیعە): سەرچاوەكان بەو ناوچانەی دەكەونە باكوری باشوری نەینەوا (موصل) دەڵێن دیار رەبیعە.
(یاقوت، البلدان، مج٤، ل٣٣٠). بۆ زانستی پتر بڕوانە (ابن خلكان، وفيات الاعيان، ج٦، ل٣٢٧).
٧٧-اليعقوبی، تأرخ اليعقوبی، ج٣، ل.١٦٩
٧٨-تاريخ اليعقوبی، ج٣، ل٢٨٣ بۆ دواوه.
٧٩-هەمان سەرچاوە، ج٣، ل٢٢١ بۆ دواوه.
٨٠-هەمان سەرچاوە، ج٣، ل ٢٢١-.٢٢٢

٨١-(حسين حوزنی موكری) ئاورێكی پاشەوە، ل.١٩

٨٢-زرار صديق توفيق الكرد فی عصر العباسی حتی مجئ البوهيين، نامەی ماجستير (بلاونەكراوەتەوە، جامعه صلاح الدين، اربيل، ١٩٩٤، ل.١٠٠

٨٣-اليعقوبی، سەرچاوەی ڕابردوو، ل.٢٩٣

٨٤-توفيق، سەرچاوەی ڕابردوو، ل.١٠٠

٨٥-(الخرميه): گروپێكی ئاينين، بۆ هەندێ لە بڕوایەكی ئێرانی كۆن دەگەڕێنەوە، وەكو ئايينی (مزدەكی) و (زەردەشتی)، لە سەدەی دووەمی كۆچيدا دەركەوت، هەشتەمی زاينی، (بابك) بڕوای پێ بووە، نەيارانی عەبباسی لە سەرەتای سەدەی (٣ك/ ٩ز) بەرەوڕووی بوونەوە، (بابك) الخرمی پێ ناسراوە.

بۆ زانستی پتر بڕوانە (الاسفراينی (التبصير فی الدين وتمييز مزقه الناحيه فی الهالكه، بلا ١٩٤٠م، ل٨٠.

(المسعودی، مروج الذهب، ج٣، ل٢٩٤، (ياقوت، البلدان، مج٣، ل٣٠٦. (حكيم خوشناو، الكرد وبلادهم، ل١٤٢).

٨٦-بندلی جوزی، من تأريخ الحركات الفكريه، ل.٧٩

٨٧-هەمان سەرچاوە، ل.٨٣

٨٨-البلدان، ل.٤٤

٨٩-اليعقوبی، تأريخ اليعقوبی، ج٣، ل.١٩٥

٩٠-هەمان سەرچاوە، ج٣، ل.٢٠٣

٩١-هەمان سەرچاوە، ج٣، ل٢٠٤.

٩٢-هەمان سەرچاوە، ج٣، .٢١١

٩٣- (هذان) همذان: شارێكە لە نزيك كورەی (روزراور)، سێ فەرسەخ (٩كم) دوورە، ئيمڕۆ بە (ماه البصره) ناودەبرێ.

(اليعقوبی، البلدان، ل٤١، القزوينی، آثار البلاد، ل٣٧٤).

٩٥-(مرند) شارێكی ناودارە لە (ازربيجان) دەكەوێتە باكوری دەرياچەی ئۆرمييە، (ياقوت، البلدان، مج٧، ل٢٥١).

٩٦-هەمان سەرچاوە، ج٣، ل٢١١-٢٢٢.

٩٨-وان: شارێکی ئەرمینیایە، شارۆچکەیێکە لە چیادا قـەڵای هەیـە، ئێـستا دەکەوێتـە کوردستانی تورکیا، (ابو الفداء، تقویم، ل٣٩٨. (یاقوت، البلدان، مج، ل٤٤١).

٩٩-عبدالرقیب یوسف، الدولة الدوستکیة في کردستان الوسطی، ج١، ل.١٧

١٠٠-ارزن: شارێکی ناودارە، نزیك (خلاط)، قەڵایەکی عاسێی هەیە، ناوەدانترین ناوچەی ئەرمینیایە، (اياقوت، البلدان، مج، ل.١٢٥

١٠١-بەدلیس: شارێکی دەوری ئەرمینیایە، دەکەوێتـە دۆڵـی نزیـك (خـلاط)، باخچـە و دارستانی زۆرە، سێوەکانی نموونەی پێ دەهێنرێتـەوە لـە چـاکی و زۆری و هەرزانیـدا، (ناصر خسرۆ، رحلە ناصر خسرو، ل٥١، یاقوت، سەرچاوەی ڕابردوو، مج٢، ل.٢٨٤

١٠٢-(خیلاط): شارۆچکەیەکە لە ئەرمینیای ناوەڕاست میـوە و ئـاوی زۆرە، (یـاقوت، سەرچاوەی رابردوو، مج٣، ل٢٤١).

١٠٣-الیعقوبی، تأریخ الیعقوبی، ج٣، ل١٦٧-.١٦٨

١٠٤-هەمان سەرچاوە، ج٣، ل.٢٢٠

١٠٥-هەمان سەرچاوە، طبعة بیروت، ١٩٩٩، ج٢، ل.٣٣٤

١٠٦-هەمان سەرچاوە، ج٢، ل .٣٣٤

١٠٧-(الکرج): دانیشتوانی جۆرجیان، (یـەعقوبی) دەڵـێ: (خـەڵکانێکی مەسـیحین، لـە چیای (القبق) و شاری (السریر) دانیشتون، بەهێز و دەسەڵات دەبن، شـاری (تفلـیس) دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، ویلایەتێکیان هەیە بەناوی خۆیانەوە، معجم البلدان، مج٧، ل.١٢٦

١٠٨-الیعقوبی، تأریخ الیعقوبی، ج٣، ل: ٢٢٧-.٢٢٨

١٠٩-الیعقوبی، البلـدان، الطبعـة لایـدن، ١٣٧٢هــ، طبعـة النجـف، العـاملی، اعیـان الشیعە، ج١٠/ل:٣٣٥

١١٠-السیوطي: حسن المحاضرة في اخبار مصر والقاهرە، ج٢، ل١٣

کورد له کتێبی مێژوویی (الطبري)دا

مێژونووس (٣١٠ك/٩٢٢ز) کۆچی دوایی کردووه

کرداری نووسینەوەی مێژووی کورد، هەر لە سەرەتای تۆمار کردنەوە بە چەند قۆناغێکدا ڕەت دەبێ، لەهەموو قۆناغەکاندا کەسانێ هەڵکەوتون مێژوو بنووسنەوە، ئەوەی سەرنج ڕاکێشە زۆربەی ئەوانەی مێژووی کوردیان نوسیوەتەوە کوردن نەبوون، چونکە کورد دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی هێزی جیا جیاوە.

مێژونووسان بە نوسینەوەی هەواڵ و ڕووداوی پچڕ پچڕ و، لێرە و لەوێ هەڵساون بە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە، هەندێکیان مێژوویان هەر لەسەردەمی خەلیفەوە نوسیوە، تا ئەو سەردەمی تێیدا ژیاون، لە وانەش (الطبري)، کە ئەم باسەمان بۆ ژیان و ڕێبازی لە کتێبە ناودارەکەی دا (تأريخ الأمم والملوك)دا بۆ تەرخان کردووە، سەرباری باسی کورد لەناو ئەو ڕووداوانەی تۆماری کردوون، لەگەڵ دەرهێنانی ئەو سەرەنجامانەی لەو گێڕانەوانەدا هاتوون تایبەت دەبن بە گەلی کوردەوە.

مێژوی (الطبري) لەو کتێبانە هەژمار دەکرێ، کە مێژووی گشتییان نووسیوە، بەڵام ئاماژە بەو ڕووداوە گشتییانە دەکات، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کوردەوە هەیە، وەك ئاماژەمان بۆ کرد، لەبەر ئەوە بە کارێکی نایاب و مەزن هەڵساوە بۆ خزمەتی مێژووی دەوڵەتان و پادشایان و میللەتان و نەتەوەکان، وێڕای خزمەتی بە

گەلی کورد لەو بــوارەدا، کــە هــەواڵ و باســی ئەوانیشــی پشــتگوێ نەخســتووە و تۆماری کردووە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین گەر مێژووی (الطبري) و هەنــدێ مێــژووی تــر نەبـــوایە، هەواڵ و باسی کورد لەناو کۆگای کتێبەکاندا بزر دەبوو.

ئەم باسە بابەتییەمان بەسەر چوار تەوەردا دابەشکردووە:

تەوەرەی یەکەم: تایبەتە بە ژیانی (الطبري) کتێبەکەی (تأريخ الامــم والملــوك-تاريخ الطبري) و سەرچاوەکانی نوسینی و ڕێبازی لەنوسینەوەی مێژوودا.

تەوەرەی دووەم: تەرخان کراوە بۆ ئەو هەواڵانەی کە (الطـبري) لە بارە کــوردەوە باسی کردوون بەر لە هاتنی ئیسلامدا، سەرباری گرتنی ناوچــە کوردنشــینەکان لــە سەردەمی خەلیفــە ڕاشــیدینەکاندا (ڕەزای خوایــان لــێ بــێ) (١١-٤١ك/ ٦٣٢-٦٦١ز).

تەوەری سێیەم: تەرخانم کــردووە بــۆ هــەواڵی کــورد لــە ژێــر بــاڵی دەســەڵاتی ئومەویداو ئەو بزووتنەوە و سەرهەڵدانانەی کــورد بەشــداری تێــدا کــردوون دژ بــە دەوڵەتی خێڵی ئومەوی دا(٤١-١٣٢ك/ ٦٦١-٧٤٩ز).

تەوەری چوارەم: باسم لە کورد کردووە لــە دەوڵــەتی عەبباســیدا و ڕۆڵیــان لــە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی عەبباسیدا و باسکردنی هەندێ لە کەســایەتیە کوردەکــان لەم دەوڵەتەدا، وێڕای ئاماژە کــردن بــەو بزووتنەوانــەی کــورد پێــوەی هەڵســاوە و بەشداری تێدا کردووە لە دژی دەوڵەت و خەلافەتی عەبباسیدا.

ئــەم پوختەیــە ماوەیــەکی زۆری لــە ژیــان بردومــە، تــا نوســیوومەوە، لــە تاووتوێیەکی درێژدا پێشکەشی دەکەم بە مێژوو نوســێك، شــایان بەوەیــە نازنــاوی سەرداری مێژوونووسانی پێ بدرێ لە مێژووی ئیسلامیدا، تــەواوی داواکــاری مــن ئەوەیە بەخت و شانس یاوەرم بێ، کە وێنەیەکی ڕوون بە ڕواڵەتــە جۆراوجۆرەکــانی

جیهانی ئیسلامی ببەخشم، لە سەدەی (١٣ی کۆچی/ ٩زایینی)دا، هەروەها بەو مێژوونووسە بەڕێزە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی، کە خاوەنی زۆر باس و نووسینە، تا بکەوێتە بەر دەستی لێکۆڵەرانی کورد، کە دەیانەوێ هەڵوێستە بکەن لە سەر لایەنی سیاسیی و ئیداریی و شارستانیی و ئابووریی ژیانی کورد لەو چەرخەدا، بارودۆخی شارەکان و هەرێمە کوردییەکان لەناو بازنەی جیهانی ئیسلامی ئەو سەردەمەدا بزانن.

خودای گەورەش یارمەتیدەر و ڕێنموکارە.

باسی یەکەم

ژیاننامەی (الطبري)[1]:

ناوی تەواوی (طبري): (ابو جعفر) کوڕی (جرير) کوڕی (یزید) کوڕی (کثیر)ە، (الطبري) لە (تەبرەستان) چاوی بە دنیا هەڵهێناوە و لە کۆتایی (٢٢٤ك/ ٨٣٨ز)دا لەدایك بووە، هەر لە تافی منداڵییەوە گەشتی خوێندنی کردووە، وەکو زانا موسڵمانەکانی سەردەمی خۆی کردووە، دەڕواتە (بەغداد) پاشان بەرەو (میسر) و شاری (کەنانە) دەچێت، لەوێوە بەرەو شام و عێراق، سەری خۆی هەڵدەگرێت، زۆر زانست و زانیاری کۆدەکاتەوە، لەهەموو بوارە زانستییەکاندا، خۆی پڕ زانیاری دەکات.

پاشان لە شاری بەغداد (دار السلام) دادەنیشێت، دەست بە خوێندنی (فەرموودە) و (فیقە) دەکات و بەر دڵی دەکەون و کاری تێدەکەن، سەردەمی ئەو بە چاخی دەمەقاڵێی و دەبەریەکڕاچوونی (کەلامی) ناسراوە لە نێوان پێڕی (ئەهلی سوننە) و (موعتەزیلە)، کە خاوەنی مەزهەبی (فکریی) بوون، لە هەموو پێڕە ئیسلامییەکاندا زیاتر کەوتوونەتە ژێر کلتوری (یۆنانی)یەوە، (الطبري) زانیاری باشی لە بارەی لۆژیك (المنطق)ەوە دەبێت.

دیسان ئاشنایەتی باشی لەگەڵ ماتماتیك هەبووە، هاوکات ڕەوتی سوننەتی گەری پارێزگاری بەسەردا زاڵ دەبێت[2].

ڕۆشنبیری فراوانی لە فیقهو فەرموودە هەبووە، بەرهەمە مەزنەکانی لە ڕێگـای کتێبی (تأريخ الامم والملوك) دەست ئێمە گەیشتووە، کە مێژوویەکی گشتگیرە لـە ڕاست مرۆڤـایەتییەوە،کە بـەپێی سـاڵەکان ڕێکخـراوە، لـە سـەرەتای مێـژووەوە دەست پێ دەکات تا (٣٠٢ك/ ٩١٤ز)، لە چەند بەرگێك پێك دێت، (الطـبري) لـە نووسراوەکەیدا ڕێگای (اسـناد) بـەکاردێنێت، ڕوانـینی ئـەو، تـا ڕادەیـەك وەکـو فەرمودە زان و فەقیهی توێژینەوەی سەرەتایی و ڕۆشنبیریەکەی کاری تێ کـردووە، بۆیە لەو بازنەیەدا لە کاتی تۆمارکردنی مێژوودا جولاوەتەوە [٣].

(الطبري) لە ڕووی ڕۆشنبیریەی مێژوویی ئیسـلامییەوە، جێـی ڕێـزی زانایانـە، چونکە لە تاووتوێ کردنی بابەتە گرنگ و هەستیارەکاندا وردەکار بووە، لە سـایەی هەڵسانی بە کۆکردنـەوەی کەرەسـتەی زانسـتی وەرگـیراو لـە کتـێبی فـەرمودە و تەفسیرو زمـان و ئـەدەب و ژیاننامـە و غەزانامـە و، تـا دەقـی شـیعر و وتـار و پەیمانەکان و تێکست و دەق و بەڵگەنامـە مێژووییـەکان و ئەدەبیـەکان، (الطـبري) جێگایەکی تایبەتی لەنێو زانا موسڵمانەکاندا بەدەست دەهێنێت.

٢-پێناسەی کتێبی (تأريخ الامم والملوك):

ئەو کتێبە گەورەیە (تأريخ الامم والملوك) مێژووی گشـتیی پـۆلین دەکـات، بـە دروست بوونی جیهانی دەست پێ دەکـات و لـە (٣٠٢ك/ ٩١٤ز) کۆتـایی دێـت، سنورێکی زەمەنی هەیە، لە چەند بەرگێك دایە بە (تأريخ الامم والملوك) ناسـراوە، یان (تأريخ الرسل والملوك) یان (تأريخ الطبري).

لە بەرگی یەکەم و دووەمدا بە پشت بەستن بە قورئانی پـیرۆز، باسـی مێـژووی مرۆڤـایەتی دەکات لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونیەوە، پاش ئـەوە تایبـەتی کـردووە بەمێژووی (ساسانیەکان)ەوە لـە (٢٢٦-٦٥٠)ز، لـە بڕواپێکراوتـرین سەرچـاوەی

بنەڕەتییـــە، کـــە پشـــتی پـــێ دەبەســـترێ بـــۆ زانـــینی مێـــژوو و کەســـایەتییە مێژووییەکان[٥].

هەروەها باس لە سێ سەدەکانی کۆچی دەکات، بە وردودرشتی دەبەری ڕاچووەو زانیاری گشتیی هێناوەتەوە، ڕووداوی سەردەمی خۆی پشتگوێ خستووە.

هەلی زەمانی و شوێنی، لای (الطبري) بەستراوەتەوە بە گێڕانەوەیـەك تـا چـەند گێڕانەوەیەك، ئەو هەندێ ڕووداو زیاتر لە جارێك دەگێڕێتەوە، هیچ گێڕانەوەیەك بە چاكتر دانانێ لە گێڕانەوەی تر، ئەو، هەڵوێستی بێ لایەنی دەگرێـت[٦]، لـە بـواری هەنوكە دوور دەكەوێتەوە، وەك ئاماژەمان بۆ كرد.

دیسان (الطـبري) لە كتێبەكەیدا ئەوەی مێژوونووسـان پێـوەی هەڵسـاون تـەواو دەكات، وەكو (الواقدی) (ت٢٠٧ك/ ٨٢٢ز)، (ابـن سـعد) (ت ٢١٠ك/ ٨٤٤ز) و (الـبلاذري) (ت ٢٧٩ك/ ٨٩٢ز)، (اليعقـوبی(ت٢٩٢ك/ ٩٠٥ز)، زەمینـەش بـۆ مێژونووسانی دوای خۆی خۆش دەكات وەكو: (المسـعودی: ٣٤٦ك-٩٥٧ز) و (ابـن مسكويه (ت ٤٢١ك/١٠٣٠ز) و (ابن الأثير) (ت ٦٣٠ك/ ١٢٣٢ز)، (ابن خلدون) (ت ٨٠٨ك/ ١٤٠٥ز). دیار نییـە بـە وردی لـە كـام كاتـەوە مێـژووی (الطـبري) دەستی پێكردووە، بەڵام پێ دەچێ لـە دوای نووسـینی ((تفسـير الطـبري) دەسـتی پێكردبێت.

(الطبري) لە مێژووكەیدا بـە بەڵگـە ئامـاژەی بـە ڕوودانـی زەمـەنی كـردووە، ئاماژەی كردووە دوای ئەوەی خوا خامـە (قەڵـەم)ی دروسـت كـردووە، دوای ئـەوە شتی تری وردە ورد بەدیهێناوە، وەك لەگێڕانەوەكاندا هاتووە، پاشان باسی (ئـادەم) دەكات (سەلامی خوای لێ بێ)، دوایی وەكـو ریزبەنـدی تـەوڕات، پێغەمبـەران و ڕەوانەكراون بە دوای یەكتردا بـاس دەكـات، ئـەو ڕووداوانـەی لـە چـاخی ئەوانـدا ڕوویداوە دەخاتەڕوو، ئەو ڕوودانەی لـەو سـەردەمەدا ڕوو دەدەن پیشـانیان دەدات،

ئـەوەی لـە قورئانـدا هـاتووە لـەدەربارەیان، بـەپێی زانیـاریی هـەواڵی پادشـایان سـەردەمی ئـەوان باسـیان دەکـات. بـە تایبـەتی هـەواڵی ئـەو گەلانـەی دوای پێغەمبەران هاتوون، تا دەگاتە کاتی هاتنی پێغەمبەری خودا (موحەممەد) (صـلی الله علیه وسلم).

هەرچی بەشی ئیسلامییە، بـەپێی ڕووداوەکـان ڕیزبەنـدی کـردووە، لـە سـاڵی کۆچییەوە، تا ساڵی (٣٠٢ك/ ٩١٤ز)، لەهەر یەك لەو سـاڵانەدا ئـەو ڕووداوانـەی باسکراون و ئەو ڕۆژانەی ناویان دەرکردووە باسی کردوون، ئەگەر ئەو هەواڵانە درێژ بن، بەپێی ڕیزبەندی ساڵەکان کورتیان دەکاتەوە، یاخود بە پـوختی ئاماژەیـان بـۆ دەکات، دوایی لە شوێنێکی گونجاودا باسییان دەکات[٧].

زۆر تۆکمەکاریی و کورتکردنەوە و نووسراو بۆ ئـەم کتێبـە دانـراوە، دوور نییـە (الطبري) خۆشی زیادەی خستبێتە سەر، هەرچـەندە هیچـی ئـەومان لـە بارەیـەوە بەدەست نەگەیشتووە.

دیسان (عبدالله)ی کـوڕی (احمـد) کـوڕی (جعفـر الفرغـانی)، خۆیشـی بـەپێی گێڕانەوەی (یاقوت) ئەم کارەی کردووە.

لەکتێبخانەی میللی لە پاریس، دەستنوسێکی هەیە لە بەشی یەکـەمی کتـێبی (محمـد بـن عبـدالملك (الهمـذاني) (ت ٥٢١ك/ ١١٢٨ز)، کـە کردوویـەتی بـە تەواوکەری ئەو، لە ڕۆژانی خەلیفە (المقتدر ابو فضل جعفر بن المعتضد) دەست پـێ دەکات، کە گروپـی (مـؤنس)/ مـردن ٣٢٠ك/ ٩٣٢ز)[٨] لەسـەر دەسـتی ئـەودا دەکوژرێن، تا دەگاتە سەرەتای خەلافەتی (المستظهر بالله ابو العباس احمد المقتـدي) (مردن ٥١٢ك/ ١١١٨ز)[٩]، پاشماوەی تری کتێبەکـە بـە هـەواڵی (عضـد الدولـة) کۆتایی دێ، واتە لە سەرەتای ساڵی (٣٦٠ك/ ٩٧٠ز)دا.

ئەم کتێبە زۆر کەس کورتی دەکاتەوە، لەوانە (ابن الندیم - ابو الفرج محمد بن یعقوب اسحاق (مردن ٣٨٣ك/ ٩٩٣ز) و (محمد بن سلیمان الهاشمی) و (ابو الحسن (الشمشاطي) لە نەینەوادا، کە بە (سلیل بن احمد) دەناسرێ.

دیسان (عریب بن سعد القرطبي (مردن ٣٦٦ك/ ٩٧٧ز) کورتی دەکاتەوە لەگەڵ زیادکردندا. (ابن عذاري المراكشي) ابو عبدالله (مردن ٧١٢ك/ ١٣١٢ز) ئەو مێژووە دەگوازێتەوە، کە تایبەتە بە مێژوی ئەفریقیا و ئەندەلوس، کتێبەکەی باسی (المغرب)ی نەکردووە، هەرچی دەنگوباسی عێراقە، وەکو پاشکۆیەکی مێژوو بە ناوی (صلة تأریخ الطبري) لە ساڵی (٢٩١ك/ ٩٠٣ز) تا (٣٢٠ك/ ٩٣٢ز) چاپ دەکرێت [١١].

(تأریخ الامم والملوك) یەکێکە لەو کتێبانەی،کە لێکۆڵەری مێژووی ئیسلامی سەدەکانی سێیەمی کۆچی، ناتوانێ پێویستی پێی نەبێ، گێڕانەوەکانی درێژوجۆراو جۆرە، هەموو هەل و مەرجەکان دەگێڕێتەوە، بە فراوانی ڕووداوە سیاسیەکان دێنێتە گۆڕێ و زانیاری تەواو دەداتە دەستەوە.

٣-سەرچاوەکانی کتێبەکان:

ئەوەی پەیوەندی بە سەرچاوەکانی (تاریخ الامم والملوك)ەوە هەیە، لەگەڵ بوونی بەهای خودیی گێڕانەوەکان، پشتی بەهێزی ئیسنادەکانی بەستووە، تا ئیسنادەکە لەڕووداوەکە نزیکتر بێ، زیاتر دەبێتەجێی متمانە، ئەو، کامەیان دروست ترە، ئەوە هەڵدەبژێرێ لەناو ئەو وتانەی لەو کاتەدا بڵاوبووینە، (الطبري) لەم کارەدا بەهەمان کاری (مسلم) و (البخاری)، لە ڕاست فەرمودەکاندا هەڵدەستێ.

لەبەر ئەوە (الطبري) زانستی خۆی زۆر باس نەکردووە، ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بە تەواویی پشتگوێ خستووە، وەك ئەوەی شایانی نوسینەوە نەبن، یان لەبەر

ئەوە بووە ترساوە تۆمەتی لایەنگیریی بدەنە پاڵ، زۆر بە کورتی بەسەریاندا ڕەت بووە، بۆیە بە شاهید حاڵی سەردەمی خۆی دادەنرێ، زۆر گومانی لە شاهیدی خۆی کردووە، وێنەی ڕووداوەکانی سەردەمی ئەو بە کزی هاتووە، بە ئەنقەست بێ، یان بە نەزانییەوە بووبێت، گرنگی بەو بوارە نەداوە [١٢].

ئەو، هەموو زانستێکی لە پیاوی پسپۆڕی خۆی وەرگرتووە، (تەفسیر)ی لە پیاوانی وەکو: (مجاهد) و (عکرمه)، یان لە کەسانی تر وەردەگرێ، کە لە (ابن عباس)ەوە گێڕاویانەوە، سیرەو ژیاننامەی لە (ابان ابن عثمان) (مردن ٨٥ك/ ٧٤)و (عروة ابن الزبير) و (شرحبيل بن سعد) و (موسى بن عقبه) و (ابن اسحاق) وەرگرتووە. هەواڵی هەڵگەڕانەوە و گرتنی ولاتانی لە (سيف بن عمر الاسدى) وەردەگرێ[*]، ڕووداوەکانی (الجمل) و (الصفين) لە (ابن منخنف) و (المدائنى) (مردن ٢٤٤ك/ ٨٣٨ز)[١٣] وەردەگرێت.

مێژووی ئومەوییەکان لە (عوانة بن الحكم) و هەواڵی (عەبباسیەکان) لە نووسراوەکانی (احمد بن ابى الخثيمة) (محمد بن كعب القرظي) و (وهب بن منبه) وەردەگرێ، هەواڵی فارسەکان لەو کتێبانە وەردەگرێ، کە لە زمانی فارسییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕدراون، بە تایبەتی نوسراوانی (ابن المقفع) و (ابن الكلبي) (مردن ٢٠٤ك/ ٨١٩ز)[١٤].

دیسان سوودی لە (الواقدى) و کەسانی تر وەرگرتووە، وەك لە باسە زۆرەکانی مەوادەکانی (الطبري) دا دەکەونە بەرچاوت.

(*) (سيف بن عمر): (ابن حجر) له (التهذيب) دا دەڵێ: (ضعيف الحديث)ە (ابن حبان) دەڵێ: (زەندیق) بووە. (وەرگێڕ)

بیرۆكەی مێژوو لای (الطبري):-

درووست بوونی (مێژووزانیی) لای موسڵمانان لە ڕووی بابەتی باس و ڕێبازەكەی تێكەڵ بە (فەرمودەزانی) كراوە، بەڵام بابەتەكە لە ڕاست هەواڵ و فەرمودەكانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) غەزا و ژیاننامەی موسڵمانان دەدوێ، ڕێبازەكەش بریتییە لە گرنگیدان بە باس كردنی سەنەدەكان و سەلماندنی گێڕانەوە و ئیسنادە، لە ڕاست چەمكی تایبەت بە مێژووەوە، مێژووی مێژوونووسان لە ماوەی سێ سەدەی سەرەتایی كۆچی بڵاوبۆوە[١٦].

ڕەچەی (الطبري) بۆ لەسەر ڕۆیشتن، ڕەچەی فەرموودە زانان بووە، ئەو ڕووداوەكان بە ئەندازەی ڕێگاكانی خۆی دەگێڕێتەوە، سەنەدەكە تا دەگاتەوە خاوەنەكەی دەگێڕێتەوە، زۆربەی جار هیچ ڕایەك دەرناخات، لە زۆربەی كتێبەكەدا ئەم ڕێبازە پەیڕەو دەكات، جگە لەوە لەكتێبەكان شت وەردەگرێ‌و، جار هەیە ناوی ئەو كتێبە دەدات، كە هەواڵەكەی لێوەرگرتووە.

(الطبري) ڕۆشنبیرییەكی ئایینی دێرین و قووڵی هەبووە، لە ئاستی زۆرێ لە هاوچەرخانی خۆیدا، ڕێبازی فەرمودە زانانان كاری تێدەكات، بڕوای وانەبوو لە نووسینی مێژوودا، بۆ مێژوونووس درووست بێت، پەنا بباتە بەر بەكارهێنانی لۆژیك (المنطق) و پێك گرتن (القیاس) و هەڵێنجان (الاستنباط)، لە كاتێ ئەوەی بۆ درووست دەبێ ئەنجامی بدات، كە لە بواری فیقهزانیدا موجتەهید بێ و پشت بە تێكست و دەقە بڕوا پێكراوەكان ببەستێت، مێژووی بەم ناوە، تەنیا ڕێكخستنی گێڕانەوەكان و سەلماندنی تێكستەكانە و لێكۆڵینەوەیەكە لە سەنەدەكان و قەواڵەكان، بەر لەوەی سەیركردنێكی ناوەڕۆكی گواستنەوەكان بێ، یان ڕامانەكی فەلسەفی بێ، لە ناوەڕۆكدا مەنهەجی بێت)[١٧].

پشت بەستن بەو مەنهەج و ڕێگایە، دەبێتە جێگای ڕەخنە و سەرکۆنەی هەندێ لە لێکۆڵەران و وتوویانە: (گێڕانەوەی هەواڵەکان، بێ لە بێژنگدان مەسەلەیەکە شایانی مێژوونووسێکی ڕەخنەگری دووربین نییە، گەر ڕێگای گێڕانەوەی هەواڵ بە سەنەد و پیاوە ناسراوەکانەوە بێ، لای زانایانی (الجرح والتعديل)، ڕاستی هەواڵەکان و لەبێژنگدانی ئەو ڕووداوانە لە خۆ بگرێ، کە لە ئیسلام ڕوویان داوە، ئەو کات ئەو ڕێگایە مەبەستی دروستی ئەو ڕێگایەیە، بەر لە ئیسلامدا ڕوویانداوە، بە تایبەتی کە زۆر هەواڵی ناڕاست لەم مێژووەدا ڕوویداوە و، زۆر چیرۆکی درۆی تێدا باس کراوە، دیسان زۆر فەرمودەی هەڵبەستراوەی هێناوە، کە فەرمودەزانان پێیان ڕازی نین،کە لای (الطبري)، هاتووە، بەڵام فەرموودە زانان خۆیان لێ پاراستون، فەرمودەکانیان بە ڕێگاکانی خۆیان و پیاوانیانەوە باس کردوون، بە مەبەستی پاراستنی زانست و دوورخستنەوەی لە ئۆباڵی خۆیان بڕیاری ئەوەیان بۆ خوێنەر لێگەڕاوە)[١٨][*].

(الطبري) لە پێشەکی مێژووەکەی نەخشەی خۆی لە ڕاست بۆچوونی خۆی لە بارەی بیرۆکەی مێژوو و ڕێبازەکەی لەم دەقەیدا دەخاتەڕوو: (ئەوکەسەی لە کتێبی ئێمە دەڕوانێ، بابزانێ پشت بەستنی من بە هەموو ئەو شتانەی لەناومدا باسکردون و بەپێی ئەو گێڕانەوەیانە بەسەنەد گێڕاونەوە بۆ ڕاوییەکانیان، بێ ئەوەی بگەمە بەڵگەی زانایان و بیاندۆزمەوە، تەنیا کەمێك نەبێ لەوانە.

گەر زانیاری بوون بە هەواڵی ڕابردوان و بە هەواڵی تازەکان نەگەیشتووە و، نەیان بینیوە و بە ڕۆژگاری ئەوان نەگەیشتوون، تەنیا بە هەواڵی هەواڵ دەران و

(*) بەڵام من پێمۆایە (الطبري) فەرمووده زان بووە، هەم موفەسیرو هەم مێژوونوسێکی کەم وێنە، ئەم قسانە زیادڕەوییە لەبارەی مێژووەکەی گوتراوە (وەرگێر).

گێڕەرەوان نەبێ، بێ ڕەچاوکردنی سۆراغ کردنی کەسـان، ئـەوەی لـە کتـێبی منـدا هاتووە لەڕاست هەندێ لە پێشینان، کە ڕەنگە خوێنەر بە دڵی نەبن، یان گوێگر بە دزێو سەیریان بکات و بە ڕاستیان نەزانێ، با بزانێ ئـەوە ئێمـە باسمـان نـەکردووە، بەڵکو لە ڕێگای هەندێ هـەواڵی دەرەوە بۆمـان گوازراوەتـەوە ، چـۆن بـە ئێمـە گەیشتووە، ئاوا گێڕاومانەتەوە)[13].

(الطبري) پەیوەست بوو، بە ڕاسـپاردەی ڕێبـازی عـەرەبی ئیسـلامی لـە ڕووی دادگەریی و ڕێکی و وردی ئیسنادەکان، ئەمەی بە گشتیی لە کتێبەکەیدا پراکتیك کردووە، دەبینین جار هەیە لەبەرامبەر زۆرێك لە گێڕانەوەکانی، هەڵوێستی سـەلبی نواندووە، هەوڵی نەداوە ڕەخنە لە هەندێ لەو ناوەڕۆکانە بگرێ، پێچەوانەی هـزر و لۆژیکن، مـادام سـەنەدەکان درووسـتن، لەگـەڵ ئەوەشـدا (الطـبري) گواسـتنەوە و ڕاسپاردەی بە چاك و ڕاستی داناوە، ڕاستی لێرەدا بۆ سەرچـاوە دەگەڕێتـەوە، نـەك نـاوەڕۆك، ئەمـە بناغەیەکـە لـە بناغـەکانی ڕێبـازی ئیسـلامی عـەرەبی لـە گێڕانەوەدا)[20].

(الطبري) هەواڵـەکان بـەپێی گێرەڕەوەکـان دەهێنـێ، بـەبێ لایـەنی بابەتیانـە دەیانخاتەڕوو، هەر گێڕانەوەیەك، کە دەگێڕێتەوە بۆ سەر خاوەنەکەی، نەك هەر ئـەو شتانەی گێڕابنەوە لەگەڵ ڕای ئەودا دێننەوە، کەم وایە پەیوەست دەبێ بە بەڕاسـت دانان و بە درۆخستنەوە، بەڵکو جیاکردنەوە لەنێوان گێڕانەوەکاندا لەسەر خوێنەرە، دیسان فەرمودە زانان ئاوڕ لە گەیشتنی سەنەدەکەو نزیکی لە بنـەمای ڕووداوەکـە دەدەنەوە، دیسان (الطبري) گوێ بە گێڕانەوە دەدات، گەر سـەنەدەکە بـە پیـاوێکی نزیك لە ڕووداوی مێژوویەکە دەست پێ بکات.

(مـارجلیوت) لەبـەر ئەوەیـە دەڵـێ: (کـاری فەرموودەزانـەکانی هاوچـەرخی (الطـبري)، لـەناو فەرمایشـتە باوەکانـدا هەڵسـاون ڕاسـت و دروسـتەکانیان

هەڵبژاردووە، مەرجەكانیان جیابووە، بەڵام هەموویان كۆك بوون لەسەر بەڕاست دانانی ژمارەیەكی مامناوەند لەوانە، گەڕانەوە بۆیان لە تەشریعدا، پێمان وایە (الطبري) لە مێژوودا، هەمان ڕێچكەی هەڵبژاردووە، كە بوخاری و موسلیم لە فەرمودەدا ڕەچاویان كردووە، كە هەڵبژاردنی ماددەی مێژووی دروستە لە كۆمەڵێ لەو ماددانەی (المدائنی) و كەسانی تر لە نووسراوەكانیدا پێشكەشیان كردووە، ئەمەش تا ڕادەیێ دژوار و ترسناك بووە، تا چاخی ئەو، بەردەوام نووسین ئەنجام دراوە)[٢١]

(الطبري) و زۆر لەوانەی لەبارەی مێژووی كۆن شتیان نووسیوە لەسەر سیستەمی ساڵانە، ڕۆیشتوون لە گێڕانەوەی ڕووداوەكاندا و ساڵ لە دوای ساڵ باس دەكات، بێ گوێدان بە ڕووداوەكە وەكو ڕووداوێكی سەربەخۆ، با زیاتر لە ساڵێكیشی خایاندبێت، لە سەرەتای كۆچییەوە دەست پێ دەكات، دەبینین نووسەر ڕووداوەكە تەواو ناگێڕێتەوە و بە كۆتایی ساڵ، ڕووداوەكە تەواو دەكات و باسی تەواوی ڕووداوەكە ناكات)[٢٢].

(الطبري)و هاوچەرخەكانی ئەو گرنگییان بە تاووتوێی سەنەد و ڕەخنەگرتن لە پیاوان داوە، بێ ئاوڕدانەوە لە ناوەڕۆكی دەقە گوازراوەكە، وەك لە فەرمودەزانیدا هەیە، بە مشێوەیە لە ڕوانگەی (الطبري) و كەسانی پێش ئەو، كە ئەم ڕێبازە هەڵدەگرن و (المأثورات) ڕەچاو دەكەن لە تاووتوێی مێژوویيدا هیچ ڕامانێكی فەلسەفیمان لەڕاست بیرۆكەی مێژوو بەرچاو ناكەوێ، بەڵكو دەبینین (الطبري) بزووتنەوەی مێژوویی لە ڕێگای ڕامانی فیقهی و كەلامییەوە سەیر دەكاتو، گرنگی بە دەرخستنی واتای چاودێری خوایی دەدات، گوێ بە بیرۆكەی تەواوكاری پەیامە خواییەكان لە مێژوودا و، یەك بوونی جەوهەرییان دەداتنو مێژوو بەو چەمكەیە، ویستێكی ڕەهای خوداییە.

مێژووی (الأمم والملوك) هاوشانی تەفسیرەكەیەتی (جامع البیان عن تأویل القران)، چۆن مێژووەكەی لوتكەیە لە مێژووی گوازراوەدا، تەفسیرەكەشی لە تەفسیری فەرمودەییی لە لوتكە دایە)[٢٣].

نموونەی ئەو ڕێبازە مێژووییەی، تەنیا لە سەر گێڕانەوە و بە سەرهات دادەمەزرێ لە ڕاست سەرچاوەكانی باسەكەدا، زۆر كێشەی دێتە ڕێگایەوە، گەر (الطبري) لەسەر دامەزراندنی سەنەدەكانی لەهەموو بارەكاندا بەردەوام بووبێ، ئەوە ناتوانێ هەموو ڕاستییە مێژووەكانی هێناوینەوە بە زنجیرەی سەنەدی بیانهێنێتەوە، كە لە زۆر كۆنەوە ڕوویانداوە، لەوانە ئەو ڕووداوانەی بەر لە هاتنی ئیسلام قەوماون و گێڕاوینەوە، جگە لە قورئان و سوننەت، هیچ سەرچاوەیەكی بڕوا پێكراوی بە دەستەوە نییە، لە كاتێكدا ئاماژە بۆئەو دەقانە دەكات، پەنا بۆ ئەو تەفسیراتانە دەبات، كە گێڕانەوەی ئیسرائیلییاتیان گێڕاوەتەوە، لە مێژووی فارسدا سوودی لەو سەرچاوە عەرەبیانە وەرگرتووە،كە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرنەگێڕدراون، بۆ مێژووی ڕۆم، سوودی لە كتێبی مەسیحییەكانی شام وەرگرتووە، كە هەندێ زانیارییان لە بارەی مێژوی دەوڵەتی ڕۆمانی شتی تر هەبووە)[٢٤].

باسی دووەم

دەنگوباسی کورد بەر لە ئیسلام لای (الطبري):

(الطبري) باسی کردووە (نەمرود) و شوێنکەوتوانی لەسەر کوشتنی ئیبراهیم خەلیل (علیه السلام) یەك دەنگ دەبن و دەڵێن: (**قَالوا حَرِّقوهُ وَ انْصُرُوا الِـهَتَكُمْ**) (الانبیاء: ٨٦). واتە: بیسوتێنن خواکانتان سەربخەن. ئاماژە دەکات ئەو کەسەی ئاماژەی بە سووتاندنی ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێ) کرد ئەعرابێکی فارسی بووە، پرسیارکرا ئایا فارس ئەعرابی هەیە؟ وتی: بەڵێ، کوردەکان ئەعرابی فارسن)[٢٦].

لە هەواڵی (ئەردەشێری بابك)دا باسکراوە، کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی بووە: (پەیامنێری ئەردەوان نامەیەك بۆ ئەردەشێر دێنێ، ئەردەشێر خەڵکەکە بۆ ئەو مەبەستە کۆدەکاتەوە، تا نامەکە بە ئامادەبوونی ئەوان بخوێنێتەوە،کە لەوێدا هاتبوو: تۆ سنووری خۆت تێپەڕاندوە، مردنت بۆ خۆت هێناوە، ئەی کوردی پەروەردە کراو لە تاوڵ و چادری کوردەکاندا؟ کێ پێی گوتووی ئەو تاجەت بکەیە سەر، ئەو وڵاتانە دەست بەسەردا بگریت)[٢٧].

دیسان (الطبري) باسی (کیسرا پەروێزی کوڕی هورمز)ی کردووە:

(لە ژیانی باوکیدا (بەهرام) هەوڵیداوە پادشایەتی لە دەست باوکی دەربێنێ، دوایی لەسەر دەسەڵات کێشە لە نێوان کیسرا و بەهرامدا پەیدا دەبێ و

مشتومڕێکی درێژ ڕوودەدات، (بەهرام) بە (پەروێز) دەڵێ: (ئەی کوڕی سۆزانی گەورە بوو لە چادری کوردەکاندا)[٢٨].

(بەهرام) خوشکێکی هەبوو بەناوی (کوردییە)، ژنەکەی تەواو و ژیر هەڵکەوتبوو، بەهرام دەیخوازێ، بەهرام دەبوغزێنێ، چونکە خراپ مامەڵە لەگەڵ کیسرادا دەکات، دەیەوێ بچێتە ژێر ڕکێفی ئەوەوە، بەڵام قایل نابێت.

(پەروێز) پیاوان و ژنانی کۆدەکاتەوە لە گروپێکی کەمدا، (بەندوییە) و (بەستام) و (کوردی) برای بەهرامیان لەگەڵدا دەبن، ...پەروێز شەڕی بەهرامی کرد بە تەنیایی لە سەربازگەدا(١٤) کەسی لەگەڵدا بوون، لەوانە (کوردی) برای بەهرام و خاڵەکانی، بەناوی (بەندوییە) و (بەستام)، بەهرام بەرەو لای تورکەکان ڕایکرد، پەروێز توانی دیارییەکی زۆر بۆ تورك بنێرێ، تا خاتونی ژنی پادشا بەو گەواهیرانە ڕازی بکات و پلان بۆ کوشتنی بەهرام بکێشێت، گوتراویشە (خاقان) کوشتنی ئەوی ڕەچاو کردو هەواڵی بۆ کوردییەی خوشکی و هەم خێزانی نارد، تا هەواڵی پێ بدات و داوای هاوسەرگیریی لێ بکات، ئەویش قبوڵی کرد و بە نەرمی وەڵامی دایەوە و لێیبورا.

ئەوانەی لە شەڕدا لەگەڵ براکەی دابوون، چوون لە گەڵی، ئەویش لە سنوری تورك بەرەو سنوری فارسی لەگەڵ خۆیدا بردن، (نەزەرا)ی تورکی شوێنیان کەوت، بەڵام کوردییە بەدەستی خۆی کوشتی، نامەی بۆ کوردی برای نارد و لای پەروێز داوای پاراستنی گیانی کرد، پاشان مێردی بە پەروێز کرد)[٢٩].

گرتنی کوردستان:

لەگەڵ گرتنی ئیسلامی بۆ کوردستان، پەڕەیەکی تازە کرایەوە، سەردەمێکی تازە دەستی پێکرد، هەموو لایەنەکانی ژیانیی و ئاینیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و شارستانیی گرتەوە، ئاینی ئیسلام لەناو پێڕەکانی کۆمەڵگادا تەشەنەی کرد.

بەر لە ئیسلام، خەڵکی کوردستان لەسەر ئاینی زەردەشت پێغەمبەر بوون، لە ڕووی ئیدارە و هەڵسوڕان، کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ساسانییەکاندا بوو، بەشێکی کەمی خۆرئاوا لەژێر ڕکێفی ڕۆمانیدا دەژیان.

١-گرتنی (حەلوان) (١٦ك/ ٦٣٧ز):

دوای گرتنی بوهرسیر[٣٠]، (یەزگورد) خێزانەکەی بردە حەلوان[٣١]، پاشان ویستی پێیان بگاتو (مهران الرازی) لە (نەهرەوان)[٣٢] لە شوێنی خۆی دانا، بەڵام خۆی ڕانەگرت و بەرەو (جەلەولا)[٣٣] ڕای کرد، لەبەر ئەوەی ئامانجی دواتری موسڵمانان گرتنی جەلەولا بوو، چونکە (مهران) و لەشکرەکەی چاك خۆی قایم کردبوو، لە دەوریداو سەنگەرو خەندەکییان لێدابوو، خێزانیان بەرەو چیاکان ڕەوانە کرد، ساسانیان تاودایە، دەردەکەوێ، کە چیانشینەکان لەگەڵ لەشکری ئەودا بەشدارییان کردووە بۆ بەرگریکردن لە شارەکە و بەرەنگار بوونەوەی موسڵمانان، بەڵام ئەم بەرگرییە بێ هودە بوو، کەوتە ژێر دەستی موسڵمانان و ساڵی (١٦ك/ ٦٣٧ز) گیرا[٣٤].

له سەروی ئەمەشەوە، ڕێکەوتنێکی تەواو هەیە لـە مێژوونووسـاندا لـە ڕاسـت گرتنی (جەلەولا)دا، لە سەردەمی خەلیفە عومـەردا (ڕەزای خـوای لەسـەر بێـت) (١٣-٢٣ك/ ٦٣٤-٦٤٣ز) گیراوە، بەڵام ناکۆکی لەوەدا یە: ئایا سەر لەشکرەکەی ناوی چی بووە؟ لەکام ساڵدا گیراوە؟ ئایـا بـە ڕێککـەوتن و ئاشـتی گـیراوە، یـان بەزۆر؟

(الطبري) باسی کردووە، ئەو سەرکردە دلێرەی ڕووی کردۆتە حەلوان (هاشـم بـن عتبە) بووە، بەڵام (جرير بن عبدالله البجلی) لە (ت ٥١ك/ ٦٧١ز) دا دەیگرێـت. هەیە پێیوایە سەرکردەکە (سعد بن وقاص) بووە.

(جرير بن عبدالله البجلی) لە (١٦ك/ ٦٣٧) دا ڕەوانە دەکات و بە ناچـارکردن دەیگرێت[٣٦].

گروپی سێیەمی مێژوونووسان پێیان وایـە، ئـەو کەسـەی سەرلەشـکری گـرتنی حەلوانی کردووە، دوای جەلەولا و بە فەرمانی (هاشم بن عتبە) بـریتی دەبێـت لـە (القعقاع بن عمرو) لە ساڵی (١٦ك/ ٦٣٧)دا دەیگرێت[٣٧].

بەڵام ئەم ڕایە بە ڕاستتر دەزانـین، کـە دەڵـێ: گـرتنی حـەلوان لەسـەر دەسـتی (القعقـاع بـن عمـرو) ڕوودەدات ، لـە سـاڵی (١٦ك/ ٦٣٧ز) دا. چـونکە ئـەم گێڕانەوەیەی کە (الطبري) باسی دەکات، باسـی ئـەم لـە شکرکێشـی یـەکراوە لـە خەلیفـە عومـەر (ڕەزای خـوای لـێ بێـت)، کـە (القعقـاع) بـۆ سـەر لەشـکریی هەڵدەبژێرێ ، گێڕانەوەی تریش هەیە بە ئیسنادەوە ئیسپاتی ئەمە دەکات.

بە دوای گرتنی حەلوانـدا، یەکـەم پەیوەنـدی لـە نێـوان موسـڵمانان و کـورددا سەریهەڵدا[٣٨].

پاشـان (القعقـاع) هەڵسـا عەجەمـەکانی لـەناودا نیشـــتەجێکـردن بـەناوی (الحمداء)(قباذ)ی لەسەر حەلوان کردە والی خۆی، کە خەڵکی خوراسان بوو[٣٩].

٢-گرتنی (ماسبذان) (١٦ك/ ٦٣٧ز)[٤٠].

لە کاتێکدا (سعد) لە (المدائن)دا نیشتەجێ ببوو، (هاشم بن عتبە) هەواڵی دایە دەست (اذین بن الهرمزان) یەکێکە لە کەڵە پیاوانی فارسی، سوپایەکی گەورەی گردکردۆتەوە و بەرەو دەشتایی (ماسبذان)ی کێشاوە، هەواڵەکە گەیشتەوە عومەری کوڕی خەتتاب، کاتێ بەو هەواڵەی زانی، گورج (ضرار بن الخطاب)ی ناردە سەریان بەرەو (ماسبذان)، کەوتە ڕێگا، جەنگێکی خەست لە (بهندف) دا لە دەشتایی (ماسبذان)دا ڕوویدا، موسڵمانان تێیدا سەرکەوتن، (اذین) گیراو بەهۆی موسڵمان نەبوون دەکوژرێت و سوپاکەشی ڕادەکات و بە چیاو دۆڵ و نشێوەکاندا بڵاو دەبنەوەو موسڵمانان شوێن ئەوانە کەوتن، کە ڕایان کردبوو لە جەنگ ڕزگاریان بوو، تا دەگەنە شاری (سیروان)[٤٢]. (ماسبذان) بە زۆری دەگرن و خەڵکی شار بە دەوری چیا و کێوان دەبن، ئینجا بانگەشەیان دەکات، ئەوانیش وەڵامی دەدەنەوە، (ضرار) هەڵدەستێ (ابن الهذیل) دەکاتە جێنشین و (ماسبذان) دەبێتە بنکەیەکی گرنگ بۆ بەرگریکردن لە (کوفە)[٤٣].

(الطبري) بەو بڕە هەواڵە کۆتایی بە گرتنی (ماسبذان) دێنێت.

٣-گرتنی (جەزیرە) (١٧ك/ ٦٣٨ز):

زۆرینەی کورد لە جەزیرە موسڵمان بوون، ئەوانیش وەکو گەلانی ئەو ناوچەیە لە ڕێگای گرتنی ئیسلامی بۆ ناوچەکە موسڵمان دەبن، لەسەر دەستی سەر لەشکر (عیاض بن غنم) [٤٤] لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتتابدا (ڕەزای خوای لەسەر بێت) دێتە دی[٤٥].

(الطبري) پێیوایـه گـرتنی جـەزیره بـەهۆی سـوپای ئیسـلامییەوه لـه عێـراق ڕوودەدات و گرتنی بەشێکە لە بەشەکانی تری گرتنی عێراق، بـەڵام مێژوونووسـی تر گرتنی جەزیره دەخەنە بازنەی لەشکرکێشیەکان بۆ سەر شام[٤٦].

(الطبري) گێڕاویەتییەوە، کە هۆکاری گـرتنی (جـەزیره) بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کوردەکان داوا لە شای (ڕۆم) دەکەن، لەشکر ڕەوانەی (شـام) بکـات، پـەیمانی پـێ دەدەن، ئەگەر گەمارۆی (ئەبو عوبەیـدەی کـوڕی جـەراح) و لەشـکری موسـڵمانان بدەن لە شامدا، ئەوان یاریدە و کۆمەکیان پێشکەش دەکەن[٤٧].

(عومەری کوڕی خەتتاب) بە هەڵوێستی خەڵکی (جەزیره)ی زانی، نامـەی بـۆ (سەعد) نارد و فەرمانی پێکرد لەگەڵ (عبدالله بـن عتـاب) بـەرەو (نصـيبين)[٤٨] بڕوات، کاتێ هەواڵی گەشبینی لەشـکری ئیسـلامی گەیشـتە جەزیرەییـەکان بـۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە، (عیاض بن غنم) ئاگربەست و ئاشتی لەگەڵ نواندن، ئەوانە خۆیان خستە عودەی موسڵمانانەوە، پاشان (عیاض بن سهيل بن عـدي) و (عبدالله بن عتبان) ڕوویان لە (الرها)[٤٩] و (ئورفە) کرد، خەڵکەکە بە سەرانە (الجزيـه)[٥٠] ڕازی بوون، دوای جەزیره (ابو موسی الاشعری) نـاردە (نصـيبين) و خـۆی گەیانـدە (دارا)[٥٧] توانای دوای گرتنی (نصيبين) ئەوێش کۆنترۆڵ بکات.

(الطـبري) لـە بـارەی گـرتنی جـەزیره دوو گێڕانـەوە لـە (سـيف بـن عمـر) (١٧ك/٦٣٩ز) دەگێڕێتەوە، دیسان لە (ابـن اسـحاق) سـاڵی (١٩ك/ ٦٤٠ز) (ابـو اسحاق) باس دەکات: (جەزیره) لەلایەن یەکێ لـەو سـێ یانـە گـیراوە: (خالـد بـن عرفطة) یان (هاشم بن عتبه) یان (عیاض بن غـنم)، لە کاتێکدا (عومەر) نامە بۆ (سعد بـن ابـی وقـاص) دەنوسـێ، (عیـاض) دەڕواتـە (الرهـا) ، لەسـەر سـەرانە دانوساندن لەگەڵ دانیشتوانیدا ئەنجام دەدات، دوایـی (ابـی موسـی الاشـعری) بـۆ (نصيبين) ڕەوانە دەکات.

بەڵام لە گێڕانەوەی (سیف) دا (عیاض بن غنم) بە شوێن (القعقاع) دا دەڕوات، لەکاتێکداعومەری فاروق نامە بۆ سەعد کوڕی وەقاص دەنێرێ، تـاوەکو کۆمـەکی (ابن عبیده الجراح) بکات، لـە (حمـص)[٥٢]وە بـۆ (الـروم) بـڕوات. ئـەوان ڕێگـای (جەزیره) [٥٣] دەگرنە بەر، (الطبري) بڕوای وایە (جزیره) لە هەموو وڵاتان ئاسـانتر خۆبەدەستەوە دەدات، لەکاتێکداشام و عێراق چوونە ناو ئیسلامەوە[٥٤].

٤-گرتنی (مهرجان قذف)[٥٥].

مێـژووی (مهرجـان قـذف) و گـرتنی پەیوەندییـەکی تونـدی بـە کەسـایەتی (هورمزان)ەوە هەیە، چـونکە خـەڵکی ئـەوێ بـووە، کاتـێ لـە شـەڕی (قادسـیە) سـەرنەکەوت لـە سـاڵی (١٤ک/٦٣٥ز)دا بۆزێـدی خـۆی گەڕایـەوە و پادشـایەتی (مهرجان قذف)ی کرد[٥٦].

(الطبري) بـاس دەکـات کاتـێ موسـڵمانان گەیشـتنە (ئـەهواز - خوزسـتان)، هەڕەشەیان بۆ بنکەی (هـورمزان) پەیـدا کـرد، دوا جـار زانـی لـە توانایـدا نییـە بەرەنگاریان بێتەوە، بۆیە داوای دانووستاندنی کرد، چونکە (هورمزان) لای خەڵکی پایە بەرز و بە شکۆ بوو، لەسەر داخوازی ئەو هـاودەنگ بـوون، لەسـەر (مهرجـان قذف) و (کوری ئەهواز بڕیاریاندا)[٥٧].

پێدەچێ هورمزان لە ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی (عتبه) بە هەڵە چـووبێ و، بە نیشانەی لاوازی هەڵوێسـتی موسـڵمانانی دانابـێ، بۆیـە بـە پەلـە پەیمانەکـەی شکاندو پەنای بردە بـەر کوردەکـان، سـوپایەکەی چـڕ و قـەرەباڵغتری کـرد، بۆیـە خەلیفە عومەر داوای لە (عتبه) کـرد بـەرەو هـورمزان لەشکرکێشـی بکـات، بـە سوپایەك کۆمەکی کرد (حرقوص بن زهیر السـعدی) سـەر لەشـکری بکـات، ئـەو هاوڕێی پێغەمبەر (صلی الله علیـه وسـلم) بـوو، کاتـێ بـەرەو هـورمزان چـوو،

هورمزان شکا، ئەنجا بەرەو (ڕامهرمز) ڕۆیشت[٥٩]. (حرقوص) کوڕی ئەهوازی گرت لەوێدا مایەوە، چووە (الجبل)، دیسان هورمزان داوای دانووستاندنی کردەوە، لەسەر ئەو دەسەڵاتەیە مایەوە، کە لە ژێر دەستی دابوو، لەوانە (مهرجان قذف) لە ژێر کۆنترۆلی دابوو، ئەو جارە هورمزان لەسەر ئەم ئاشتەواییە دەوامیدا، بە مەرجەکانی ئاگربەستەکە ڕازی بوو، سەرانەی دەدا، ئەگەرچی کوردانی فارس ناپاکییان لەگەڵدا کرد، یارمەتیان داو بەرگرییان لێکرد.

دوای مردنی (عتبە بن غزوان) جەنابی (اباسیرە بن ابی زهم) کرا بە سەرلەشکری موسڵمانان، فەرمانبەرانی (عتبە) لەشوێنی خۆیاندا مانەوە، بەڵام زۆری نەخایاند (هورمزان) پەیمانەکەی هەڵوەشاندنەوە، (یەزگورد)[٦٠] هانی دا، کە هەمیشە خەڵکی زێدی ئەوی هاندەدا، لە هەرێمەکەوە کۆمەکی سەربازی گەیشت[٦١]. سەربازی فارس لە شاری (تۆستەر)[٦٢] دابەزین، بۆیە موسڵمانان لەگەڵیدا کەوتنە شەڕ لە خەڵکی فارس و خەڵکی (الجبال)، هورمزان جەنگەکەی نەبردەوە و بەرەو (تستر) ڕایکرد، ئەوێ بووە پێگەی دوایی لایەنگیرانیو کۆمەك و یارمەتی تری سەربازی پێ گەیشت، بەڵام بێ سوود بوو، (تستر) گیرا و ئەویش خۆی بەدەستەوە داو، بەرەو لای عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێ) برا لە مەدینەدا.

٥-گرتنی (نەهاوەند):

سەرباری ئەو زەبرانەی لە جەنگەکانی ڕابردوودا بەر (کیسرا) کەوتن، هیوا بڕاو نەبوو لە گێڕانەوەی دەسەڵاتیدا، بۆیە دەستیکرد بە نامە ناردن و گردبوونەوەی خەڵك، لە ئەنجامدا خەڵکێکی زۆری بە دەنگەوە چوو لەو شارو شارەکانی ترو کورەکانی تردا، سووربوونی خۆیان دەرخست بۆ بەرەنگاربوونەوە، (یەزگورد) هانی دەدان، زۆربەی خەڵکی فارس نامەیان بۆ یەکتریی نووسی، ئەو وڵاتانەی موسڵمانان

گرتبوونیان، دەستیان بە ڕاپەڕین و شۆڕش کرد، وەکو (قرماسین)[٦٥] (کرمانشاه) و (ماسبذان). ژوانگەی ئەوان لە (نەهاوەند) بوو سووربوون لەسەر شاربەردەر کردنی موسڵمانان لە وڵاتدا [٦٦].

لەبەر ئەوە موسڵمانان ئامادەییان دەربڕی و کەوتنەخۆ، عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێ) هەڵسا (النعمان بن مقرن)ی کاندید کرد بۆ سەرلەشکری، عومەر ڕێکی سوپای لە یاد نەخست، بۆیە نامەی بۆ (النعمان) نارد، گەر تۆ تووشی هەر کارەساتێك هاتی (حذیفة بن یمان) هەڵبژێرە، گەر ئەو تووشی هەر ڕووداوێك بوو با (نعیم بن مقرن) [٦٧]. لەلایەن خەڵکەوە بکرێتەسەر لەشکر.

دانانی ئەو ژمارە زۆرەی سەحابە و سەرلەشکرەکان بۆ ئەوەیە، گەر یەکێ لەوانە کوژرا، کێشە نەکەوێتە ناو سوپا لە هەڵبژاردنی سوپا سالاریدا[٦٨].

موسڵمانان توانیان زیان و شکاندن تووشی فارسەکان بکەن و بەسەریاندا سەربکەون، بۆیە پاشماوەی فارسەکان بۆ (هەمەدان) ڕایان کرد و موسڵمانانیش چوونە ناو شاری (نەهاوەند)ەوە.

دەسەڵاتی گرتنی موسڵمانان بەسەر (نەهاوەند)دا، خاڵێکی یەکلاکەرەوە بوو لە ڕێڕەوی کرداری فراوانخوازیدا لەلایەکەوەو، لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی (ساسانی) لەبەر ئەوە نامۆ نییە کە بە سەرچاوەی گرتنەکان ناوببرێت[٦٩].

کلیلی سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە بوو بەسەر سوپای (ساسانی) دا، چونکە بڕبڕەی پشتی شکاند و نەیتوانی جارەکی تر هەڵبسێتەوە بە بەرگرییەکی ڕێك بەرهەڵستی موسڵمانان بکات، نەیتوانی خۆی ڕێك بخاتەوە، دیسان سوپای ساسانی سەرکردەیی یەکگرتوو و پلانی کێشراوی لەدەست دا بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی موسڵمانان، ئەم جەنگە بە مۆرکی کۆتایی مێژووی موسڵمانان دادەنرێ بۆ وڵاتی

فارس[٧٠]. توانایان لەدەست داو دەسەڵاتیان بە تەواوی لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیدا کۆتایی هات.

لە ڕووی مەعنەوییەوە هیواکانی (یەزگورد) و گەورە پیاوانی وڵاتەکەی لە گێڕانەوەی شکۆیاندا سەریان نەگرت، نەیانتوانی هێزەکی تەواو کۆبکەنەوە و ئامادەی بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی موسڵمانان، لەبەر ئەوە (دینور) [٧٢] و (ماسبذان) و (سیروان) کەوتە بەر دەست موسڵمانان و دوایی موسڵمانان شار بەشاری ژێر دەستی ساسانیەکانیان کەوتە ژێر ڕکێفەوە.

٦-گرتنی (هەمە ذان):

دەرگاکانی ساسانی تر لەبەردەم موسڵماناندا گیران ، لە ڕاست چۆنیەتی ئەم گرتنە، لە ناو موسڵماناندا ناکۆکی هەیە، ئایا بە ئاشتی بووە، یان بە زەبر و زۆری، دیسان لە ڕاست ناوی سەرلەشکرەکەو ساڵی گرتنەکە ناکۆکیان هەیە؟

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: (حوزەیفە لە ساڵی ٢٢ك/ ٦٤٣ز) دا بە ناچار کردن گرتوویەتی). لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: (موغیرەی کوڕی شوعبە لە ٢٤ك/ ٦٤٤ز) دا دەیگرێ، گێڕانەوەیەکی تردەڵێ: (موغیرە لە کۆتایی ساڵی (٢٣ك/ ٦٤٣ز)دا بە ئاشتی گرتویەتی. وتراوە موغیرە خۆی دەبێ بە والی ئەوێ، گومانی تێدا نییە دوای (نەهاوەند) گیراوە، پاش ئەوەی (هورمزان) بۆ (نەهاوەند) دەڕوات و موسڵمانان شوێنیان دەکەون[٧٣]. بۆیە (خروشنوم) داوای پەناهەندەیی کرد، بەو مەرجەی (همدان) و(ستبس)یان بۆ زامن بکات، ئەوانیش بەگوێیان کرد، ئەوەش لە ساڵی ٢١ك/ ٦٤١ز) دا هاتە ئاراوە.

بڕوای وایە گرتنی هەمەدان (٢١ك/ ٦٤١ز) بووە، ڕاستەوخۆ دوای گرتنی (نەهاوند) بووە، (الطبري) چەند گێڕانەوەیەك لەو بارەوە دەهێنێتەوە، چونکە بەشێك لە پاشماوەکانی سوپای ساسانی ڕووی تێدەکات، لەوانەیە بەشی هەرە

زۆرینــە بوو‌بێــت، چــونکە ســەرکردە (فــیروزان) لەگەڵیانــدا دەبێــت، کــە لەوێــدا دەکوژرێت، بەڵام دەشێ موسڵمانان هەلی ئاوا نەقۆزنەوەو لە دەستی بدەن؟ پێدەچێ خەڵکی شار لەسەر بەڵێنەکەیان نەمابنەوە، بۆیە عومەری کــوڕی خــەتتاب (ڕەزای خوای لێبێ) (نعـیم بــن مقــرن) دەنێــرێ و دەســتور دەدات، تــا دواوەی (همــذان) بگرێ، ئەوان گەمارۆی شارەکەیانداو بە تــەواوی گرتییــان، بۆیــە دانیشــتوان داوای ئاگر بەستیان کردەوەو بە (سەرانە) دان قایل بوون[٧٤].

پێدەچێ لەبەر ئەوە پەیمانیان شکاندبێ تازە موسڵمان بوون و بەدەنگ چوونییان بۆ یاخی بوون و تــێ هەڵچــونەوەیان زیــاتر بــووبێ، دوور نییــە لەبەرئــەوە بــووبێ دەوڵەتی ئــەوان دەڕواتــە نــاو بازنــەی ســنووری وڵاتــی ئیســلامییەوە و، هــەواڵی کۆبوونەوەی ساسانییەکان لەناوچەی (الری) یان پێگەیشتبێت[٧٥].

بەڵام ئــەو گێڕانەوانــەی ســاڵانی (١٧ ک/٦٣٨ز/ و (١٨ ک/ ٦٣٩ز)و (١٩ ک/ ٦٤٠ز)[٧٦] دیاری دەکەن لاوازن، چونکە (همدان) دوای گرتنی (نەهاوەند) دەگیرێ، ڕێیتێ ناچێ موسڵمانان (همدانییان) گرتبێ، کە دەکەوێتە دواوەی (نەهاوەنــد)ەوە، مەسەلەی گردبوونەوەی سوپای ساسانی لە (نەهاوەند) پشت گوێ بخەن، لەکاتێکــدا گرتنی نەهاوەند لەساڵی (٢١ ک/ ٦٤١م) بووە.

لێرەدا گێڕانەوە هەیە گرتنی (هەمەدان) بۆ ساڵانی (٢٢ ک/ ٦٤٣ز)[٧٧] و (٢٣ ک/ ٦٤٣ز)[٧٨] و (٢٤ ک/ ٦٤٤ز) دوا دەخــات، کــە بەڕاســت دانانرێن،چــونکە (هەمەدان) نزیك (نهاوەند)ە، دیسان سوپای ساسانی لەشــەڕی (نهاوەنــد)دا بــراوە نابن بەسەرکردایەتی (فەیروزان) بۆ (هەمەدان) دەکشێنەوە.

٧-گرتنی (دەینور).

دوای(هەمەدان)و گرتنی (حلوان) سالّی (١٦ك/ ٦٣٧ز) هێرش کرایە سەر (الدینور)، بەلاّم سەرنەکەوت، دوورنییە لەبەرئەوە بووبیّ، لەلایەکەوە قایم کرابیّ، موسلّمانان سەرقالّی گرتنی شوێنی تربووبن، لەلایەکی ترەوە کیّ سەرلەشکری ئەم کردارە بووە، مێژوونووسان ڕای جیاوازیان هەیە.

(البلاذري) باس دەکات (ابا موسی الاشعری) بووە، دەینور دەگریّ، پاش ئەوەی (نهاوند)[٨٠] دەگیرێت، هەرچی (ابو الفداء)ە، پێی وایە (حذیفة بن الیمان) شاری (الدینور) بە تۆبزی دەگرێت[٨١] بەلاّم ڕای یەکەم ڕاسترە، چونکە (البلاذري) لەو مێژوونووسانەیە،کە پسپۆڕ بیّ لە گرتنی ئیسلامیدا، لە (ابو الفداء) کۆنترە، دیسان کۆمەلّیّ مێژوونووس لەم بۆچوونەدا پشتی دەگرن.

باسی سێیەم

کورد لەسێبەری حوکمی ئومەویدا (٤١-١٣٢ك/ ٦٦١-٧٤٩ز):

ئەو بزووتنەوانەی کورد بەشداری تێدا دەکات دژ بە دەوڵەتی ئومەوی:

١-بزووتنەوەی خەواریجەکان:

کورد بەشدارییەکی گەورەی تێدا کرد، شکۆیان لەڕاست ئەوەدا بەرز بۆوە، حاڵەتی ئەوانیش هەمان حاڵەتی ئەو گەل و گروپانە بوو لەدەوڵەتی ئومەویدا لەدژی ئەو دەوڵەتەدا نارەزایی پشان دەدەن و ڕادەپەڕن، بەشداری خەواریجەکان دەکەن دژ بەدەوڵەتی ئومەوییەکان، (المسعودی، باس دەکات (هەبوو لە کوردەکان بیرو بڕوای خەواریجی قبووڵ کردبوو خۆیان لە عوسمان و عەلی بەری کردبوو).

ئەم دەقەش دەریدەخات چەندە بیری خەواریج لەناو کوردا دا تەشەنەی کردبوو.

پەیوەندی هەندێ لە کوردەکان بە خەواریجەکانەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانییان دەگەڕێتەوە، کاتێ ڕیزی سوپای ئیمام عەلی (علیه السلام) بەجێ دێڵن و (عبدالله بن وهب الراسی) پێیان دەڵێ: (لەم شارە بچنە دەر، کە ستەمکاریی تێدا دەکرێ لەگەڵ خەڵکیدا بۆناو کورەکانی چیاکان و هەندێ لەوشارانە[٨٣].

چونکە چیاکان بەسەنگەرو پەناگایەکی بێ ترس دادەنێن بۆ پاراستنی ئەوان لە زۆرداری ئومەوییەکاندا [٨٤].

بەشێكی تر لە بزووتنەوەی خەواریجەكان، كە كورد بەشداری تێدا كـردووە، بـەو مانایەی ئەوانیان كردۆتە پەناگای بزووتنەوەكانییان، ئەم بزووتنەوانەن:

أ-بزووتنەوەی (نوفل بن فروه الاشجعی):

(فروە) هەر لەسەرەتاوە یـەكێ بـوو لەسـەركردەكانی خـەواریج ، دوای ئـەوەی وشەی خەواریج بڵاوەی كرد، (فروە) لە (عبـدالله بـن وهـب الراسـی) جیـا بـۆوە، بەسەركردایەتی (٥٠٠) خەواریج ڕووی لە ناوچەی (بەنـدنجین-مەنـدەلی)[٨٥] كـرد، (فروە) تادەگاتە ساڵی (٤١ ك/ ٦٦٥ز) سـەركردەی پێـڕی خـەواریجی كـردن، ئـەو لەهەرێمەكانی (ئیقلیمی جیبال)[٨٦] و (شارەزوور)[٨٧]دا هاتووچۆی دەكـرد، كـاتێ (موعاوییـەی كـوڕی ئەبوسـوفیان دەسـەڵاتی وەرگـرت لەسـاڵی (٤١ ك/٦٦١ز)، (فروە) و یارانی ڕێگای شاری (كوفـە)یان گرتەبـەر، دوای ئـەوەی ڕەوەنـدەكانییان نیشتەجێ بوون لەدەوری ئەوێ، لەچوونە نـاو شـارەكەدا سـەركەوتن، دوای ئـەوەی زنجیرەیەك جەنگی خەستییان لەگـەڵ سـوپای ئومەویـدا ئەنجامـدا، بـەڵام (فـروە) سەرەنجام كوژرا، دوای ئەوەی بەشێكی لەشانی دەوڵـەتی ئومـەوی شـەكەت كـرد، كۆتاییی بەشەڕەكە هات)[٨٨].

ب-بزووتنەوەی (حیان بن ضبیان السلمی) لە (٥٨ ك/ ٦٧٧ز)دا:

(حیان) دژی دەسەڵاتی (معاویە) دەرچوو، ڕووی كردە چەقی شـاری (حلـوان)، كەچی دەسەڵاتی ئومەوی تـوانی ئـەم بزووتنەوەیـە لـەناوی ببـات و بیبڕێنێتـەوە، لەكاتێدا تازە سەری هەڵدەدا، ئەم دەوڵـەت بەوەنـدە نەگیرسـایەوە، بـەڵكو سـەری لەشكرەكەی لەشاری (كوفە)دا كوشت و جەنگەكـە كۆتـایی هـات ، بزووتنەوەكـە بڕایەوە و تاقەواری نەما، بۆ زانین (الطبري) تاك لایەنە ئاماژەی بەسەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە كردووە[٨٩].

ج-بزووتنەوەی (شبيب بن يزيد الخارجی) له (٧٦ ك/ ٦٩٥ز)دا:

(شبيب) يەكێ بوو له لايەنگرانی (صالح بـن مسـرح التميمـی) دوای كـوژرانی (صالح) لەساڵی (٧٦ ك/ ٦٩٥ز)دا لايەنگرانی سووربوون له درێـژەدان بـه خـەباتی نەپساوەی ئەو بۆ هێنانەدی ئامانجەكان، لەبەرئەوە (شبيب) به سەرلەشـكر كانديـد دەكەن[٩٠]، ئەويش وەكو سەرلەشـكری تـری خـەواريج (ئيقليمـی جيبـال) دەكاتـە پێگەی چالاكييەكانی خۆی و بزووتنەوەكەی، كاتێ كارەكـانی جێگيربـوون دەسـتی كـردە پـەلاماردانی مەڵبەنـدەكانی سـوڵتەی ئومـەوی و دامودەزگاكانييـان، بەمەبەستی گۆت كردنی بزووتنەوەكەی و زەفەر پێبردنی، بـەپێی گێڕانـەوەی (ابـن الاثـير) كه بەڕاست دادەندرێ، ئەو دەتوانێ دڵی كەسانێكی زۆری (ئيقليمی جەبەل) ڕابكێشـێ، نـەخوازەلا لەشـاری (حلـوان) و دەوروبـەری و بيانخزێنێتـە نـاو بزووتنەوەكەی، بەڵام (حجاج بـن يوسـف) والـی عێـڕاق لەوكاتـەدا بـەپێی پلانـی تايبەتی خۆی، توانی بەر لەگەورەبوونی ئەم بزووتنەوەيە و دژواربوونی له دەسەڵات بەسـەردا شـكانی لـەناوی ببـات و بيـان تاوێنێتـەوە، كـاتێ هێشـتا چـەكەرەيان نەكردبوو، هەر له بێشكه دابوون و ڕووناكی يان نەكەوتبووە بەرچاوان[٩١].

د-(بزووتنەوەی (مطرف بن مغيرة بن شعبة) (٧٧ ك/ ٦٩٦ز):

(مطرف بن مغيرة) لەدژی (حجاج) و (عبدالملك بن مروان) (ت ٨٦ ك/ ٧٠٥ز) ڕاپەڕی، بزووتنەوەكەی پەرەی سـەندو پـاڵی دايـە چـياكان، لەماوەيـەكی كەمـدا دەسەڵاتی بەسەر زۆر ناوچەدا فراوانكـرد، چـونكه دەسـەڵاتی ئومەوييـەكان لـەو ناوچانەدا پتەو نەبووە، سەرباری گێروگرفتيی باری سياسی و ناوخۆ لەلايەكەوە، بێ سەروبەری و نەبوونی ياسـاو ئـاژاوەی ئێـرەو ئـەوێی داگرتبـوو، لەلايـەكی تـريش بزووتنەوەی بەر هەڵستكاران و ئۆپۆزسيۆنەكان سەريان هەڵدابوو.

(مطرف) سەرەتا خۆی والی (حەججاج) بوو لە (المدائن)، بەلاَم روانینی (مطرف) و (شبیب بن یزید الخارجی) دژی سیاسەتی توندوتیژی حەججاج لەڕاست خەڵکی و مەوالیەکاندا، کە لێی بێزار بووبوون، لێك نزیك دەبێتەوە[٩٢].

دۆستو لایەنگرانی بانگەشە دەکات خەلیفە (عبدالملك) و (حەججاج)ی والی لەعێراقدا لەسەر کار لابەن، بانگەشە بۆ پیادەکردنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) بکرێ، کاروبارەکان بە (ڕاوێژ و شورا)ی موسڵمانان بەڕێوە بچێ، وەك لەدەقی قورئاندا هاتووە:﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾[٩٣].

چەند ڕۆژێك ڕۆریشت (مطرف) و دەست و پەیوەندییەکانی ڕوویان لە (حلوان) و (چیاکان) کرد، ئەمەش نەریتی هەموو سەرکردەکانی خەواریجەکان بوو لەچاخی ئومەویدا، دەیزانی کاتێ سەرکەوتن یاوەری دەبێ، کە (المدائن) بەجێ بێڵێ و ڕوو لە هەرێمەکی بێ ترس وبێ باك بکات، سەنگەرو پەناگەو شوێنی خۆحەشاردانی سروشتی زۆر بێ، دوژمن بەئاسانی دەستی پێیان نەکات و پێی نەگیرێت، جگە لەمەش ئەو ناوچەیە دوور بوو لە دەستی دەسەلاّتدارانی ئومەوی، بۆیە بەرەو (حەلوان) کەوتەڕێ، سەرکاری ئەو ناوچەیەی حەججاج (سوید بن عبدالرحمان) بوو، (سوید) هەوڵیدا پێشی پێ بگرێ و بێتە ناو شارەوە، ژمارەیەك لە حەلوان و دەرووبەری یارمەتییان بۆ ئەوەدا، بۆیە (مطرف) ناچار بوو شەڕ لەگەڵ کورد بکات و زیانەکی زۆریان پێ بگەیەنێت و ژمارەیەکی زۆریان لێ بکوژێت، ڕۆیشتن تا گەیشتنە (همدان)، (همزە بن مغیرە)ی برای والی بوو بەسەر (همدان)دا، پاشان، (مطرف) ڕێڕەوی سوپا گەورەکەی بەرەو (ماه دینار-دەینور) گۆڕی، نامەی بۆ (هەمزە)ی برای نووسی، بارودۆخی خۆی تێدا باسکرد، داوای یارمەتی و کۆمەکی لێکرد، ئەویش دوای چەند ڕۆژێکی کەم، چەك و تفاقی شەڕو دارایی بەنهێنییەوە

بۆ ئاودیو کرد، زۆری نـەبرد (مطـرف) کاربەدەسـت و جێگرەوانـی خـۆی بـۆ ئـەو ناوچانە نارد، (الری) و (اصفهان)[٩٤] و (قوم)[٩٥].

خەڵکی دەستە دەستە دەهاتن و دەخزانە بزووتنەوەکەیەوە، لەوانەش (بکـر بـن ماهان) لە (الری)، بـەڵام (حـەجاج) تـوانی (همـزە) دەسـتگیر بکـات و ڕاپێچـی زیندانی بکات، دەست بەجێ (قیس بـن سـعد)ی لەشـوێنی ئـەودانا، کـە سـەرۆك پۆلیسی (همدان) بوو، (حەجاج) بەوکارە شادی خۆی پێشاندا، تا دەست بەتاڵ ببێ بۆ شەڕکردن لەگەڵ (مطرف) دا بەتەنیا[٩٦].

سەیر نییە، (حەجاج) لە سەرکوتکردنی بزووتنەوە بەرهەڵسـتکارەکان سـنووری بەزاند بەنواندنی ئەو هێزو توندو تیژییەوە، هـەر لەسـەرەتاوە سـەرباری وەلائـی و دڵسۆزی ڕەهای بۆ خەلیفە (عبدالملك بن مـروان) ، لەگـەل سـووربوونی پێشـینەی لەسەر تێك شکاندنی هەر بزووتنەوەیەکی دژ بە سوڵتەی ئومـەوی لێـرەو لەوێـدا، لەبەر بوونی شوێنی عاسێ و چیای سەرکەش، دوور نییـە بزووتنـەوەی (مطـرف) و خۆی، ماوەیەکی درێژ دەوام بکەن، چونکە دژوارە، سوپای ئومەوی بیانبڕێت، نـابێ لەیادمان بچێ دەبێ ئاماژە بە بوونی نوێنەرانی هۆزو خێزانە عەرەبیـەکان بکـەین لە (همدان) ، کە سەربە حەجاج و ئومەوییەکان بـوون، کـە لەوێـدا جـێگیر بـوون ڕۆڵێکی باڵادەبینن لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کـورد لە دەوروبـەری (حلـوان)دا پشـتگیرییان دەکـەن، هاوهەڵوێسـتییان پێشـان دەدەن، لەگـەڵ (سـوید بـن عبـدالرحمن) والـی (حلـوان)دا بـۆ پـەرچ دانـەوەی لەشـکرو پەلامارەکانی (مطرف)، دیسان (عـدی بـن وتـاد)، کـە بـۆ شـەڕکردن دێ لەگـەل (مطرف)دا بە (١٠٠٠) جەنگاوەر و خـەڵکی ئەصـفەهان و کـورد پشـتیگری لـێ دەکەن[٩٧].

زانيارييەكی تەواوو ڕۆنمان نييە تا كام ئاستە كوردو كەسانی تر لە دانيشتوانی چياكان بەشدارييان لە بزووتنەوەی (مطرف)دا كردووە، چونكە سەرچاوە مێژووييەكان و ئەدەبييەكان بە تەواوی لەوبارەوە بێ دەنگ بوون و لەلايەن نووسەرەكانيانەوە هيچ شتێ باس نەكراوە.

گومانی تێدا نييە ئەوان بەشدارييەكی چالاكييان تێدا كرد، شاهيدی دەوريان بدات، تواناو هێزی جەنگييان چەند بوويێت، بێگومان ئەوانە جەنگاوەرو پێشمەرگەی بەهێز بوون و لەمردن سڵيان نەكردووەو لەناو دڵە ڕەقەكەياندا مردن ڕێگايەكی نەبووە بڕواتە ناويانەوە، لەبەرئەوە ئەو بزووتنەوانە لەناو جەرگەی كوردستاندا سەريان هەڵداوە، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ئومەوی و دوژمنايەتی كردنی.

ديسان تێبينی دەكرێ كوردەكان و خەوارجەكان لەماوەكانی داهاتوودا بەرەو هێوريی و ئارامیی چوون، ماوەيەك چاوەڕێی هەڵوێستەكان و پەرەسەندنەكانيان كردووە، بەتايبەتی لەسەردەمی عومەری كوڕی عەبدولعەزيز (٩٩ ك/ ١٠١ ك – ٧١٧ز/ ٧١٩ز)- ڕەزای خوای لێبێت -دا، چونكە پەيوەندی نێوان كوردو ئەو خۆش دەبێ، بەڵام بارودۆخەكە بەم شێوەيە نامێنێتەوە، سياسەتی خەليفەكانی ئومەوی كە دوای خەليفە عومەری كوڕی عەبدولعەزيز دێنە سەركار، دەگۆڕێت[٩٨].

٥-(سعيد بن بجدل الشيبانی):

ئەم بزووتنەوەيە لە (شارەزور) سەری هەڵدا، بەڵام دەسەڵاتی ئومەوی بەزوويی دايمركاندەوە، سەرلەشكرانی بزووتنەوەكە هەرگيز لەخەياڵييان نەدەگەڕا، ئەم بزوتنەوەيە ئاوا خێرا سەرهەڵبدات و خێرا دامركێتەوە و لەيەك كاتدا ڕووبدەن، بۆيە زانياری زۆرمان لەڕاست ئەم بزوتنەوەيەدا نييە.

و-بزووتنەوەی (الضحاك الخارجي):

زوحاکی خـەواریج، (شـارەزوور) دەکاتـە مەڵبەنـدی بزووتنەوەکـەی، دەگونجـێ ژمارەی یاران و لایەنگرانی وردە وردە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە زۆربووندا بێـت، کاتێ بەخاکی (جەزیرە)دا ڕەت دەبێ، (۳۰۰۰) کـەس لەدانیشـتوانی جـەنگاوەری دەخزێنە ناو سوپاکەیەوە[99].

لێرەدا دەردەکەوێ خەواریجەکان سوود لە هەڵوێستی خەڵکی (جزیرە) وەردەگرن، بەتایبەتی دانیشـتوانی (نەینـەوا) یـان (موسـڵ)، (الطـبري) ئامـاژە دەکـات زوو بـەدەنگ جاڕدانەکـەی (الضـحاك) و خەواریجەکانـەوە دەچـن و دەرگـای شـار بـۆ کوشتنی ئومەوییەکان دەخەنە سەر گازی پشت (۱۰۰) لەبەر ئەوە (مـەروان) داوا لە (عـبداللە)ی کوڕی دەکات پەلە لەڕۆیشتن بکات بەرەو (نصـيبين) تـا (الضـحاك) سەرقاڵ بکات لە جـەزیرەدا چـەق ببەسـتێ، دیـارە ژمـارەی ئەوانـەی دێنـە گـەڵ خەواریجەکان لەوانە کـورد دوای گـرتنی (نەینـەوا) و (کوردەکـانی) زیـاتر دەبـێ، چونکە دەگاتە نزیکەی (٤٠٠) جەنگاوەر(۱۰۱).

لەمەوە ئاشکرا دەبێ خزانی کورد بۆناو بزووتنەوەکەی زوحاك، هێزو بازوویـەکی گەورەی دەداتێ، (عبداللە بن مروان) هێزێکـی جـەنگاوەری نابێ،کـە بەرهەڵسـتی (الضـحاك) بکات، چونکە ئەو، توانایەکی تەواوی بەدەستەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشـدا کە ناتوانێ زەفەری پێ ببات، زوحاك ناچار دەبێ بەرەو چیاکان پاشەکشـە بکـات، بەڵام ئومەوییەکان مەیدانی بۆ چۆڵ ناکەن، بەئارەزووی خـۆی و بـەرەو بـاکوور و باشوور تەڕاتێنی تێدا بکات، جـەنگ هـەوڵی بنـەبڕکردنی بزووتنەوەکـەی دەدەن، لەبەرئەوەی هەندێ هەل ومـەرج دێتـە پێشـەوە، یارمـەتی ئامانجەکـەیان دەدات، لەسایەیدا بزووتنەوەی (الضحاك) کۆتایی دێت.

ز-بزووتنەوەی (الشيبان بن عبدالعزيز الحروری الخارجی):

(شەیبان) سەرلەشکری بزووتنەوەیەکی خەواریجی فراوانی کرد لەکۆتایی چاخی ئومەویدا، کاتێ شەیبان سەرەتا لەیاوەرانی (الضحاك الخارجی) بوو، کاتێ کوژرا (الخيبری) جێی گرتەوە، زۆری نەبرد ئەویش کوژرا، دوای ئەو (الشيبان) هەڵبژێرار کە سەرلەشکری بزووتنەوەکە بکات.

نیشتمانی بزووتنەوەی (الشيبان) دەوروبەری نەینەوا (موسڵ) بوو، دوای شکانی بەدەستی خەلیفە (مروان بن محمد) و نەبونی شانسی سەرکەوتنی ڕووی لەباشووری شاری (کوفە) کرد، زۆری پێ نەچوو (شیبان) گەیشتە وڵاتی (فارس و سجستان)(١٠٢)، تا لەساڵی (١٢٩) یان (١٣٠ك) بەرامبەر (٧٤٦-٧٤٧ز) کۆچی دوایی کرد (١٠٣).

سەیر نییە، کەیەکێ لە سەرکردە ناودارەکانی خەواریجەکان ناوی (منصور بن جمهور) بۆخۆی لە بزووتنەوەی (شیبان) دابڕی و ڕووی لە هەرێمی (الجبال) کرد، کاتێ گەیشتە جێ (الدینور) و (نهاوند) و تەواوی ناوچەکانی (الجبال)ی کۆنترۆڵ کردن.

(منصور بن جمهور) بەستمان و چەك لەهەرێمی (الجبال)ەوە کۆمەکی بۆ (الشیبان) دەنارد بۆ یارمەتیدانی بزووتنەوەی(١٠٤)، بەڵام لێرەدا دەقێکی مێژوویی نییە کورد بەشداری لە بزووتنەوەکەی (الشیبان)دا کردبێ، بەڵام ئاساییە ژمارەیەك پیاو خۆیان خزاندبێتە ناو بزووتنەوەکەی ئەو، چونکە وەکو باسمان کرد ناوچە کوردنشینەکان دەکەنە مەڵبەندی چالاکییە دوژمنکارییەکانیان دژ بە خەلافەتی ئومەوی.

٢-کوردو بەرهەڵستکارو ئۆپۆزسیۆنەکان دژ بە دەوڵەتی ئومەوی هەر خەواریجەکان پێوەی هەڵنەستان، کە ژمارەیەکی زۆر کورد دەچنە ریزەکانیانەوە

وەکو ئێستا باسمان کرد، بەڵکو بزووتنەوەی تریش لەلایەنی ترەوە دەرکەوتبوون، بۆ ڕیشەکێش کردنی دەوڵەتی ئومەوی کاریان دەکرد، لەگەڵ بوونی ئەوانەی پاڵپشتییان بوون بۆ هێنانەدی مەبەستەکان.

کوردستان کەوتە ژێر کاریگەری ئەو بزووتنەوانەی کە دژ بە خەلافەتی ئومەوی سەریان هەڵدا، لەوانە:

أ-بزوتنەوەی (عبدالله بن الزبير) (٦٤-٧٣ك/ ٦٨٣-٦٩٢ز):

هەندێ سەرچاوەی مێژوویی ئاماژە دەکەن (ابن الزبير) لەتەواوی مینبەرەکانی جەزیرەو شارو وڵاتە ئیسلامییەکانەوە جاڕی بۆ دراوەو بانگەشەی بۆ کراوە(١٠٥).

سوڵتەی (ابن الزبير) لە هەرێمەکانی خۆرهەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی تێدەپەڕێ و هەرێمی (چیا) لەخۆ دەگرێ، والیەکانی بۆ شارەکانی هەرێمەکان دەنێرێ بۆ هەڵسوڕاندنیان، هاوکات (مصعب بن الزبير)ی براکەی، بزوتنەوەی (المختار الثقفي) لەناو دەبات، کە دەسەڵاتی گرتبوو بەسەر تەواوی هەرێمی (الجبال)دا(١٠٦).

بەڵام (الطبري) لە دوورو نزیکەوە ئاماژە بۆئەو ناوچانە ناکات،کە (عبدالله بن الزبير) دەستی بەسەردا شکاون، یان گەیشتبێتە هەرێمی (الجبال).

ب-بزووتنەوەی (مختار بن يوسف الثقفي):

پاش سەرکەوتنی (المختار) بەسەر لەشکری ئومەویدا بەسەرکردایەتی (ابراهيم بن الاشتر)دا لەناوچەی (الخازر)دا، لەماوەیەکی کورتدا، توانی دەسەڵات بەسەر ناوچەکانی (ئەرمینیا) و (ئازەربیجان) و جەزیرەدا بگری ، والیەکانی لەو ناوچانەدا دیاری کردن.

فەرمانبەری ئەو لەسەر (حلوان) بریتی بوو لە (سعيد بن حذيفة بن اليمان) بۆ جەنگی ئەو کوردانەی ڕەوانە دەکات کۆنترۆڵیان کردبوو(١٠٧).

لێرەدا دەردەکەوێ کوردەکان ئەم هەلە دەقۆزنەوە دەسەڵات بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیاندا دەگرن، (المختار)، نامە بۆ فەرمانبەرانی دەنێرێ بۆ (الجبال) سامانی (کورەکانییان) بۆ (سعید بن حذیفة بن الیمان) ڕەوانە بکەن، (ابن الاشتر) دەکاتە والی بەسەر (نەینەوا)دا، دیسان فەرمانبەرانی بۆ شارەکانی جزیرەش ڕەوانە دەکات (١٠٨).

ج-بزووتنەوەی (ابراهیم بن مالك الاشتر):

ئیبراهیم یەکێ بوو لە گەورە پیاوانی شاری (کوفە)، زۆر شەیداو دڵسۆزی (ئال و بەیت) بووە، بۆیە بەمەبەستی تۆڵە سەندنەوە بۆ ئیمام (حوسێن) سەلامی خوای لێبێ دەچێتە ناو بزووتنەوەکە، پاشان خۆی جیادەکاتەوە و بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆخۆی دروست دەکات و پێشەوایەتی دەکات، کە ناوچەکانی (نەینەوا) دەگرێتەوە (١٠٩).

د- بزووتنەوەی (عبدالله بن الحر):

(عبدالله بن الحر) لەدژی (عبیدالله بن زیاد) والی (کوفە) دەرچوو، چونکە لەلایەن (عبدالله)وە تاوانبار دەکرێ، کەئەو پەیوەندی بە ئیمام (حوسێن کوڕی ئیمام عەلییەوە کردووە) سەلامی خوایان لێ بێت، لە هەرێمی (الجبال)ەوەو ڕوودەکاتە خەلیفەو دیاری خۆی لێوەردەگرێ، شان و شکۆی (الحر) وردە وردە بەرز دەبێتەوە، (المختار) دەیەوێ بۆلای خۆی سەرنجی ڕابکێشێ، بەڵام (ابن حر) وەڵامی ناداتەوە، بۆیە (المختار) خانووەکەی لە (کوفە) دەڕوخێنێ و ژنەکەی زیندانی دەکات، بەڵام (ابن الحر) توانی بڕواتە ناو (کوفە) و ژنەکەی لەزیندان ڕزگار بکات، لە گوێ نەدان بە فەرمانبەران و یارانی (موختار)، دیسان هەڵسا بە دەسەڵاتگرتن بەسەر کەلوپەلی (عبدالرحمن بن سعید)داو تالانی کرد،بۆ زانین (عبدالرحمن) سەربە لایەنگرانی (المختار الثقفي) بوو(١١٠).

ئەدگاری بزووتنەوەی (الحر) لەوە دابوو چالاك و بەجوڵە بوو،کە دەهاتە شارەکان سامانەکانی لەدەستی والیەکان و فەرمانبەران دەردەهێناو بۆ (الجبل) یان چیا دەگەڕایەوە، بەڵام دیار نییە چەندە بەشداری کردووە لەم بزووتنەوەیەدا، بەڵام دوور نییە ئەو خزابێتە ناویەوە، چونکە وڵاتی ئەو مەڵبەندە چالاکی بزوتنەوەکە بووە، ئەم بزووتنەوەیە، تا ساڵی (٦٨ك/ ٦٨٧ز) دەوام دەکات، تا لەلایەن ئومەوییەکانەوە لەبەین دەبرێت)(١١١).

ه-بزووتنەوەی (یزید بن المهلب) (١٠١ك/ ٧١٩ز):

(یزید) لەسەردەمی (یزید بن عبدالملك)دا (١٠١-١٠٥ك/٧١٩-٧٢٣ز) دەست بەسەر (بەصرە) دادەگرێ و خەلیفە (یزید) لەسەرکار لادەبات، (مروان بن المهلب)ی برای لەشوێندا دیاری دەکات، ئەنجا ڕوودەکاتە شاری (واسط) (١١٢).

دوایی راوێژ بە برادەرانی دەکات ،کوێ پێویستە بۆی بڕوات و کۆچی بۆ بکات، بەمەبەستی پشت گیری کردن و بڵاوکردنەوەی بزوتنەوەکەی، پێیان وت: پێمان باشە بڕۆیە وڵاتی فارس، دۆڵ و شیوەکان و کۆسپەکان بگرێ، بچییە (خوراسان) قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەی، خەڵکی (الجبال) بەرەو ڕووت دێن، تۆ قەڵاو حەسارت لەبەردەستدا دەبێت، بەڵام (یزید) بەقسەی نەکردن، لە (واسط) مایەوە، لەوێ لەکاتی بەرەو ڕووبوونەوەی لەگەڵ والیەکانی ئومەوییەکاندا لەساڵی (١٠٢ك/٧٢٠ز)دا کوژرا(١١٣).

دەردەکەوێ وەکو (الطبري) باسی کردووە، خەڵکی (الجبال) ڕوو دەکەنە بزووتنەوەی (یزید) و باشترین پاڵپشتی دەکەن (١١٤).

و-شۆڕشی (زید بن علی) له (١٢٢ك/ ٧٣٩ز):

(زيد) نەوەی ئیمام عەلی یه (ڕەزای خوایان لێ بێت) جاری شۆڕشیدا له دژی دەوڵەتی ئومەویدا (١٢٢ك/٧٣٩) لەشاری کوفەدا، کە خەلافەت لەدەست (هشام بن عبدالملك)و (١٠٥-١٢٥ك/٧٢٣-٧٤٣) بوو، ئەم بزووتنەوەیەش وەکو بزووتنەوەکانی تر، (الجبال) و (الجزيره) دەکەنە پەناگەو مەڵبەندی بزوتنەوەکەیان ، (زيد) لەسەردەستی والیەکانی خەلیفە (هشام) لەساڵی (١٢٢ك/ ٧٣٩ز) لەکوفەدا شەهید دەکرێت(١١٥).

ز-بزووتنەوەی (عبدالله بن معاويه) (١٢٧-١٢٩ك/٧٤٤-٧٤٦ز):

(عبدالله بن معاويه) لەسەر شانۆی سیاسی (١٢٧ك/٧٤٤ز) له کوفه دەرکەوت، بانگەشەی بۆخۆی کرد، چووه (المدائن) و لەوێوه بەرەو هەرێمی (الجبال) کەسانێکی کوفه یاوەری بوون، توانی دەسەڵات بەسەر شاری (حلوان) و (همدان) و (اصبهان) و (الری) و (الجبال)دا بگرێ، توانی بارودۆخی ناهەمواری خەلافەتی ئومەوی بقۆزێتەوە، بەڵام بزووتنەوەکە سەری نەگرت و لەساڵی (١٢٩ك/٧٤٦ز)دا تێکشکاو سەرکەوتن یاوەری نەبوو(١١٦).

لەم گێڕانەوانەدا و ژمارەیەکی زۆر دەقی مێژووییدا، کە (الطبري) ئاماژەی بۆ کردوون، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین،کە کوردەکان لە زۆربەی ئەو بزووتنەوانەدا بەشداریان کردووە،کە لەدژی دەوڵەتی ئومەویدا بەرپا کراون، چونکە ئەم بزووتنەوانە بۆ چالاکی نەیارەکەیاندا، کوردستان دەکەنە مەڵبەندو لەبواری سەربازیی و سیاسیدا بەکار دەهێنن، سەرباری بێزاری کورد و مەوالییەکان بەگشتیی لەسیاسەتی ئومەوییەکان و ڕەگەزپەرستییان لەسەر حیسابی ئەو گەل و نەتەوانەی هاتوونە ناو ئیسلامەوە.

باسی چوارەم

کوردو بانگەوازی عەبباسی:

هەرێمی خوراسان و دەڤەرەکانی خۆرهەڵات، کە سەربە خەلافەتی ئومەوی بوون، لەسەرەتاکانی سەدەی دووەمی کۆچی- هەشتی زاینیدا، چەندان بانگەوازی نهێنییان بەخۆوە بینی، کەمۆرکێکی ئاینی سیاسییان وەرگرتبوو، یەکێ لەوانە بانگەوازی (عەبباسی) بوو، کە چەند ئامانجێکی زۆر و مەبەست و مەرامێکی بێ سنووریان هەبوو، کودەتایەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی گشت گری دەگرتە خۆیەوە، لەوانە ڕووخاندنی دەوڵەتی ئومەوی و دانانی بەنو هاشم لە شوێنیاندا وەکو جێگرەوەیەکی سیاسی (١١٧).

بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە بەرزانە، بانگخوازو کادیرانی، سەرەتا هەڵسان بە بڵاوکردنەوەو بیروڕایە سیاسیی و ئاینیەکانی ئەم بانگەوازییە، هەڵسان لەتەواوی خەلافەتی ئومەویدا، بەتایبەتی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی پایتەختی ئومەوی (دیمشق) (١١٨)، چونکە بەشی زۆری دانیشتوانی (مەوالی) بوون، وەکو (ئیقلیمی جیبال) و ئەهواز (خوزستان) و فارس و سجستان تەبرەستان (١١٩) و شوێنی تر، دیسان پەیمانییان بەوانەدا چارەسەری گونجاو بۆ کێشە کەڵەکە بووەکانیان دەدۆزنەوە، شایانی باسە کوردستانیش وەکو مەوالییەکانی تر، دەکەونە ژێر کاریگەری بانگخوازانی عەبباسیەکان و پڕوپاگەندەکانیان، لەڕووی ناردنی هێزی

سەربازیشەوە لەشکری عەبباسیەکان لە خوراسانەوە بەرەو هەرێمی تەبرەستان و جورجان (گورگان) هێرشیان بردو لەوێوە بەرەو عێراق لەشکر کێشیان کرد(١٢٠).

لەڕاست ناوچەی خۆرئاوای هەرێمی (جیبال) پێشەنگی سوپای عەبباسی لەسەرەتای (١٣١ك/ ٧٤٨ز) دەگاتە ئەوێ، سەرکردەی عەبباسی (قحطبة بن شبیب الطائي) لە (الری) دابەزی و (حسن)ی کوڕی، ڕەوانەی شاری (هەمەدان) کرد، بەمەبەستی ڕاوەدوونانی سوپای تێشکاوی ئومەوییەکان(١٢١).

(حسن) لەدووری چوار فەرسەخ (٢٤ کم) لەشاری (نەهاوەند) ئۆردوی سەربازی داکوتا، باوکیشی بەهێزی سەربازی تر کۆمەکی کرد (١٢٢).

(مالك بن ادهم) کە فەرمانبەری ئومەوییەکان، خۆی بەتەواوی قایم کرد، بەڵام سوپای عەبباسی (مالك)یان ناچار کرد خۆی و شامیەکان بەدەستەوە بدات و داوای ئەمان بکات، ئەوانیش ئەمانیان دایەو شمشێری خستە سەرگەردنی خوراسانییەکانو کەمێك نەبێ دەرنەچوو (١٢٣)، پاشان سوپای عەبباسی توانییان (حلوان) و (قرماسین) یان کرماشان و خانەقین (١٢٤) و گوندەکانی دەوروبەری بگرن(١٢٥)، بەڵام خێرایی هاتنەپێشی سوپای عەبباسی بەشارەکانی خۆرئاوای هەرێمی (الجبال)دا دەکرێ بەوە مانابکرێ کە دانیشتوانیان مەیلیان بۆ بانگەوازی عەبباسی هەبووە، کە ئاسانکارییان بۆ ئەوان کردووە و یارمەتییان داون.

لەشکری عەبباسی بەرەو (شارەزوور) ملی ڕێگای گرت و لەتێشکاندنی سوپای ئومەوی‌دا سەرکەوت، سەرکردەی ئومەوییان بەناوی (عثمان بن سفیان) و زۆربەی یارانیەوە کوشت (١٢٦).

بەڵام (الطبري) لەگێڕانەوەی تردا باس دەکات (عثمان) ناکوژرێ، بەڵکو بەرەو لای (مروان بن محمد) (١٢٧) ڕادەکات.

لێرەدا دەردەکەوێ کورد چەندە ڕۆڵی گێڕانەوەو بەشداری کردووە لە لەشکری عەبباسیدا، (ابو الفداء) ئاماژە بە دەوری کورد دەکات لە (شارەزوور) (١٢٨)دا، پاشان زۆری پێ نەچوو سوپای عەبباسی لەشارەزورەوە ڕووی کردە زێی گەورە، (الازدی) باس دەکات زۆربەی سوپای عەبباسی لەجەنگی (زێ)دا، کوردەکان و شارەزوریەکان بوون (١٢٩).

بەشداری کوردی شارەزورو کەسانی تر لەسوپای عەبباسیو خزانی کورد بۆ لایەنی دووەم، بەمەبەستی ململانێکردنی ئومەوییەکان دەمێنێتەوە، هەرچەندە دایکی (مەڕوان) کوڕی (محمد) لەڕەچەڵەکدا کورد بووە (١٣٠).

ڕاستە ئەوپەنا بۆ خاڵۆکانی دەبات، نابێ لەیادمان بچێ (مەڕوان) فەرمانبەری (هشام بن عبدالملك)ی دەسەڵاتدار ئەو حوکمی خەلافەت دەست بخات (١٣١).

زانراوە کە زۆربەی جەنگاوەرانی ئەو لەجەنگی زێ (الزاب)دا خەڵکی جەزیرەو شام بوو (١٣٢).

ڕۆڵی کەسایەتییە کوردییەکان لە دامودەزگای سەربازیی و ئیداریی دەوڵەتی عەبباسیدا:

کەسایەتییە کوردییەکان، کە (الطبري) لەمێژووی (الرسل والملوك)دا باسی کردوون ئەوانەن:

١-(حرب) کوڕی (عبدالله)ی ڕاوەندی:

(الحرب) بووە پاسەوان و فیدائی (بەغداد) دوای (نەینەوا)، ئەمەش لەکاتێ دابوو (ابی العباس)ی خوێن ڕێژ خەلیفە بوو، (ابو جعفر المنصور) والی بوو بەسەر نەینەوادا و دوایی بووە خەلیفەی عەبباسی، (الحرب) لەپایەی خۆی دانەبەزییە خوارەوە (١٣٣).

(ابو جعفر) ڕۆڵێكی تری دایه دەست (الحرب)ەوە، ئەویش جەنگی خەواریجـەكان بوو، كه خەریكی سەربزێوی و جوڵەبوون لەدەوروبەری نەینەواو جەزیرەدا، نزیكـەی (٢٠٠٠) جەنگاوەری لەبەردەستدابوو (١٣٤).

كاتێ شۆڕشی سەید (محمد) ناسراو به (نفس الزكیـه) (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) لەمەدینەدادەستی پێكرد،براكـەی سـەید (ابـراهیم) (ڕەزای خـوای لـێ بێـت) لـه بەسرەدا (١٤٥ك/٧٦٢ز) كەلەبنەماڵەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسـلم خەلیفـه مەنسور فەرمانی دەركرد به (حرب بن عبدالله الراوندی) بەرەو ڕوویـان بـڕوات تـا هەردوو شۆڕشەكه دامركێنێتەوە، لەیەك كاتدا، بەڵام نەیتوانی سەربكەوێ چـونكه خەڵكی گوندی (باحشما) ڕێگایان پێگرت و بواریان نەدا بڕوات، چونكه خەڵكه كه زۆر ڕقیان له خەلیفه مەنسوڕ بوو (١٣٥).

(الطبري) باسـی (حـرب بـن عبـدالله) دەكـات، كـاتێ لـه (١٤٧ك/ ٧٦٤ز)دا لەلایەن (استرخان الخوارزمی) ئەرمینیا تووشی سامانی موسڵمانان و دیـل گـرتنی ژن و منداڵی (اهل الذمة) دەبن، هەڵدەستن دەچنه شاری (تفلیس)ەوە(١٣٦)، كـاتێ هەواڵ دەگاته خەلیفه مەنسوڕ، سەرلەشـكر (جبریـل بـن یحیـی) ڕەوانـه دەكـات، فەرمان دەكات بنێرن (حرب بن عبدالله) لەگەڵیدا بڕوات، ئـەوانیش شـان بەشـانی یەكتری چوونه (تفلیس)، بەڵام (استرخان) جەنگەكی خەستی بەرپاكرد، (الحرب)یش لەشەڕەكەدا كوژراو (جبریل) شكست خواردبوو (١٣٧).

لێرەدا دەردەكەوێ كورد ڕۆڵی تایبـەتی یـان هـەبوو، لـه پاراسـتنی ئاسایشـی دەوڵەتی ئیسلامی داو پاراسـتنی بەرژەوەنـدی خەلافـەتی عەبباسـیدا، هـەروەها بەشـداری كردنییـان لەبەرنگاربوونـەوەی زۆربـەی ئـەو پەلامارانـەی خەلافـەتی عەبباسـی تووشـیان هـاتووە، لـەناوەوەدا وەكـو لەگـەڵ خەواریجـەكان و سـوێند

خوارەکانیان، یان لەدەرەوەی ولاّتی خەلافەتدا لەلایەن رۆم و ئەرمەن و کەرەج و ڕوس و خزردا.

ب-(محمد بن الحسن بن جليويه الكردى):١٣٨)

کۆمەکی (عوکبرا)(١٣٩) لەساڵی (٢٥١ك/ ٨٦٥ز)دا بەدەست (علی الرزان)ەوە بوو، پیاوێکی (المغاربە) بوو بڕە ماڵەکەی کەوتە بەردەستی و لەسەردەمی خەلیفە (المستعين)دا (٢٤٥-٢٥٢ك/ ٨٥٩-٨٦٦ز) سامانەکەی بۆ ڕەوانە نەکرد، لەلایەن (المعتز)ەوە هاندرا(١٤٠)، کاتێ (محمد) سەربە (المستعين) بوو لەبەرەی ئەودابوو، بۆیە بەرەو (علی الرزان المغربی) چوو، داوای لێکرد ئەو سامانەی کۆی کردۆتەوە ڕەوانەی بکات، بەلاّم یاخی بوو لە تەسلیم کردنی سامانەکە بەنوێنەری خەلیفەو بڕواپێکراوەکەی و ئامادەی شەڕکردن بوو، پاشان شەڕی لەگەڵدا کردو بەدیلی گرت و بردییە لای (محمد بن عبدالله)و، ئەو سامانەشی برد، کەدەگەیشتە(١٢) هەزار دینارو (٣٠) هەزار درهەم لەلایەن، (محمد بن عبدالله) بە(١٠) هەزار درهەم خەلاّت کرا (١٤١).

ج-(احمد بن الليث الكردى):

(الطبري) لە ڕووداوی (٢٥٦ك/ ٨٩٦ز)دا باس دەکات، کە لەماوەی خەلافەتی (المعتمد علی الله)دا سەرکردەیەکی کوردی بەناوی (احمد بن الليث الكردي) سەرهەڵدەدات، خەڵکی فارس دەبێ، بە سوپا کوردییەکەی دەورێکی بالاّ دەبینێ لەبەرەنگاربوونەوەی (الصفارين)دا (١٤٢) لە هەرێمی فارس و کرماندا (١٤٣).

لەکاتێدا (يعقوب بن ليث الصفار) ویستی دەسەلاّتی خۆی بسەپێنێ بەسەر کرمان و فارسدا (١٤٤).

كاتێ خەلیفە (حارث بن سیما الشرابي) كردە فەرمانبەر بەسەر فارسدا (٢٥٦ك/ ٨٩٦ز)دا، (احمد بن الليث) و (محمد بن واصل) رێككەوتن شەڕ لەگەڵ والی تازەدا بكەن، توانییان (الحارث) ڕاوبنێن و پاشان بیكوژن و ناوچەی فارس ژێر دەستە بكەن(١٤٥).

دەسەڵاتی (محمد) و (احمد) بەسەر هەرێمەكەدا تا ساڵی (٢٥٨ك/ ٨٧١ز) دەوامی كرد، لەم ماوەیەدا (موسا بن مهران الكردی) كۆمەكی كردن، كەخاوەنی یەكێ لە یەكە ئیدارییە نیمچە سەربەخۆكان بوو، كەبە (الزم) ناسراوە لەفارسدا، هەمان ساڵ (محمد بن واصل) ملكەچی بۆ دەوڵەتی عەبباسی ڕاگەیاندو داهاتوو سەرانەو باجی وڵاتی فارسی تەسلیم بە (محمد بن الحسين الفياض)(١٤٧) كرد، هەرچی (موسى بن مهران)ی كوردی بوو تا ساڵی (٢٦١ك/ ٨٧٤ز) لەسەر دەسەڵات مایەوە، تا (يعقوب بن الصفار) لەگەڵیدا دەكەوێتە شەڕ، چونكە یارمەتی (ابن واصل) داوەو تێكی دەشكێنێت (١٤٨).

سەرچاوە مێژووییەكان باس لە كەسایەتی یەكی تری كوردی دەكەن بەناوی (علی بن داود رهزاد الكردی) (١٤٩)، (الطبري) بەتەواوی ئاماژە بە ناوەكەی ناكات و تەنیا (علی بن داود) ناوی دەبات، ئەمەش دەبێتە لەكەو ڕەخنەیەك بۆ (الطبري) كە ناوی سەرلەشكرو سەركردە كوردییەكان بە تەواوی باس ناكات و نازناوی كوردییەتی، یان وەكو مێژوونووسەكانی تر دەقرتێنێت.

وادیارە ئەم (علی)یە قسە لەگەڵ (اسحاق بن كنداج)دا دەكات بەسەر خەڵكی نەینەوادا لەساڵی (٢٢٦ك/ ٨٧٩ز)دا لەوكاتەدا ناكۆكی كەوتە نێوان (اسحاق بن كنداج) و (احمد بن موسی بن بغاء) لەناوچەی (الربيعه)، (اسحاق) زۆر لە (احمد) توڕەبوو، وازی لە سوپاكە هێناو خۆی و دەستەكەی ڕوویان لە (بلد) كرد، دیارە پەیوەندی نێوان (اسحاق) و (علی بن داود) چووە قۆناغێكی خراپەوە، كە لەتوانا

بەدەردەبێ (١٥١)، لەبەرئەوە (علی) هەڵیکوتایە سەر کوردەکانی (اليعقوبيه) و تێکی شکاندن و تالانی کردن، بەمەش بەهێزتر بوو، (علی)بەرەو (نيسابور) (١٥٣) ڕای کرد، (حمدان بن حمدون)ی لەگەڵدابوو، بەڵام (اسحاق بن ايبو) داوای پەنابەری لە (عيسى بن الشيخ) کرد، گەورەی (ئامێدی) بوو، لە گروپ و پارانی (علی بن داود) بوو (١٥٤).

بەڵام لەڕاست بوونی کورد لەڕیزەکانی سوپای یاسایی دەوڵەتی عەبباسیدا زانیاری زۆر لە ئارادا نییە، جگە لە دوو دەق نەبێ، یەکەم: بوونی سوپای (بدر الغلام) لای خەلیفە (المعتضد) (٢٧٩-٢٨٩ك/ ٨٩٢-٩٠١ز) (الطبري) ئاماژە بە هەبوونی سوپایەکی زۆری کوردو خەڵکی (الجبل)دا دەکات، لەگەڵ (بدر)دا لەکاتی مەیداندارکردنیدا لەگەڵ خەلیفە (المكتفی)دا (٢٨٩-٢٩٥ك/ ٩٠١-٩٠٧ز) و وەزیر (قاسم بن عبيدالله)(١٥٥)دا.

دەقی دووەم (ابن ابی الحديد) باس دەکات، کاتێ (الموفق) برای خەلیفە (المعتمد) (٢٥٦-٢٧٩ك/ ٨٦٩-٨٩٢ز) گەمارۆی شاری (المختاره) دەدات لەساڵی (٢٦٧ك/ ٨٨٠ز)دا، لەسوپای مەولاکەیدا (ڕاشد بن غلمان) هەبووە لەکوردەکان(١٥٦).

هەرچی (الطبري)یە پشتگیری لەمە ناکات، کە باسی ئەوە دەکات (غلمان بن راشد) لە ڕەگەزی (تورك) و خەزەر(١٥٧) و ڕۆم و دیالمە(١٥٨)و مەغاریبە(٢٥٩)و زنج(١٦٠)و تەبەرییە بووە!

ئەو بزووتنەوانەی کورد لەدژی خەلافەتی عەبباسیدا، بەشداریی بەرهەڵستی یەکانی کردووە:

أ-کوردو خەواریج: پەیوەندی کوردو خەواریج و وڵاتی ئەوان بۆ سەرەتای سەرهەڵدانییان دەگەڕێتەوە، کاتێ خەواریجەکان سوپای پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو

تالێب (سەلامی خوای لێبێ) بەجێ دێڵن لـە ڕووداوی (صـیفین) دا (١٦١) لەسـاڵی (٣٧ك/ ٦٥٨ز)دا سەرلەشكری ئەوان بەناوی (عبدالله بن وهب الراسبی) وتووێژیان لەگەڵدا دەكات: ئێمە لەو وڵاتە ستەمكارە دەربچـوێنن بـەرەو هەنـدێ كورەكـانی (الجبال)، یان هەنـدێ لەوشـارانە، ئـەو بیدعــە گومڕایــە نكـوڵی لێبكـەن، ئـەوان چیاكانیان بەپەناگەو قەڵایەكی بێ ترس داناوە بـۆ پاراسـتنییان لەهێرشـی سـوپای ئومەوییەكانـدا (١٦٢)، خەواریجـەكان ناوچـەی (شـەهرەزور) و (جـەزیرە) دەكەنـە مەڵبەندی جوڵەو سەربزێوییەكانیان، لەمەڕ ئـەوە كـورد لـەو ناوچـانەدا بەشـداری بزووتنەوەی خەواریجەكانیان كردووە، لەوانە:

١-بزووتنەوەی (الولید بن طریف الشاري) (١٧٨-١٧٩ك/ ٧٩٤-٧٩٥ز):

(الطبري) ئاماژە دەكات كـە (الولیـد بـن طریـف الشـاری) لەسـاڵی (١٧٨ك/ ٧٩٤ز) بەجەزیرەوە دەردەچێ و سەرلەشكرییان دەكات لە (نصیبین)داو (ابراهیم بن خازم بن خزیمە) لەناو دەبـات، دوایـی بـەرەو (ارمینیـا) (١٦٣) كەوتـە ڕێ، لـەناو ڕووداوی (١٧٩ك/ ٧٩٥ز)دا ئاماژە بۆ گەڕانەوەی (طریف) دەكات بەرەو (الجزیـرە) و بـەهێزبوونی تواناكـانی و زۆربـوونی پـەیڕەوانی، ئەمـەش بەڵگەیەكـە لەسـەر بەشداری دەڤەرەكە لەبزووتنەوەكەدا، چونكە زۆربەی دانیشـتوانەكەی كـورد بـوون، لەبەرئەوە (خەلیفە هارون ڕەشید (١٧٠-١٩٣ك/ ٧٨٦-٨٠٨ز)دا (یزید بـن مزیـد الشیبانی) دەنێرێتە سەریان و دەسـتە و دائیرەكـەی لـەناو دەبـات و پەرتـەوازەیان دەكات (١٦٤).

٢-بزوتنەوەی (جراشة بن شيبان الازردی):(١٦٥)

(الطبري) زانیاری تەواو لەبارەی ئەم بزووتنەوەیە نابەخشێ، تەنیا لەناو ڕووداوەکانی (١٨٠ك/ ٧٩٦ز)دا ئاماژەیان بۆ دەکات کە (جراشة الشيباني کمشری) حوکمی تێدا دەکات لە جەزیرەداو (مسلم بن بکار) دەیکوژێت (١٦٦).

لێرەدا دەردەکەوێ جەزیرە دەبێتە مەیدانی چالاکییەکانی (جراشە) و بەشداری کردنی لەناو ناوەندەدا.

٣-بزوتنەوەی (ابی عخمورد الشاری) (١٨٤ك/ ٨٠٠ز):

دیسان دەبینین (الطبري) لەراست ئەم بزوتنەوەیە قسەی نەکرووەو زانیاری تەواوی نەبەخشیوە، تەنیا لەناو ڕووداوەکانی (١٨٤ك/ ٨٠٠ز)دا باسی کردووە و دەڵێ: (ابو عمر الشاری) هەڵگەڕایەوە و سەری هەڵدا، (زهير القصاب) بەرەو ڕووی بۆوەو لەشارەزوور(١٦٧)دا کوشتی، ئەم سێ بزوتنەوەیە لێرەو لەوێ لەیەکترەوە پاڵپشتی یەکتریی بوون و درێژەیان بەیەکتریی داوە.

٤-بزوتنەوەی (عبدالسلام) لە (ئامێد): (١٨٧ك/ ٨٠٢ز):

دەبینرێ (الطبري) تەنیا باسی ئەم بزوتنەوەیەی کردووە و (ابن الاثير) لەوی وەرگرتووە، پێدەچێ ئەم بزوتنەوەیە خێرا دەرکەوتبێ و تەمەنی کورت بوبێ و ئەندامانی کەم بوبن، (الطبري) دەڵێ: (عبدالسلام) دەرچوو لە (ئامێد) لەساڵی (١٨٧ك/ ٨٠٢ز)دا و حوکمی تێدا گێڕا،دوایی (يحيى بن سعيد العقيلي) دەیکوژێت (١٦٨).

٥-بزوتنەوەی (ابي العمود الثعلبي) لە (٢٤٨ك/ ٨٦٢ز)دا:

بەپێی گێڕانەوەی (الطبري) (ابا العمود) لە سولتەی عەبباسی یاخی دەبێ (٢٤٨ك/ ٨٦٢ز) بۆیە خەلیفە (ئەنوجوی توركی) دەنێرێتە سەر، بەپلان و فیلەكانی زەفەری پێ دەبات و لە (كفرتوثا)دا دەیكوژێت. (١٦٩)

ناوی ئەم دێیە پێ دەچێ لەكوردستان بوبێ، كە دێیەكی گەورە بووەو لەگەڵ چالاكییەكانی جەزیرەدا باسكراوە و لەنێوان (دارا) و (رأس العين) دابووە (١٧٠).

لێرەدا زۆر ڕای جیاواز لەسەر بنەچەی (مساور) گوتراوە، هەرچی (الیعقوبي)یە دەڵێ: (بني شيبان)ییە (١٧١)، بەڵام (ابن الاثير) بە (مساور البجلی) ناوی دەبات، (الطبري) بەگەورە پیاوێكی (البوازيج)ی دەیناسێنێ (١٧٣) بەڵام لێكۆڵەرێكی كوردی نوێ بەكوردێكی ڕەسەن ناوی دەبات (١٧٤).

(ابن خلكان) جەخت دەكاتەوە، (مساور) لە (بنو شيبان)ی عەرەبییە (١٧٥).

(مساور) هەر ڕەگەزنامەیەكی هەڵگرتبێ، سەرلەشكری بزووتنەوەیەكی خەواریجی فراوان و تەمەن درێژی كردووەو، هەڕەشەی گەورە بۆسەر دەسەڵاتی عەبباسی پەیدا دەكات و زیانێكی زەبەلاح لەهێزەكانی عەبباسی دەدات (١٧٦)، زۆربەی پەیڕەوانی كورد بووە، ئەم هێزە ناوچە كوردنشینەكان دەكەنە چەقی دەرچوون و حەوانەوەیان (١٧٧).

سەیر نییە كاتێ گوتمان ڕووداوەكانی (مساور) زۆرو زەبەندو درێژخایەن بووە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بكەین ڕۆڵی كوردە لەناویدا، (الطبري) لەناو ڕووداوەكانی (٢٦٠ك/ ٨٧٣ز)دا باسی دەكات.

یەكێ لەپیاوە كوردەكانی (مساور) دەتوانێ لەكاتی چوونیدا بەرەو سامەڕا، (محمد بن هارون بن المعمر) بكوژێ، كەللەسەرەكەی بۆ (مساور) بباتەوە، (حمدون) سەربەهۆزی (ربیعە)بوو، داوای خوێنەكەی كرد، خەلیفەی عەبباسی (مسرور

البلخی) بەبەشداری فەرماندەی سەربازی تر ناردەسەر (مساور الشاری) و، ڕێگاو بانەکانی لێگرتن، لەگۆشەیەکدا گەمارۆیدان، تا بەتەواوی کاری خۆی تەواو دەکات (١٧٩)، (الطبري) زانیاری تر نادات، تەنیا لە ڕووداوەکانی ساڵی (٢٦٣ک/ ٨٧٦ز)دا ئاماژە بەم ڕووداوەو مردنی (مساور الشاری) دەکات (١٨٠).

٧-بزوتنەوەی (هارون بن عبدالله الشاری):

ئەم بزووتنەوەیە درێژە پێدەری (مساور الشاری)یە، بەڵام (الطبري) زانیاری تەواومان پێنادات لەراست ئەم بزوتنەوەیەداو تەنیا لەناو ڕووداوەکانی (٢٧٢ک/ ٨٨٥ز)دا ئاماژەی پێ دەکات، کە (هارون الشاری) یارمەتی (حمدان بن حمدون) دەدات بۆچوونە ناو نەینەوا (موسڵ)ەوە، هەواڵ بە خەلیفەی بەغدا نەگەیشت تا هەردووکیان لە (هارون) و (حمدان) بوونە دەسەڵاتداری تەواو بەسەرشاری نەینەوادا (١٨١).

جارەکی تر (الطبري) ئەم ڕووداوە لەناو ڕووداوەکانی ساڵی (٢٨١ک/ ٨٩٤ز)دا باس دەکات، لەسەردەمی خەلیفە (المعتضد) (٢٧٩-٢٨٩ک/ ٨٩٢-٩٠١ز)دا، ئەم هەواڵەی نێوان کوردەکان و عەرەبەکان کە پەیمانییان بەستووە، دڵی خەلیفە نارەحەت دەکات، بۆیە بڕیار دەدات بەرەو نەینەوا دەربچێ، داوا لە (حمدان بن حمدون) بکات ئەم هاوپەیمانییە گومانــاوی و هەتیوە لەکرداردا هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام کاتێ پەیڕەوانی (هارون) و (حمدان) لەکوردەکان و عەرەبەکان ئەم دەنگەیان بیستەوە، بڕیاریاندا هێزەکانیان ئامادەو یەك بخەن و سوێند بخۆن لەسەریەك خوێن بجەنگن، بەڵام سوپای خەلیفە لە ڕێگادا بەرەو نەینەوا لە (کرخ جدان) زیانەکی زۆر بە ڕیزەکانیان خست و ژمارەیەکی لێکوشتن و، هەندێ لە سوپاکەی لەزێدا(١٨٢) خنکاندن، دوای کۆمەڵێ سەرکەوتن خەلیفە بەسەر سوپاکەدا، نامەی (کرخ جدان)

گەیشت، کەچی خزمەتکارو کاسەلێسەکی خەلیفە بەناوی (الحرمی الخادم) ئاماژەی سەرکەوتن دەداتە خەلیفـە، بۆیـە خەلیفـە بڕیاریـدا کاروانەکـە دەنـگ بـدات بـۆ تەواوکردنی کاروانەکەی و بەرەو قەلاّی (ماردین) بڕۆن (١٨٣)، دوای ئەوەی نەینەوا دەبڕێ، کە بەدەست (حمـدان)ەوە دەبـێ و ڕادەکـات و کوڕەکـەی لەشـوێنی خۆیـدا دادەنێ، خەلیفە هـیچ بەرهەڵسـتییەك لـەهێزەکانی قەلاّکـەوە نـابینێ، بۆیـە زۆر بەئاسانی دەستی بەسەردا دەگرێ، سامان و تفـاق و کەرەسـتەکان دەگـرێ، پاشـان فەرمان بەڕووخاندنی دەکات، دواجار زەفەر بە (حمدان) دەبات و زینـدانی دەکـات، بەمەش کاروانەکە نەگیرسایەوە، بەڵکو سەری نایە دوو، یەکێ لـەپیاوانی (حمـدان) بەناوی (شداد) کە سوپایەکی زۆری لەگەڵدا بوو، پێکدادانێکی زۆر لەنێوان سـوپای ئەو و خەلیفەدا روویدا، بەلاّم خەلیفـە تـوانی سـوپای شـەداد بشـکێنێ و قەلاّکـە بڕوخێنێ، کە ئاسایشی ناوچەکەو خەلافەتی خستبووە مەترسییەوە (١٨٤).

لێرەدا بەپێی ئەم دەنگ و دۆیانەی کە بۆمان ئاشکرا دەبێ، ئەم بزووتنەوەیـەش لەناوچە کوردنشینەکاندا سەرهەڵدەدات و کـورد ڕۆڵـی بەرچـاوی تێـدا دەبـینێ و ژمارەیەکی زۆری کورد بەشداری تێدا دەکات، دیسان دەبیـنین ئـەم هاوپەیمانییـەی نێوان کوردو عـەرەب بۆ لابردنی ئەم ستەم و چەوسانەویە بووە، کە لەلایەن خەلیفەو والیەکانیەوە تووشیان هاتووە.

٨-بزووتنەوەی (بابکی خزمی/ ٢٠١-٢٢٣ك/ ٨١٦-٨٣٧ز):

بزووتنەوەی بابـك گـەورەترین کاردانـەوەی مەوالیـەکان بـوو لـەدژی حـوکمی عەرەبی ئیسلامی عەبباسیدا،

(الطبري) ئاماژە، بەچەند ڕووداوێکی بزووتنەوەی (الخزمیە - المحمـرە) دەکـات، لـــەنێوان ســـالاّنی (٦٦٢ك/ ٧٧٨ز) و (١٨٠ك/ ٧٩٦ز)دا، لــــە (الجرجـــان - گورگـــان)دا،و لەســـالّی (١٩٢ك/ ٨٠٧ز)دا لەهـــەرێمی ئازەربێجـــان دا بـــەر لـــە

دەرکەوتنی (بابك الخرمـی)دا، بـەڵام تەمـەنی کـورت بـوو لەگـەڵ سـەرهەڵدانیدا سەرکوت کرا (١٨٦).

بـەڵام بزووتنەوەیـەکی تایبەتـە بـە (بابـك الخرمی)یـەوە، (الطـبري) لـەناو ڕووداوەکانی ساڵی (٢٠١ك/ ٨١٦ز)دا باسی دەکات، تا (بابك) لە (جاویدانیە) وە دەست دەکاتە جوڵان، ئەوانە یارانی (جاویدان بن سهل) دەبـن، سـەرداری (البـذ) و بانگەشە دەکـات، کـە گیـانی (جاویـدان) چـۆتە لەشـیەوە، بۆیـە دەسـتی کـردە خراپەکاری و تێکدان (١٨٧).

(الطبري) ئاماژە دەکات ساڵی (٢٠٤ك/ ٨١٩ز) خەلیفە (مەئمون)ی عەبباسـی (١٩٨ك-٢١٨ك/ ٨١٣-٨٣٣ز) لەژێر سەرلەشـکری (يحيـی بـن معـاذ) لەشـکرێ ڕەوانە دەکات، بەمەبەستی شەڕکردن لەگـەڵ (بابـك)دا، کـەس نـەیتوانی زەفـەری پێببات (١٨٨).

(الطـبري) قسـەکانی لەڕاسـت ئـەم بزووتنەوەیـە درێـژە پـێ دەدات لـەناو ڕووداوەکانی (٢٠٩ك/ ٨٢٤ز)دا باسی دەکات، کە (المـأمون) سـوپایەکی زەبـەلاح ئامادە دەکات، بەسەرلەشکری (صدقة بن علي بن زريق) کە دەیکاتە والی بەسـەر (ئەرمینیا) و (ئازەربێجان) بۆ شەڕکردن لەگەڵ (بابك)دا (١٨٩).

(مـأمون) ئامادەکـاری ئاسایشـی دژی (بابـك) سـازنەدات، بـەڵکو لەسـاڵی (٢١٢ك/ ٨٢٧ز)دا (محمد بن حميدا الطوسي) ڕەوانە دەکاتە سـەر بـۆ شـەڕ لەگـەڵ کردن و بەرەنگاربوونەوەی و لەناوبردنی، توانی لەسەر ئەو ڕێگایەی بۆ نەینەوا درێژ بۆتەوە خۆی دابکوتێت، کاتێ (محمد بن حميد الطوسي) لەگەڵ (بابـك)دا بـەرەو ڕوو دەبێتەوە لـە (بهشتادیسـر)دا دەکـوژرێ، ژمارەیـەکی چـاکیش خـەڵکی لەگەڵـدا دەکوژرێن.

مەئمون ساڵی ٢١٤ك/ ٨٢٩ز)دا (عبدالله بن طاهر) ئاگادار دەکاتەوە، کەبۆ (الدینور) دەرچووە، سەرپشکی دەکات لەهەڵبژاردنی نێوان ویلایەتی (خوراسان) و (الجبال) و (ئەرمینیا) و (ئازەربێجان) و شەڕی (بابك)دا، ئەو خوراسان و جەنگی خەواریجەکان هەڵدەبژێرێ بەسەر شەڕکردن لەگەڵ (بابك الخرمی)دا (١٩١).

دەتوانرێ بگوترێ سەرجەم هەوڵەکانی مەئمون شکست خواردو دەبن، بزووتنەوەی (بابك) وردەوردە گەشە دەکات، بۆیە کاتێ کەوتە سەرەمەرگەوە (المعتصم)ی برای لەڕاست مەترسییەکانی (الخرمیە) بۆسەر دەوڵەتی عەبباسی ئاگادار کردەوە، بۆیە پێویستە تا کارەکان گەورە نەبوون و لەدەست دەرنەچوون و نەگەیشتۆتە وڵاتانی تر بە دەست و بردی لەناو ببرێت، وەك دەڵێ: (خەرمییەکان داگیر بکە، ئەوانە ئازاو نەبەردن، بەسامان و چەك و سوپای پیادەو سوار ئابلۆقەیان بدە، گەر زۆری پێ چوو، خۆت و یارمەتی دەران و لایەن گرانت بۆ ئەوان ئامادە و دەست بەتاڵ بکە، بیکە بەیەکەم کارو نیازی خۆت، بەمەبەستی پاداشتی خودا)(١٩٢).

هەرکە (مەئمون) مرد لەساڵی (٢١٨ك/ ٨٣٣ز) داو (موعتەصەم) هاتە سەر کورسی خەلافەت، وەك (الطبري) باس دەکات، خەڵکی زۆری (الجبال) لە (هەمەدان) و (اصفهان) و (ماسبذان) و (مهرجان)دا خزانە ناو مەزهەبی (الخزمیە)وە، لە (همدان) کۆبونەوەو خۆیان بۆ سەربازیی ئامادە کرد، (المعتصم) سوپای بۆ گردان، دوا سوپای (المعتصم) بەسەرکردایەتی (اسحاق بن ابراهیم) توانی شکستەکی گەورە بەسەر ئەوان بێنێ، بەپێی گێڕانەوەی (الطبري) قوربانیەکان دەگەنە (٦٠) هەزار کەس، گەر ئەم ڕێژەیە لەگەڵ جەنگەکانی هاوچەرخ بەراورد بکەین گەلێ زۆر بووە، پاشماوەکەش لەمەیدانی جەنگەوە بۆ وڵاتی (ڕۆم) ڕادەکەن) (١٩٣).

دیاره كه خەلیفه (المعتصم) مەسەلەی (الخرمیه) مەترسی گەورەی بۆ پەیدا كردووه، بۆیه ویستی (پایتەختی) له (بغداد) بۆ (سامراء) بگوازێتەوه، تا لێیانەوه نزیك بێ، لەنزیكەوه چاودێری هەڵس و كەوتیان بكات، بەپێی راسپاردەی خەلیفه (المأمون) بەر لەمردنی بڕوات (١٩٤)، بەتایبەتی پاش ئەوەی خەڵكی (الجبال) دەخزێنه ناو ڕیزەكانی بزووتنەوەكەیەوه.

لەبەرئەوه خەلیفه (المعتصم) لەساڵی (٢٢٠ك/ ٨٣٥ز) هەڵسا بە ناردنی (ابا سعید محمد بن یوسف) بەرەو (ئەردەبیل)و دەسەڵاتی پێدا ئەو قەڵایانه دروست بكاتەوه، كه (بابك) لەمیان (زنجان) و (ئەردەبی)دا خاپوورییان دەكات، پیاوانی ئازاو بەتوانا دادەنێ لەسەر ڕێگادا بۆ پاراستنی ڕێگا لەوكەسانەی تفاق و ئامراز بۆ ئەردەبیل دێنن، دەبینرێ (بابك) سریەیەك بۆشەڕكردن لەگەڵ (ابا سعید)دا ڕەوانه دەكات، بەڵام (ابا سعید) خەڵكی ناوچەكه كۆدەكاتەوەو هێرش دەكەنه سەر سریەی (بابك) بەشێك دەكوژن و بەشێك بەدیل دەگرن و بەشێك ڕاوەدوو دەنێن، ئەمه یەكەم تێكشكان دەبێ بەردەستەی بابك دەكەوێت (١٩٥).

(الطبري) لەگێڕانەوەیەكیدا ئاماژه بەبوونی كەسێك دەكات، بەناوی (ابن البعیث) قەڵایەكی قایمی دەبێ بەناوی (شاهی)و قەڵایەكی تری دەبێ بەناوی (تەبرێز)، ئەم كابرایه لەگەڵ (بابك)دا هاوپەیمانی دەبێ، كەپەیمانی پێدابوو لەكاتی ڕۆیشتنی بەوڵاتی ئەودا یارمەتی دەدات.

بابك بەپێی بەڵێننامەی (ابن البعیث) سریەیەكی سەربازی بەسەركردایەتی (عصمة الكردي) ڕەوانه كرد، بەڵام (ابن البعیث) ناپاكی كرد، ترسی له (المعتصم) پاشگەزی كردەوه، چووه پێش كه (عصمه الكردی) بداته دەستەوه، گروپێكی لەدەست و دائیرەی (بابك) كوشت، كاتێ (عصمت) تەسلیم كرا، بەناچاری لەبەردەم خەلیفەدا هەموو نەخشەیەكی لەبارەی وڵاتی (بابك)ەوه باس كرد، دواتر شوێنه

عاسیٚ و قایمه‌كانیان و قه‌ڵاكانیان و سوپایان و هه‌موو زانیاریـه‌كی تـری په‌یوه‌ست به‌ بزووتنه‌وه‌ی (الخرمیه‌) هه‌ڵڕشت، پاشان خه‌لیفه‌ خستییه‌ زیندانـه‌وه‌، تـا رۆژانـی (الواثق) (٢٢٧-٢٣٢ك/ ٨٤١-٨٤٦ز) مایه‌وه‌ (١٩٦).

به‌ڵام له‌ڕاست (بابك الخرمی)دا (المعتصم) سه‌ركرده‌یه‌كی توركی به‌ناوی (افشین) ڕه‌وانـه‌ كـرده‌ سـه‌ر، بـه‌هۆی زۆری له‌شـكر و تـاكتیكی سـه‌ربازی و دوای گـرتنی سه‌ركردایه‌تی یان توانی شكست به‌ له‌شكری (بابـك) بـینیٚ، كه‌له‌شـاری ((البـذ)دا خۆی ده‌نواند (١٩٨).

(بابك) توانی له‌ده‌ستی (ئه‌فشین) خۆی قوتار بكات(١٩٩)، په‌نا بۆ (ئه‌رمینیا) ببات، به‌ڵام (ئه‌فشین) توانی دووباره‌ یه‌خسیری بكاتـه‌وه‌، لـه‌ (سـهل بـن سـنباط) یاریده‌ وه‌ربگرێت، چونكه‌ (بابـك) لای ئـه‌و داڵـده‌ ده‌دریٚ و ده‌شـاردرێته‌وه‌، بـه‌ڵام (سهل) راده‌ستی (ئه‌فشین)ی ده‌كاته‌وه‌، پاشـان ئـه‌ویش له‌گـه‌ڵ (عبـدالله‌)ی بـرای ڕه‌وانه‌ی لای خه‌لیفه‌ (المعتصم)ی كـردن و له‌سـاڵی (٢٢٣ك/ ٨٣٧ز) هـه‌ردووكیان ده‌كوژێت (٢٠٠).

به‌كوشـتنی (بابــك) موعته‌صــه‌م و ده‌وڵـه‌تی عه‌بباسـی خـۆی له‌ده‌سـت ئـه‌م مه‌ترسییه‌ گه‌وره‌یه‌ ڕزگار كرد، چونكه‌ بزووتنه‌وه‌یـه‌كی فـراوان و درێژخایـه‌ن بـوو، ده‌ستیان به‌سه‌ر ناوچه‌یه‌كی زۆردا گرتبوو له‌ناوچه‌كه‌دا به‌هۆی زۆری په‌یڕه‌وانیه‌وه‌.

ب-كوردو شۆڕشی قوله‌كان (الزنج) (٢٥٥-٢٧٠ك/ ٨٦٩-٨٨٣ز):

په‌یوه‌ندی كورد به‌شۆڕشی زنجه‌كانه‌وه‌ بـۆ سـه‌ره‌تای ده‌ركـه‌وتنیان ده‌گه‌ڕێتـه‌وه‌، له‌كاتێدا (محمد عبیدالله‌ بن اذار مرد الكردی) نامه‌ بۆ (علی بن محمد* فه‌رمانده‌ی (زنجه‌كان - قوله‌كان) ده‌نێری و به‌ناوی (به‌هبـوذ) به‌گوندی (رزنـین)دا، كـه‌ سـه‌ربه‌ گوندی (الری) ته‌ماعی ده‌داتیٚ دڵی بداتیٚ له‌دژی (یعقوب بن الصفار) هاوپـه‌یمانی

لەگەڵدا ببەستێ، (محمد) چەند جاران نامەی بۆ دەنێرێ، تێیگەیاند ئەو کوڕی (ئەهواز-خوزستان)ی تەسلیم دەکرێ، (الصفار) تا کاروبارەکانی بۆ هەموار دەبن وەڵامی ناداتەوە، دوایی وەڵامی دەداتەوە کە (علی بن ابان المهبلی) کە یەکێکە لەسەرکردە مەزنەکانی زنج دەکرێتە والی و (محمد بن عبدالله) دەبێتە جێگری ئەو (٢٠١).

(علی بن ابان) براکەی بەناوی (الخلیل بن ابان) بەسوپایەکی گەورەوە ڕەوانە دەکات، بە (ئازاد مەرد)ی کوڕی سوپایەکی تری کۆمەك دەکات و سەرکردایەتی بە (أبی داود الصعلوك) دەسپێرێت، هەموویان بەرەو (سوس-شوش) دەڕۆن تا لەوێدا شەڕ لەگەڵ سوپای عەبباسی بکەن، سەرلەشکری سوپای عەبباسی لەوێ (احمد بن لیثویة) دەبێ، کە (مسرور البخلی) بەسوپایەکی گەورە بۆ ئەوێ دەنێرێت، (خلیل) و (ابو داود) ناتوانن بگەنە سوس ڕێگایان لێدەگرن و شکستەکی خەستیان پێدێنن، (احمد) بەرەو (جندیسابور) (٢٠٣) دەڕواتو بارگەی لەوێ دەکاتەوەو (علی بن ابان) لە (ئەهواز)ەوە دەڕوات و داوای یارمەتی لە (ئازاد مرد الکردي) دەکات، ئەویش کوردو خەڵکی ڕەش و ڕووت کۆدەکاتەوە دەڕۆن تا دەگەنە سەربازگەی (مکرم) (٢٠٤).

(ابن اذار مرد الکردي) دەڕوات تا دەگاتە (علی بن ابان) کەس لەگەڵ خۆیدا نابات، پێکەوە ئاخاوتن دەکەن، پاشان (ابن ازار مرد) بەرەو لەشکرگاکەی دەڕوات، (القاسم بن علی) سەرکردەیەکی کورد بەناوی (حازم الکردی) بەرەو (علی بن ابان) ڕەوانە دەکات، تێیان دەگەیێنێ (ابن ازار مرد) لەگوێڕایەڵی تەواو دایە (٢٠٥).

پاشان زۆر نابا (ابن ازار مرد) لەسەربازگەکەی (رامهر مز)دا ڕوودەکاتە (تستر- تشتر) (ابن ازار مرد الکردی) داوا لە (علی بن ابان) دەکات بۆ سەرکردەی

زنجەکان لەسەر مینبەرەکانی (تستر) وتار بدات، (علی بن ابان) پیاوێکی بەناوی (بهبوذ بن عبدالوهاب) نارد بەمەبەستی ئامادەبوون بۆ وتاری هەینی و هێنانی هەواڵی دروست و دوویات کردنەوەی نیازپاکی (ابن ازار مرد)، بەلاّم ئەو وتاری لەبەرژەوەندی (خەلیفە معتمد) و (الصفار)دا دا، (بهبوذ) هەواڵەکەی بۆ (علی بن ابان) بردەو، لەبەرئەوە لەشکرێکی ئامادەکردو، بەرەو ئەهواز ڕێگای گرتەبەر، سەربازگەی (مکرم)ی لەڕێگادا بەتالاّن برد، کاتێ (احمد بن لیثویة) بەهاتنی زنجەکانی زانی چووە (تستر) و زیانێکی گەورەی بە (ابن ازار مرد) و پەیڕەوانی گەیاند، بەلاّم (ابن ازار مرد) لەدەستیان ڕایکرد و قورتاری بوو، هەرچی (ابو داود الصعلوك) بوو یەخسیری دەستیان بوو، ڕاپێچی دەسەلاّتی عەبباسی کردو ڕەوانەی خەلیفە ((المعتمد)کرا (٢٠٦).

(علی ابن ابان) ئەوکارەی (ابن ازار مرد الکردی) بەسەری هێنا لەیادی نەکرد لەبەرئەوە (علی بن محمد) ڕقی لێداگرت، (ابن ازار الکردی) هەستی بەوە دەکرد، ویستی خۆی دەرباز بکات، بۆیە نامەی بۆ (ابن الخبیث) نووسی، کە فەرماندەی (زنجی ئەنکلای) بوو، باوکی کە سەرۆکی زنجەکان بوو ئاگادار بکاتەوە، تا هەردوولایان یەکتری بگرن و (رامهرز)ی بکاتە دیاری، ئەمەش زیاتر ئاشنای کرد، کە ئەو دەیەوێ زیان لە (ابن داود) بدات، ئەو مەسەلەی،کە دانی سەرانەدەکاتە پاساو بۆئەوە، سەرکردەی زنجەکانیش ڕێگای ئەوەی پێدا (٢٠٧).

(بن ازار مرد) لەلایەن (علی) نامەی بۆ نووسراوەو داوای دارایی لێکرد، ئەویش ڕێگریی کرد، بۆیە (علی) بە لەشکرێکی زۆرەوە چووە سەری و لە (راهرمز) تووشی هات، لەوکاتەدا (ابن ازار مرد) لەوێ دادەنیشتن، ئەوەبوو ڕایکرد، (علی) چووە ناو (رامهرمزە)وە، (ابن ازار مرد) لەشوێنی خۆی لە (اربق) و (بیلم)دا خۆی قایم کرد، (ابن ازار مرد) ناچار بوو نامە بۆ سەرکردەی (زنجەکان)

بنووسێ، مەرجەکانی ئەوانی واژو کرد، (ابن ازار مرد) لەڕێگای (علی بن ابان)ەوە (٢٠٠,٠٠٠) درهەمی بۆ سەرلەشکری زنج (قولەکان) نارد، ئەویش دەستی لەناڕەحەت کردنی هەڵگرت (٢٠٨).

(الطبري) ئاماژە دەکات بۆ گێڕانەوەی تر لەڕاست ڕووداوێکدا کە لەنێوان کوردانی (داربان) و زنجەکاندا دەقەومێت، دەڵێ: هۆی هەڵگیرسانی ئەو ڕووداوە (ابن ئازار مرد) بوو، کە (ازار مرد) نامەیێ بۆ (علی بن ابان) دەنووسێ، داوای ئەوەی لێ دەکات سامانی بۆ ڕەوانە بکات، وەك باسمان کرد، ئەویش دەست لەئازاردانی هەڵدەگرێ، (ابن ازار) داوای کۆمەکی لە (علی بن ابان) دەکات بۆسەر کۆمەڵێ لە کوردانی (داربان) بۆ شەڕکردن لەگەڵیانداو تاڵانکردنیان و دابەش کردنی دەسکەوتەکە لەنێوانیاندا.

(علی) نامە بۆ سەرۆکی زنجەکان دەنێرێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کردارە ڕێگاپیان پێبدات، سەرۆکی زنجەکان ڕێگایدا، بەومەرجەی خۆی نەڕوات و سوپا ڕەوانە نەکات، تا بەڵگەنامە و بارمتەو سوێندیان لەنێواندا نەبێت.

(ابن ازار مرد) لە سەر پەیمان و سوێند خواردنەکە ڕێکەوت و بارمتەی پێدان، (علی بن ابان) سووربوو لەسەر تالان، هانیدا سوپا بنێرێ، ڕۆیشتن تا گەیشتنە جێگای مەبەست، خەڵکی (داربان) چووە پێشیان، جەنگ هەڵگیرسا، سەرەتا شەڕەکە بەقازانجی زنجەکان تەواوبوو، بەڵام یارانی (ابن ازار مرد) بوونە هۆی شکست پێ خواردنیان، چونکە پاڵیان دایە کوردانی شاری (داربان) و توانیان شکستێکی گەورە بەزنجەکان بگەیەنن.

هەموو سوپاکە کەل و پاچ بوو، بەخەستی دۆڕانو، ئەوانەی ڕاشیان کرد بەسەرکەمین و بۆسەدا کەوتن کە، پەیڕەوانی (ابن ازار مرد) بۆی نابوونەوە، (٢٠٩).

بۆیه دەبینین (علی بـن ابـان) نامــەی بـۆ سـەرکردەی زنجـەکان نـارد، هــەواڵی شکست خواردنی زنجەکانی بەدەستی (ابن ازار مـرد)ی کـوردی بـۆ نـارد، ئــەویش نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی بۆ ناردو پێی دەڵێ: (سەرەتا پێم گوتبـوی پـاڵ نەدەیـە لای (محمد ابن عبدالله) تا بەڵگە نامەکەت لەسەر بارمتەبێ، بەڵام فەرمانی منـت پشت گـوێ خسـت و شـوێن هـەواو هەوەسـی خـۆت کـەوتی، ئەمــە بـووە هـۆی لەدەستدانی خۆت و لەشکرەکەت) (٢١٠).

سەرۆکی زنجەکان هەڕەشەی لە (ابن ازار مرد) کرد، کە ئەو لەسزای ئەو تاوانەی دەرحەق بەئەو کردوویەتی دەربازی نابێ، (ابن ازار مرد) ترسا، بۆیە بەلالآنەوە لێی پاڕایەوەو پەیمانی دایە، هەرچی تالآن و مەڕو مالآتی گرتوویانــە ڕادەسـتی ئـەوانی دەکەن، بانگێشەی کرد ئـەو شـەڕی کـوردی (داربـان)ی کـردووە، بـەڵام سـەرۆکی زنجەکان بەقسەکانی ئەو بڕوای نەکرد، بۆیە ناچـار بـوو بـەبڕە پارەیـەك (بهبـوذ)و (محمد) قایل بکات کە ببنە ناوبژیی و ناوەندێك لە نێوانیاندا) (٢١١).

ئەو دوانە توانیان بەسەرکەوتویی ڕۆڵەکە بگێڕن، (سـەرۆکی زنجـەکان) و (علـی ابن ابان)یان ڕازی کرد، دوای ئەوەی هێرشی (رامهرمز) کـرا، لەبەرامبـەر ئەوانـدا لەسەر مینبەری مزگەوتەکاندا وتار بۆئەوان بـدرێ، کەلـەژێر دەسـەلآتی (ابـن ازار مرد) دانە، ئەویش بەهەموو داخوازییەکانی خاوەنی زنجەکان ڕازی دەبـێ، فـەرمان دەکات لەسەر مینبەرەکات دوعا بۆ ئەو بکرێت) (٢١٢).

(الموفق) لـە (٢٦٧ك/ ٨٨٠ز)دا کاربەدەسـتی خـۆی ڕەوانـەی کـورەی ئـەهواز دەکات، تا ڕەواج بدات بەناردنی دارایی بۆئەو، بەمەبەستی زەمینە خۆشـکردن بـۆ پاکژکردنەوەی لەدەستی زنجەکان، (موفق) هەڵسا(احمد بن ابی اصـبع)ی نـاردە لای (ابن ازار مرد)، کە بەزمانی ئەو پێی بڵێ: ئەو لەیارمەتیدانی زنجـەکان چـاوی لــێ پۆشیوە، بەومەرجەی ڕازی بوو) (٢١٣).

ج-(كوردو قەرامطەكان):

ژمارەیەك كوردەكان چوونە ڕیزی (قرامطة)كانەوە، لەوانەش (جعفر بن حميد الكردي) ئەمەش لەنووسراوی (الطبري)دا بۆمان دەردەكەوێ، كەلە دەقی نامەكەی (صاحب الشامه ابن زكرويه) دا (٢١٤) هاتووە بۆ (جعفر بن حميد الكردي) ئەو دەبێتە بانگخوازو سەركردەیەكی (القرمطي) و خاوەن پۆست لەسەرشاری (الحمص)دا، ئەو نووسیویەتی: هەواڵی دوژمنانی خوامان و كافرەكانمان پێ گەیشتووە بەر لە تۆڵەدا، چییان یان لەولاتی تۆدا كردووە، هەرچی ستەم و گەندەڵی و خراپەكارییەكان لە زەویدا ئەنجامداوە، ئەوەمان بەلاوە زۆر گەورەبوو، ویستمان سوپا بنێرینە لای ئەو، تا خودا تۆڵەی ستەمكارانیان لێبكاتەوە)(٢١٥).

پێدەچێ ئەو سەركردەو میرێكی كوردەكان بوو بێ لەناوچەی جەزیرەدا، بەهۆزەكەیەوە پەیوەندی بە بزووتنەوەی (القرامطة)ەوە دەكات، لەنامەكەدا هاتووە: (پێویستەدڵی خۆت و دۆستانی ئێمە، كە لەگەڵ تۆدانە توندو تۆڵ بكەیت) .(٢١٦)

بەڵام لەڕاست ئەو كوردانەی نەیاری (القرامطة)كان بوون، خزمەتی سوپای عەبباسییان كردووە، سەرچاوەكان باس لە كەسایەتییەكی كوردی دەكەن بەناوی (الان بن كشمرد الكردي) كە بەشداری لە شەڕێكدا دەكات لە (٢٩٤ك/ ٩٠٦ز)دا كە لەنێوان دەوڵەتی عەبباسی و قەرامیتەدا ڕوودەدات، (خەلافەت) بۆ ڕاوەدوونانی (زكرويه بن مهرويه)ی دەنێرێ، تا ڕێگایان لێ بگرێ و نەچنە سەر ڕێگای كاروانی حاجیان، كۆمەڵێ سوار لەگەڵ خۆیدا دەبات، بەڵام (زكرويه) دەتوانێ بچێتە سەر ڕێگای حاجیان و قافڵەكە تاڵان بكات، ئەوانیش ئاگاداریان كردەوە لەو كارەساتەی بەدەستی (القرمطة) تووشیان دەبێت، بەڵام (علان) زانی بەو سوپا كەمە ناتوانێ

بەرەنگاری ئەوان بێتەوە، بۆیە گوتی: (پیاوانی سوڵتان بەکوشتن نادەم) لەبەرئەوە (علان) گەڕایەوەو دەستوری دایە یاریدەدەرانی ئەوانیش بگەڕێنەوە) (٢١٧).

(الطبري) ئاماژە ناکات، کە (علان بن کشمرد) سەرکردەیەکی کورد بووە، بەڵام لێرەدا رووداوێکی تر هەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە یەکێ لە خزمەتکارانی (عثمان العنزی) والی ڕێگای(خوراسان) دەکوژێ، پاشان هەندەی پێناچێ زەفەر بەبکوژە کوردەکە دەبات و بەئاسانی لێی دەدات تا دەمرێت) (٢١٨). بەوپێیە (علان) سەرکردەیەکی کورد بووە.

نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ، کە لێرەدا (احمد محمد بن کشمرد)ش هەیە کاربەدەستی خەلیفە (المکتفی ت ٢٨٥ك/ ٢٩٥ك-٨٩٨/ ٩٠٧ز) لەگێڕانەوەیەکی لەناو ڕووداوەکانی (٢٩١ك/ ٩٠٣ز)دا باسی دەکات، لەگەڵ هێرشی توندی (القرامطة) بۆسەر شاری (کوفە)دا، ئەوەی تێبینی دەکرێ خەلیفە (المکتفی) سوپاکەی ڕەوانەی سەر (حسین بن زکرویە) دەکات لەساڵی (٢٩٠ك/ ٩٠٢)دا، بەڵام (زکرویە) دەتوانێ ڕابکات و بڕواتە شاری (الدالیە)وە، بەڵام پیاوێ بەناوی (ابن خبزە) کە جێنشینی (احمد بن محمد کشمرد) دەبێ دەتوانێ ئاشکرایان بکات و دەستگیریان بکات، لەماوەیەکی زۆردا بۆ (احمد بن محمد بن کشمرد)یان ڕەوانە دەکات، (ابن کشمرد) و (ابو حمزە) ڕادەستی (المکتفی)(٢٢٠) دەکەن، کە ئەوکاتە لە (الرقە)(٢٢١دا دانیشتووە.

کەواتە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کورد چەندە ئازاو بوێر بووە، هەر چەندە ڕۆڵی گرنگ و ئەدگاری هەبووە لەبەرەنگار بوونەوەی بزوتنەوەی نەیاران و پاراستنی ئاسایشی خەلافەتی عەبباسیدا، لەگەڵ خۆشەویستی زۆریان بۆ دەوڵەتی ئیسلامی.

پەراوێزەکان:

١-مقدمة تأريخ الامم والملوك، ج١، ك٩
٢-عفت محمد الشرقاوي: ادب التأريخ عند العرب، دار العودة، بيروت، د. ت، ل.٢٦٢
٣-عبدالعزيز الدوري: بحث في نشأة علم التاريخ عند العرب، بيروت، ١٩٦٠ز، ل.٥٥
٤-طه باقر عبدالعزيز حميد: طرق البحث العلمي في التأريخ والاثار، بغداد، ١٩٨٠م، ص٣٩
٥-محسن محمد حسين وعبدالرحمان حسن العزاوي، منهج البحث التأريخي، بغداد، ١٩٩٢م، ص٨٦
٦-هەمان سەرچاوە، ل٨٦
٧-تأريخ الامم والملوك.
٨-السيوطي، تأريخ الخلفاء، ل ٣٧٤-٣٧٩
٩-هەمان سەرچاوە، ل٤١٧-٤٢١
١٠-(عضد الدولة): ابو الشجاع فنا جنسرو) خاوەنی عێراقە، کوڕی (سلطان)ە، پایەی دەوڵەتە، ناوی (حسن بن بويە الديمی)یە، دوای مامی (عماد الدولە) (ت٣٧٢ك، ٩٨٢ز) فارس دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.
(سبط ابن الجوزي، مرات الزمان، ص٢٢١، (ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج٤، ص١٤٣) (ابن خلدون، العبر، ٣٢٠، ل٤٣٢).
١١-تأريخ الامم والملوك، ج١، ص.٢٦
